# "ماڵی چۆڵی خەسرەوئاوا"

## خوێندنەوەیەک بۆ شیننامەکانی مەستورە
## لە ڕێگەی ناسینی کەشی ماتەمینی و
## شیعری ژنانی سەردەمەکەیەوە




دڵشاد هیوا

کتێبی ژنەفتن

٣

# "ماڵی چۆڵی خەسرەوئاوا"

خوێندنەوەیەك بۆ شیننامەکانی مەستورە لە ڕێگەی ناسینی کەشی ماتەمینی و شیعری ژنانی سەردەمەکەیەوە

**دڵشاد هیوا**

# "ماڵی چۆڵی خەسرەوئاوا"

خوێندنەوەیەك بۆ شیننامەكانی مەستورە لە ڕێگەی ناسینی
كەشی ماتەمینی و شیعری ژنانی سەردەمەكەیەوە

**دڵشاد هیوا**

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشانی: ماڵی چۆڵی خەسرەوئاوا
خوێندوەیەك بۆ شیننامەکانی مەستورە
لە ڕێگەی ناسینی کەشی ماتەمینی و شیعری ژنانی سەردەمەکەیەوە.
نووسینی: دڵشاد هیوا
بابەت: لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە : هەولێر، دێسەمبەر ٢٠٢٠
چاپی یەکەم: ئلیکترۆنی
٢٠٤ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئیلکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێپێدراوە.

**مەستورە بۆ خەسرەوخان:**

"فیدای جەوانیی کام نەیاوات بام

فیدای ماڵ چۆڵ خەسرەوئاوات بام"

# پێڕست


پێشەکی ........................ ١٠
ناساندنی تێرمەکانی شینگێڕی لە عەرەبی، فارسی و کوردیدا .. ١٤
تێرمی "مرثیة" لە ڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە ............. ١٧
شیعری شیوەن وترادیسیۆنی شیوەنگێڕی لە ئێران ........... ٢٤
ترادیسیۆنی شیوەنگێڕی لای کورد ............... ٣٣
لاواندنەوە وەك کارێکی ژنانە ............... ٤٤
بەشی یەکەم ........................ ٤٨
شیعری ژنانی قۆناغی یەکەمی قاجار (1795 ـ 1848) ........ ٤٨
ئێرانی ژێر دەسەڵاتی قاجار ............... ٤٩
بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنان لە قۆناغی یەکەمی قاجاردا ....... ٥٢
پەروەردە و خوێندنی ژنان لە قۆناغی یەکەمی قاجاردا ........ ٥٨
قۆناغی ماتەمزەدەگی و برەوی شیوەنگێڕی لە سەردەمی قاجاردا
............................ ٦٤
1. ڕەوزەخوێنی................... ٦٧
2. تەعزییە ...................... ٦٩
3. نوحەخوێنی .................... ٧٣
ژنانی ماتەمگرتوو ...................... ٧٤

شێوازناسی شیعری سەردەمی قاجار ........................ ٧٧
دەورەی بازگەشتی ئەدەبی.................................... ٨٢
ژنانی بازگەشت ............................................ ٩٠
شیعری ژنانی قاجار......................................... ٩٤
شیعری ژنانی دەربار: شیعری ئەشرافی ....................... ٩٨
شیعری شیوەن لای شاعیرانی ژنی قۆناغی یەکەمی قاجار . ١٠٣
بەشی دووەم ............................................. ١٠٧
شیعری شینگێڕی لای مەستورەی کوردستانی ................ ١٠٧
مەستورەی کوردستانی یان "خەنسا"ی کورد ................. ١٠٨
شینگێڕی لە شیعرە فارسییەکانی مەستورەدا ................ ١١٦
لە شینی دایکیدا ........................................... ١١٨
لە شینی براکەیدا .......................................... ١٢٤
شینگێڕی لە شیعرە کوردییەکانی مەستورەدا ................ ١٣٧
شینی خەسرەوخانی ناکام..................................... ١٤٠
دەستپێکی پێچەوانەی نەریت:................................ ١٤٢
دووبارەبوونەوەی وشەی "ڕۆ" وەك ڕەدیف .................. ١٤٦
تیلنیشان.................................................... ١٤٨
هەستی شانازیکردن و سەرنجی مێژوونووسییانە:............ ١٥٠
شینگێڕی پێچەوانەی دین: .................................. ١٥٩

دوابەیت و داخستنی شیننامەکان:............................ ١٦٦
شینگێڕی بۆ سوڵتان خانم خوشکی خوسرەوخان............ ١٦٨
شینگێڕێ بۆ لەسەرکارلادانی ڕەزا قولیخان لە والێتی ئەردەلان
........................................................................ ١٧٧
ئەنجام ........................................................ ١٨١
بیبلیۆگرافی.................................................... ١٨٤

# پێشەکی

شـــیننامەی ژنـانی قۆنـاغی یەکەمی قـاجـار (١٧٩٥-١٨٤٨) یەکێکە لەو بابەتانەی زۆر بە کەمی کاری لەســـەر کراوە. بەپێی زانیارییەکانی ئێمە توێژینەوەیەکی ســـەربەخۆی لەبارەوە نەکراوە و تەنیا لە گۆشـــە و کەناری هەندێ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژووییدا، کە لێرەدا ســـوودمان لێ وەرگرتوون، ئاماژەیان پێ کراوە. هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم ماوە شـــیعرییە بۆ ئێمە گرنگی تایبەتی خۆیی هەیە، دەتوانین لە دوو خاڵی ســـەرەکیدا بیخەینە ڕوو: یەکەم، هەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوە لە شـاعیری ژن لەم دەورەیەدا، کە بە شـێوەیەکی گشـتی لە "تەزکەرە" و "سـەفینە" شـیعرییەکانی ناو دەرباری شـا و خانەدانەکاندا زۆر بە کورتی باسـیان لێ کراوە و نموونەی شـیعرییان هێنراوتەوە، بەڵام لە "مێژووی ئەدەبیات"ەکاندا پشـــتگوێ خراون. دووەمیش ســـەرەتـایـەکـە بۆ لێکۆڵینـەوە لـەو زەمینـە ئـەدەبی، کۆمەڵایەتی و مەزهەبییانەی کە شـــیعری دەورەکانی پاشـــتری ژنان دەخولقێنن و لە ئاکامدا شیعری ژنانی "دەورەی مەشروتە" و پاشتری لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها هۆکارەکانی هەڵبژاردنی بابەتی "شینگێڕی" لە شیعری ژنانی ئەم دەورەیەدا، وەك هەوڵێك دادەنێین بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری کەشی ماتەمینی و مەزهەبییانەی سەردەمی قاجار بە سەر ژنانەوە، بەڵام ئەوەی کە بۆچی بە تایبەتی "مەستورەی کوردستانی"مان هەڵبژاردووە؟ سەرەتا پەیوەندی بەوەوە هەیە چونکە دەتوانین مەستورە وەك پرکارترین ژنی ئەم دەورەیە، لەم بوارەدا دابنێین کە بەرهەمەکانیمان بەدەست گەیشتووە، پاشتریش جیاوازی جۆری شیعرە شینگێڕییەکانیەتی لە شیعری شینگێڕیی ئەم دەورەیەدا. پاڵنەرێکی تریش ئەوە بووە، کە مەستورە بە هەردوو زمانی فارسی و کوردی شیننامەی هەبووە. ئەمەش دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندین تا لەپاڵ کەشی زاڵی شینگێڕیی مەزهەبییانەدا، ئاوڕێك لە شیعری شینگێڕیی نامەزهەبیش بدەینەوە و وەك بەشێك لە شیننامەی نافارسی لە ئەدەبیاتی ئێراندا، لێکۆڵینەوە لە بنەماکانی بکەین.

پرۆبلێماتیکی توێژینەوەکەمان لەو پرسیارەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ئایا شیعرە شینگێڕییەکانی مەستورەی کوردستانی لە شیننامەی ژنانی سەردەمەکەی خۆی جیاوازترە؟ ئەگەر جیاوازە ئایا چ جیاوازییەکی هەیە و دواتریش ئایا هەستی ژنانەی ئەو لەناو ئەم شینگێڕییەدا ڕەنگی داوەتەوە؟ ئێمە لەم توێژینەوەیەدا گریمانەی ئەوە دەکەین کە بگەینە ئەو ئەنجامەی شینگێڕی مەستورەی کوردستانی لە شیننامەی ژنانی سەردەمی خۆی جیاوازتر بێ، چونکە شیعرە شینگێڕییەکانی مەستورە لە شینی کەسە نزیکەکانی خۆیدایە و زیاتر شینێکی خێزانییە تا شینکردنێکی مەزهەبییانە، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ

بەکاربردنی هەست و سۆزێکی ژنانەی زیاتر لە لاواندنەوەی مردوودا، بە تایبەتی لە شینکردنیدا بۆ خوسرەوخانی ناکامی هاوسەری.

ئەم توێژینەوەیە، لە بنەڕەتدا نامەیەکی ماستەریە کە بە ناوی "شیعری شینگێڕی لای شاعیرانی ژنی قۆناغی یەکەمی قاجار (١٧٩٥ـــ١٨٤٨): مەستورەی کوردستانی وەك نموونە"، کە لەژێر سەرپەرشتی مەدام ***ئێڤ فۆییوا***، بە زمانی فرەنسی. بۆ وەرگرتنی پلەی مێتریز "maîtrise"، لە ساڵی ٢٠١٣دا پێشکەشی بەشی لێکۆڵینەوە ئێرانییەکانی زانکۆی سۆربۆنی نوێ (Paris III)کراوە و بە پلەی نایاب وەرگیراوە. هەروەها بە یەکەمین توێژینەوە دادەنرێت، کە تا ئەوکاتە بە زمانی فرەنسی ــ لەبارەی مەستورەوە ئەنجام درابێت. لە توێژینەوەکەدا هەوڵمان داوە بە میتۆدێکی وەسفی ـــ شیکاری، لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبخانەیی و ئارشیڤییەوە زانیارییەکانمان بەدەست بهێنین، پاشان لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەرۆك و شرۆڤەکردنییانەوە هەوڵی گەیشتن بە گریمانەی باسەکە بدەین. هەروەها لە هەندێ شوێندا لە ڕووی ناسینەوەی ڕەگوڕیشە و تایبەتمەندییەکانی شیننامەکانەوە، دەتوانرێ لە دیدێکی بەراوردکاریشەوە لەنێوان شینگێڕیی عەرەبی، فارسی و کوردی یاخود شیننامەی ئیسلامی و نائیسلامییەوە، تەماشای توێژینەوەکە بکرێ.

ئەم لێکۆڵینەوە، جگە لەم پێشەکییە، لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت، کە هەر بەشێك بۆ خۆی بە سەر دوو پاژی سەرەکیدا دابەش بووە. لە پاژی یەکەمی بەشی یەکەمدا، کە زیاتر وەك دەروازەیەکە، هەوڵ دراوە پێناسە و شیکاری چەمکە سەرەکییە پێویستەکانی توێژینەوەکەی تێدا بکرێت. لە پاژی دووەمیشدا، باس

لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی ژنان لە قۆناغی یەکەمی قاجار، شێوازناسی شیعری ئەم دەورەیە، پێگە و تایبەتمەندییەکانی شیعری ژنان و شیننامەی ژنانی ئەم دەورەیە کراوە. لە پاژی یەکەمی بەشی دووەمیشدا سەرنج و تێبینیمان لەبارەی شیعرە شینگێڕییە فارسی و کوردییەکانی مەستورەوە تۆمار کردووە، کە بۆ چوار کەسی خێزانەکەیی هۆنیوەتەوە و هەوڵماندواە بەگوێرەی توانا شرۆڤەیان بکەین. هەرچی پاژی دووەمی بەشی دووەمیشە، بە مەبەستی ئاشنایی زیاتر بەم شاعیرە، تایبەتمان کردووە بە هێنانەوەی چەند نموونەیەکی شینگێڕییەکانی مەستورە. لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەوەمان خستووەتە ڕوو و هەوڵی ساغکردنەوە و پاسادانی گریمانەی باسەکەمان داوە.

خاڵی کۆتاییش، پەیوەندی بە بیبلیۆگرافیای توێژینەوەکەمانەوە هەیە، کە بێگومان بە هۆکاری دەستنەکەوتنی سەرچاوەی تەواو لەم بارەیەوە کێشەمان هەبووە، بە تایبەتی دەستخستنی هەموو دەستنووسەکانی شیعری ژنانی ئەم دەوەرەیە کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەندێکیان یان بە تەواوی لەناوچوون، یان لە هەندێ سەرچاوەی تردا بە کورتی ناویان هاتووە، یاخود هیچ نموونەیەکی شیعرییان تۆمار نەکراوە.

# ناساندنی تێرمەکانی شینگێڕی
# لە عەرەبی، فارسی و کوردیدا

هەستکردن بە ئازاری لەدەستدانی "ئەوانی نزیك" و خەم و ترس لە نەبوونیان، دیاردەیەکی تایبەت نییە بە نەتەوەیەك، گرووپێك یان شوێنێکی دیاریکراو، بەڵکوو هەستێکی مرۆییە و لە ساتێکدا، لە فۆرمی جیاوازدا خۆی دەردەخات. بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە شێوەی دەربڕینی ئەم هەستە لای هەموو مرۆڤەکان وەك یەکە و جیاوازی لە نێواندا نییە.

بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ڕۆژهەڵاتدا، سەرباری ئەوەی کولتوورێکی هاوبەشی لەنێوان گەلە جیاوازەکانی ئیسلامدا هێنایە ئاراوە، لەهەمانکاتدا کولتوور و دابونەریتی ئەم خەڵکانەیشی بە کولتوورێکی عەرەبییانە بارگاوی کرد، کە لە ڕاستیدا ڕیشەی بەشێك لەم کولتوورە بۆ پێش ئیسلام دەگەڕایەوە. بۆ نموونە هیچ بەڵگەیەك لەبەردەست نییە بیسەلمێنێ گەلانی ناعەرەبی ناوچەکە، تا بەرلە دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام، زانیارییەکی زۆریان لەسەر شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبی هەبووبێ یا لانی کەم کەوتبنە ژێر کاریگەرییەوە. بەڵام پاش داگیرکارییەکانی عەرەب، هاوتا لەگەڵ دینی نوێدا، کولتوورێکی نوێیش تێهەڵکێشی دابونەریتی ڕەسەنی ناوچەکە بوو. لەم نێوەندەدا شیعری شیوەن (یان : شینگێڕی؛ لاواندنەوە؛ ماتەمینی؛ مەرسییە) یەکێکە لەو ژانرە شیعرییانەی، کە بە هەموو هێزە عەرەبییەکەی خۆیەوە دێتە نێو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتەوە و مۆرکیترادیسیۆنگەرایی خێڵەکی و دینییانەی خۆی لە شیعری شینگێڕی و ماتەمی دەیان سەدە لە ئەدەبیاتی پاش خۆی دەدات.

هەر لەبەر ئەمەیە، کە لێکۆڵینەوە لە بابەتی شین و لاواندنەوە لە ئەدەبیاتی نەتەوە ناعەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بە بێ ناسینی ڕەگوڕیشە زمانی و زاراوەییەکەی ئەم تێرمە لای عەرەبەکان، کارێکی پڕ کەموکوڕی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی ونبوون و نەناسینەوەی سەرچاوە ڕەسەنەکانی. بۆیە ئێمە بەر لەوەی بچینە ناو بەشە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکەمانەوە، ناچارین پێناسەی تێرمی "مرثیة" و شێوەکانی لە ئەدبیاتی عەرەبی و ئێرانیدا بکەین و پاشان بە هۆی دابەشبوونی لێکۆڵینەوەکەمان بەسەر هەردوو زمانی فارسی و کوردیدا، هەوڵی ناساندنی سەرچاوە مێژوویی و تراديسيۆنییەکانی شینگێڕی و ماتەمینی لەم دوو زمانەدا بدەین.

## تێرمی "مرثیة" لە ڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە

لە ڕووی زمانییەوە، لە عەرەبیدا،"الرثاء" بریتییە لە گریان بەسەر مردوو و ستایشکردنی. بۆ نموونە لە *لسان العرب*دا واهاتووە کە "الرثاء" بە گریان و شیوەن و زاری بەسەر مردوو و هەروەها باسکردنی چاکە و سیفاتە باشەکانی ئەو دادەنرێت[1]. وەك تێرمێکی ئەدەبییش، "مرثیة" ناوی جۆرێ لە هۆنراوەیە، کە دەربڕی خەم و خەفەتی پاش مردنی کەسێکە، یاخود باسکردنە لە لایەنە باشەکانی ژیانی ئەو کەسە یان دەربڕینی هەست و ڕای شاعیرە لە بەرامبەر مردن.[2] یاخود هونەرێکە لاوێنەر یان شاعیر هەست و سۆز و خۆشەویستیی بەرامبەر بە مردووەکە بە گریان و شیوەن دەردەبڕێت و هەموو سروشتە جوانەکانی مردوو دەژمێرێ، وێنەی ژیان و مردنی مردووەکە نیشان دەدات.[3] وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیش "رثاء" بریتییە لە گریان بەسەر مردوودا؛ بەجۆرێ کە لەکاتی ناشتنی مردوو لای عەرەبی بیابانشین، خزم و کەسوکار لە پشت تەرمەکەوە بەڕێ

---

[1]. ابن منظور.*لسان العرب*، بیروت: دار احیاء التراث العربي، 1996، ج5، مادة "رثی".

[2]. شمس الدین سامی. قاموس ترکی. در سعادت استانبول: اقدام مطبعەسی، 1317، صص 1321.1322

[3]. بڕوانە: مظفر عبدالستار غانم.*الرثاء فی الشعر العربي العباسي الأول*، رسالة ماجستیر، جامعة البصرة، کلیة الآداب، 1984، ص 112

کەوتوون، ژنان لە پشتییەوە شین و زارییان کردووە و سەری خۆیان لە قورِ گرتووە... هەندێ جاریش ئەم شینگێڕییە تێکەڵ بووە بە ستایش و هەڕەشە و داوای تۆڵەکردنەوە.[4]

شیعری شینگێڕی (مرثية) لە ڕووی ناوەرۆکەوە، بەشێکە لە ئەدەبی لیریکا؛ چونکە شاعیر تێیدا، هەست و سۆزی خۆی دەردەبڕێ[5]، لە پێکهاتەیشیدا زیاتر ڕەگەزەکانی سۆز، خەیاڵ و هەست زاڵ دەبێ بە سەر لایەنی ئەقڵ و ژیریدا.[6]"مرثية" لە لێکۆڵینەوەکانی مێژووی ئەدەبی عەرەبیدا، سەرباری دابەشکردنی بۆ هەردوو جۆری تایبەتی و گشتی، لە ڕووی ناوەرۆکیشەوە کراوەتە چەند جۆرێك وەك (الندب "لاواندنەوە"، التأبين "ستایش" و العزاء "پرسە")[7] و هەر یەکێك لەمانەیش دابەشی چەندین جۆری تر

[4]. حنا الفاخوري. *الجامع في التاريخ الأدب العربى – الأدب القديم*، بيروت: دار الجيب، 1986، ص 146.

[5]. سيروس شميسا. *انواع ادبى*، ويرايش چهارم، تهران: نشر ميترا، 1383، ص224

[6]. محمود آبدانان مهديزاده ؛ مجتبيبهروزى. "شكلگيرى مرثيه در عصر جاهلى و آغاز دوره اسلامى"، *نشريه دانشكده ادبيات و علوم انسانى دانشگاه تبريز*، شماره 201، 1386، ص 162

[7]. چەندین دابەشکردنی تر بۆ شیننامە هەیە و بە دیدی جیاواز لەم بابەتە ڕوانراوە، بۆ نموونە بڕوانە: شوقی ضیف.*الرثاء*، القاهرة: دار المعارف،الطبعة الرابعة، 1987

کراون. ئەم هونەرە خاوەنی هەندێ شـێوە و ئاراسـتەی جیاوازە، کە هاوتا لەگەڵ سروشـــت و خو (مەزاج) و شـــوێنی بێژەرەکەی یا هونەرەکەی دەگۆڕیت. بۆیە هەر وەختێ لەناو دەقەکەدا گریان و خـەم و نیگـەرانی زاڵ بوو، ئـەوا "النـدب"ی پێ دەگوترێ، ئـەگـەر دەقەکە بووە هەڵگری ئەدگار و ئاکاری جوانی مردووەکە ئەوکات "التـأبين"ی پێ دەگوترێ و ئـەگـەر بـاس لـە حـەقیقـەتی مردن و بیرهێنانەوەی مردنیش کرا بەهۆی مردنی کەسەکەوە، ئەوا ئەم جۆرە بە "العزاء" دادەنرێ و دەکرێ هـەر سێ جۆرەکـەیش پێکـەوە لـە قەســـیدەیەکدا بێن.[8] ئەلبەیاتی دەڵێ: "لاواندنەوە بابەتێکی فراوانە و لق و پۆپێکی زۆری لێ دەبێتەوە، تەنانەت دەتوانین ڕەگەزیشـــێوە و جۆرەکانی داستان، دراما و چیرۆکی تێدا بەدی بکەین."[9]

جۆرەکانی لاواندنەوە بەپێی پەیوەندی شـــاعیر/شـــینگێڕ بە مردووەکەوە، هەروەها کەســـایەتیی و پێگەی مردووەکە جیاوازە. هـەروەها بـەپێی بـەشـــدارییکردنی هـەســـت و ســـۆز و ئامانجی شیننامەکە، لاواندنەوە دەکرێ بە سێ بەشەوە:

---

[8]. امیلناصـیف. *اروع ما قیل في الرثاء*، بیروت: دار الجیل، بدون سـنة الطبع، ص5

[9]. عادل جاسـم البیاتی. "رثاء الأبطال فی الأدب العربي قبل الاسـلام"، *مجلة آداب المسـتنصـرية*، جامعة المسـتنصـرية، كلية الأداب، عدد 6، 1982، ص 221

**یەکەم:** لاواندنەوەی مردوو "ندب"، کە وەك یەکێ لە کۆنترین و پڕڕەنگترین لایەنەکانی لاواندنەوە، بریتییە لە گریان و زاری بەسەر مردقودا، بەدەم دەربڕینی پڕ لە پەژارە و وتەی خەمهێنەرانەوە[10]، بە جۆرێ کە وێنەی سۆز و ناسۆری دەروون و گڕگرتنی سینە و... لە مەرگی ئازیزانی لەدەستچوی خۆدا بکێشێ. و هەموو ئەوانەی کە ژنان و پیاوان لە گریان و زاری لە مەراسیمی پرسەدارییاندا ئەنجامی دەدەن بەشیعری خۆی بەرجەستەی بکا.[11] "ندب" چەند جۆری هەیە: وەك نەدبی خێزانی کە بریتیی لەو جۆرە شیعرەی شاعیر لە لەدەستدانی هاوسەر و مناڵ یا یەکێکی تر لە ئەندامانی خێزانەکەیدا دەیهۆنێتەوە[12]. ئەمەش بەلای ئێمەوە گرنگترین جۆریەتی، چونکە شیعری شینگێڕی وەختێ دڵنشینترە، کە لە وتنیدا ویستێك لە دڵەوە هەبێ، یا پەیوەندی کەسایەتی و خزمایەتی، یان پەیوەستیی ئایینی و مەعنەوی پێیەوە هەبێ. ئەمە جگە لەوەیکە شاعیر چاوەڕێی چێژ و پاداشتی مادی نەکردبێ و حەز و ئارەزووی دونیایی لە خەیاڵیدا

---

[10]. شوقي ضيف. هەمان سەرچاوە، ص12

[11]. محمود آبدانان مهديزاده؛ مجتبی بهروزی. هەمان سەرچاوە، ص165

[12]. هەمان.

نەبووبێ.[13] هەروەها جۆرەکانی تر بریتین لە لاواندنەوەی شاعیرەکان بۆ مەرگی خۆیان، لاواندنەوەی مەرگی پەیامبەر و جێگرەوەکانی و لاواندنەوەی وڵاتان و شارەکان.[14]

**دووەم:** ستایشکردنی مردوو "تأبين"، هەرچەندە توێژەری وەها هەیە لەو بڕوایەدایە کە "تأبين"، لە ئەسڵدا بە مانای ستایشی- کەسێك دێ، جا ئەو کەسە چ زیندوو بێ یا مردوو، بەڵام لە بەکارهێناندا تایبەت کراوە بە باسکردنی چاکییەکانی مردوو، لەکاتێکدا وەك عادەتێکی عەرەبی پێش ئیسلام لەسەر گۆڕی مردو دەوەستان و باسیان لە باشییەکانی دەکرد و چاکەکانیان دەژمارد و ستایشیان دەکرد.[15] شاعیری شینگێڕ وەختێ گرنگی بەم لایەنەی لاواندنەوە دەدا، کە هەڵچوونی دەروونی زیاد و توندی هەبێ و خەم و گوشار لەسەر دڵی زیاد دەکا و پاڵنەرەکانی هۆنینەوەش لە دەروونیدا وەجوڵە دەکەون، ئیتر ئەو کاتەیە کە بۆ خۆڕزگارکردن لەم بارە دەکەوێتە باسکردنی تایبەتمەندییە چاکەکانی مردوو و ئەو شتەی کە ڕۆحی ئارام

---

[13]. رضا ایراندوست تبریزی. "مقایسه مراثی خاقانی و هوگو در سوگ فرزندانشان"، *نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی*، شماره 136-135، 1389، ص2

[14]. شوقی ضیف. هەمان سەرچاوە، صص13-53

[15]. هەمان، ص54

دەکاتەوە[16]. بەڵام ئەوەی کە دەتوانێ "تأبین" و ســـتایش "مدح" لە یەکتر جیا بکاتەوە، تەنیا بەکارهێنانی هەندێ وشـەی وەك باسـکردن لە مردن و بەجێهێشـــتنی دونیا نییە، بەڵکوو ئەو فەزا ماتـەمینییە زاڵەی ســـەر دەقەکەیە، کە مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. ئەمیش دەکرێت بە چەند بەشێکەوە: ستایشکردنی مەرگی خەلیفە و وەزیرەکان، سـتایشـکردنی مەرگی ئەرسـتۆکرات، جوامێر و پێشـەواکان لەگەڵ ستایشکردنی مەرگی زانا و ئەدیبەکان.[17]

**ســـێیەم:** ماتەمینی "عزاء": ئەو جۆرەیە لە لاواندنەوە، کە ڕووی لە بیرکردنـەوە لـە ڕەوتی مردن و کۆچکردن لـەم دونیایـە و حـەتمییـەتی دابەزینی بەڵا و نەتوانایی مرۆڤە لەبەرامبەر هەندێ لە گرفتارییەکانی ڕۆژگارە[18]. بنەڕەتی ماتـەمینی ئارامگرتنـە، واتـە پاشـــتر بـەکارهێنانی کورت کراوەتەوە بۆ ئارامگرتن لەپاش کارەســـاتی مەرگ، کە ئەمەش دوو جۆری هـەیـە: ماتـەمینی لـەناو کـەســـوکاردا لـەگـەڵ پرســـە و پیرۆزبایی، کە ئەمەی دواییان لە وەختی کۆچکردنی پاشـــا و میرێك و

---

[16]. محمود آبدانان مهدیزاده ؛ مجتبی بهروزی. هەمان ســـەرچاوە، ص172

[17]. شوقی ضیف. هەما سەرچاوە، صص81.55

[18]. محمود آبدانان مهدیزاده ؛ مجتبیبهروزی. هەمان ســەرچاوە، ص 173

شوێنگرتنەوەی بە کەسێکی تردا گوتراوە. واتە سەرەخۆشی بۆ ئەوەی یەکەمین و پیرۆزبایی لەوەی دووەمین.[19]

[19]. شوقی ضیف. هەمان سەرچاوە، صص99ـ86

## شیعری شیوەن وترادیسیۆنی شیوەنگێڕی لە ئێران

شیعری شینگێڕی "مرثیه" لە ئەدەبیاتی فارسیدا، بە شیعرێك دەگوترێت کە لە ماتەمی کۆچکردووان و سەرەخۆشی لە خزم و خوێشان و دۆستان، دەربڕینی خەمباری و ناڕەحەتی بۆ مەرگی سوڵتان و گەورەکانی دەربار، کەسایەتی ئەفسانەیی یا قارەمانی داستانی، باسکردنی کارەسات و بەڵای بەسەرهاتووی پێشینانی مەزهەب و ئیمامەکان، بە تایبەتی ئیمام حسێن، گەورەپیشاندانی کارەساتەکە و بانگهێشتی ماتەمدارەکان بۆ ئارامگرتن و بەڵای سروشتی و ڕەشەکوژی و هەستوسۆزی بزوێنەر سەبارەت بە مەسەلەی مردن و ژیان هۆنرابێتەوە. ئەم جۆرە شیعرە بەپێی ئەو پەیوەندییەی کە بە بیرکردنەوە و هەستوسۆزی تایبەتی شاعیرەوە هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنترین سەردەمانی شیعری فارسی و لە دیوانی زۆربەی شاعیراندا هەیە[20]. لێرەوە دەکری بڵێین شیننامە لە فارسیدا دوو مانا لەخۆی

---

[20]. بڕوانە: نصرالله امامی. *مرثیه‌سرایی در ادبیات فارسی ایران*، تهران: دفتر مرکز جهاد دانشگاهی، 1369، ص 18؛ ناصر محسنی نیا ؛ آرزو پوریزدان پناه کرمانی. "مرثیه‌سرایی در ادب فارسی و عربی با تکیه بر مقایسه مرثیه ابوالحسن تهامی و مرثیه خاقانی شروانی"، *فصلنامه ادبیات تطبیقی*، 1387، شماره 8، ص176؛ منصور رستگار فسایی. *انواع شعر فارسی*، تهران: انتشارات نوید، 1373، ص15؛ زین العابدین مؤتمن. *شعر و ادب فارسی*، تهران: پژوهش، 1332، ص86؛ "مرثیة" در دایرەالمعارف ایرانیکا http://www.iranicaonline,org/articles/elegyOriginally Published: :

دەگرێ: مانای گشـــتی و مانای تایبەتی. لە مانای گشـــتیدا "مرثیە" شـیعرێکە، کە شـاعیر بە هۆیەوە خەم لە مردنی کەسێکی دەخوات و ستایشی. دەکات. لە مانا تایبەتییەکەشیدا، شیعرێکە لە شینی ئیمام حسێن و ڕووداوی کەربەلا و ئیمامەکانی شیعەدا دەهۆنرێتەوە.

لـەبـارەی مێژووی هۆنینـەوەی شـــیننـامەوە، هـەنـدێ لـە مێژوونووســـــان و تـەزکـەرەنووســـەکـان، کەوتونەتە نـاو بیری ئەفسانەییەوە و "ئادەم" بە یەکەمین شـینگێڕ یاخود مەرسییەهۆن دادەنێن، ئەویش لە ئاکامی کوشـــتنی هابیل بە دەســـتی قابیل و بەمهۆیەشـــەوە شـــیننامەیەکی عەرەبیان داوەتەوە پاڵ وی[21]. بەڵام ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمەوە جێگەی سـەرنجە ئەوەیە، کە گرنگی ئەم ڕایە لە هەبوونی شـــیننامەیەکدا نییە بە زمانێکی دیاریکراو، بەڵکوو تێڕامانە لە گێڕانەوەی "شـینگێڕی" بۆ یەکەم حاڵەتی کوشـتن/مردنی مرۆڤ.

بـەپـێی ئـاگـاداری ئـێـمـە زانـیـاریـیـەکی زۆر لـەبـارەی شیننامەبێژی"مرثیەسرایی"یەوە لە ئێرانی بەر لە ئیسلام لەبەردەستدا

This article is .December 15, 1998. Last Updated: December 13, 2011 available in print.Vol. VIII, Fasc. 4, pp. 255-357

[21]. بۆ ڕای مێژوونووسان و لێکۆڵەران، هەروەها شیننامەکەی ئادەم بڕوانە: محمود آبدانان مهدیزاده ؛ مجتبی بهروزی. ســـەرچاوەی پێشـــوو، ص164؛ بۆ زانیاری لەبارەی ئەو تەزکەرانەوە کە باســـی ئەمەیان کردووە بڕوانە: ناصـــر محســـنی نیا ؛ آرزو پوریزدان پناه کرمانی. سەرچاوەی پێشوو، ص176

نییە، بەڵام ئەوەی دەزانرێ ئەوەیە شـــیننامەیەك بە زمانی پەهلەوی ئەشـکانی هەبووە، کە بە هۆی مەرگی یەکێ لە پێشـەوایانی "مانەوی" بـە نـاوی "مـەرزکۆ" هۆنراوەتـەوە.[22] هـەر بۆیـە لـە دیـاریکردنی ســـەرچاوەی شـــیوەن لە شـــیعری فارســـیدا، ڕای جیاواز لەنێوان لێکۆڵەراندا هەیە. ڕای وا هەیە لەو باوەڕەدایە، کە ڕەگوڕیشـــەی مەرسـییەی فارسی لە شـیننامەکانی شـیعری عەرەبییەوە سـەرچاوەی گرتووە[23]، بەڵام توێژەرانێکی تریش هەنکە هەوڵیان داوە وابەســتەیی ئێرانییەکان بە شـــینگێڕی مەزهەبییەوە بگێڕنەوە بۆ ئەو ڕێوڕەســـمە شـــینگێڕییانـەی لـە فـەرهـەنگی ئێرانی و داســـتانـە میلییـەکان و

[22]. نصرالله امامی. سەرچاوەی پێشوو، ص20

[23]. محمد جعفرمحجوب. *سبک خراسانی در شعر فارسی*، تهران: انتشارات دانشسرای عالی، 1350، ص26

ئوستورەکانی وەك "سوگ سیاوش[24]"دا هەبوون.[25]بەڵام دەتوانرێ بگوترێ، کە شینگێڕی سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و عەباسی، کاریگەرییەکی قوڵی لە سەر شیننامە فارسییەکان هەبووە و شاعیرە فارسیزمانەکان چ لە ڕووی ناوەرۆك و چ لە ڕووی وێنەسازیشەوە سوودیان لێ وەرگرتووە.[26]

لەبارەی مێژووی شینگێڕی لە ئێراندا، کۆنترین بەڵگەی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆ ڕایەکی نووسەری *تاریخ بخارا*، لە سەدەی دەیەمی زایینی، کە دەڵێ:

"خەڵکی بوخارا سرودی سەیروسەمەرەیان لە کوشتنی سیاوەشدا هەیە و گۆرانیبێژەکان بەو جۆرە سرودانە دەڵێن *شینی*

[24]. سوگ سیاوش، یا سیاوشان، بەو ڕێوڕەسمە گوتراوە، کە بۆ شینی سیاوەش پاڵەوانی ئوستورەیی ئێران ساز کراوە. بۆ تێگەیشتن لە ڕیشەی ئەم داستانە و سازدانی ئەم ڕێوڕەسمە بگەڕێرەوە بۆ: شاهرخ مسکوب.*سوگ سیاوش*، چاپ سوم تهران: انتشارات خوارزمی، 1354؛علی حصوری.*سیاوشان*، تهران: نشر چشمە، 1384 ؛ محمد جعفریاحقی. *فرهنگ اساطیر و داستانوارەها*، تهران: فرهنگ معاصر، 1386، ص496ـ499

[25]. شاهرخ مسکوب. هەمان سەرچاوە،ص80 ؛ محمد امینریاحی. *کسایی مروزی (زندگی، اندیشە و شعر او)*، تهران: علمی، 1389، ص37

[26]. نصرالله امامی.هەمان سەرچاوە، ص17

*سـیاوەش*... خەڵکی بوخارا لە کوشـتنی سـیاوەشـدا دەلاوێنەوە. هەروەکوو ئەوەی لە هەموو ویلایەتەکاندا زانراوە و گۆرانیبێژەکان دروستیان کردووە و دەیڵێنەوە و *قەوواڵەکان*یش *گریانی موغانی* پێ دەڵێن"[27].

پاش ئەویش کاشـغەری لە *دیوان لغات الترک*دا ئاماژە بۆ پرسەداری لەسەر گۆڕی سیاوەش لە ساڵڕۆژی کوشتنیدا دەکات و دەنووسێ:

"هەموو ساڵێ مەجوسەکان لە (رویین دژ) لە نزیکی بوخارا لە شـوێنی کوژرانی سـیاوەشـدا کۆ دەبنەوە و شـین دەگێڕن و ئاژەڵێ دەکەنە قوربانی و خوێنەکەی بەسەر گۆڕەکەدا دەڕێژن."[28]

ئەم جۆرە لە ڕێوڕەسـمی شـینگێڕی تا کۆتاییەکانی سـەدەی نۆزدەهەم لە ناوچە لوڕنشـینەکانی کۆهکیلویە و بوێرئەحمەد بەردەوامی هەبووە. لەمبارەیەوە سـادق هیدایەت دەڵێ ژنانی عەشـایەری لوڕی کۆهکیلویە، لە شـینی مەرگی کەسـەکانی خۆیاندا

---

[27]. محمدنرشـخی. *تاریخ بخارا*، تصـحیح مدرس رضـوی، صـص 20ـــ28،به نقل از: احمد کاظمی موسـوی. "مسـکوب در سـوگ سیاوش"، *ایراننامه*، سال بیست و دوم، شماره 3ــ4، 1384، نسخه الـکـتـرونـیـکـی: http://fis-iran.org/fa/irannameh/volxxii/meskoob-syavosh-elegy

[28]. محمود کاشـغری، *دیوان لغات الترک*، به نقل از علی حصـوری. *سیاوشان*. تهران: نشر چشمه، 1378، ص91

هاوڕێ لەگەڵ لاوانەوە و مورهێناندا، هەندێ گۆرانی خەماوییان دەخوێند، کە بە زمانی ناوچەیی "ســوســیوش" واتە شــین و مەرگی سیاوەشی پێ دەگوترا[29].

له پاش ئیســلامیش، دەتوانرێ چەند نموونەیەکی شــیعری شــینگێڕی لە ئەدەبیاتی فارســیدا، لە دیوانی ڕودەکیی شــاعیردا پەیدا بکرێ، کە لە لاواندنەوەی شاعیرێك بە ناوی مورادی یا لە شیننامەی شــەهید بەڵخیدا وتراوە و تەنانەت هەندی لە لێکۆڵەران پێیان وایە، کە مەرسییەی فارسی بە شێوەیەکی تەواو لە ڕودەکییەوە دەست پێ دەکات[30]. پاش ئـەویش، شــیننـامەکانی ئەبولعەبـاس فەزڵکوڕی ڕەبەنجەنی بوخـاراپی و ئەبو مەنســورعەمارەی مەروەزی لـە ڕیزی کۆنترین مەرســییەکـانـدا دادەنرێن[31]. ئیتر لێرە بـەدواوە لـە دیوانی زۆربەی شاعیرەکاندا شیننامە بە شێوە جیاوازەکانی دەبینین، چونکە شــیوەنگێڕی لە ئەدەبیاتی فارســیدا بە زۆری هەڵبەســتە و ڕەنگە بە

[29]. صــادق هدایت. *نوشــتەهای پراکندە*، بە کوشــش حســن قائمیان، تهران: امیرکبیر، 1334، ص 56

[30]. بۆ ئەو ســـەرچاوانەی کە ڕودەکییان وەک یەکەمین شـــاعیری شـــینگێڕ داناوە، بڕوانە:زین العابدینمؤتمن. ســـەرچاوەی پێشـــوو، ص70؛ غلامحســین یوســفی. چشــمە *روشــن (دیداری با شــاعران)*، تهران: نشـــر علمی، 1388، ص 42 ؛منصـــور رســـتگار فســـایی. سەرچاوەی پێشوو، ص214

[31]. زین العابدینمؤتمن. سەرچاوەی پێشوو، ص76

هەر قاڵبێکی وەك قەسیدە، پارچە، تەرجیعبەند، تەرکیببەند و هەندی جاریش غەزەل یاچوارینە و مەسنەوی هەبێت[32]. لە پێکهاتنی مادەی شیعری شینگێڕیدا گرنگیی هەستوسۆز لە خەیاڵکردن زیاترە[33]، هەر بۆیە زۆربەی شیعری شینگێڕی لە فارسیدا بەهۆی زاڵبونی هەستوسۆزەوە لە جۆرە شیعرەکانی تر سادەترن. هەروەها بە پێچەوانەی ئەدەبی هەندێ نەتەوەی ترەوە، لاواندنەوە لە ئەدەبیاتی فارسیدا، کێش و بەحرێکی تایبەتی نییە.[34]

جگە لە شیننامەی مەزهەبی وەك ناودارترین جۆری شیعری شینگێڕی، شیننامەوێژی لە ئەدەبی فارسیدا چەندین جۆری تری وەك شیننامەی دەرباری (فەرمی و تەشریفاتی)، کەسیی و خیزانی، فەلسەفی، کۆمەڵایەتی و داستانیشی هەیە.[35] بەڵام شینگێڕییە مەزهەبییەکان ( بە تایبەتی لەبارەی عاشوراوە) چەندین هێندەی شینگێڕییە میللی و کەسییەکانە.[36] ئەمە لە کاتێکدایە، کە شیعری شینگێڕیی مەزهەبییان لە ئەدەبی فارسیدا بە نوێترین جۆری شینگێڕی

---

[32]. سیروس شمیسا. سەرچاوەی پێشوو، ص224

[33]. عبدالحسین زرین کوب.*شعر بی دروغ شعر بی نقاب*، تهران: سازمان انتشارات جاویدان، 1363، صص143-144

[34]. غلامحسین یوسفی. سەرچاوەی پێشووو، ص48

[35]. نصرالله امامی. سەرچاوەی پێشووو، ص36

[36]. ناصر محسنی نیا ؛ آرزو پوریزدان پناه کرمانی. سەرچاوەی پێشووو، ص177

داناوە[37] و بە شـــێوەیەکی گشـــتی پێنج ســـەدە بەســـەر تەمەنی لاواندنەوەی مەزهەبیدا تێناپەڕێ، کە لە ڕاســـتیدا تایبەتە بە باســـکردنی کارەســـاتی ئیمامەکان و ڕووداوی کەربەلا و بیروباوەڕی شـیعەوە و لەگەڵ هاتنە سـەرکاری دەوڵەتی سـەفەوییە لە سـەدەی شانزەهەمەوە لە ئەدەبیاتی فارسیدا ڕەونەقی پەیدا کردووە.[38]بۆیە لە سەدەی شانزە بەدواوە ژمارە و ئەندازەی جۆرە شیننامەکانی تر بەرەو کەمی دەڕوات و شـــیننامەکانی تایبەت بە کەربەلا بەرەو زیادی دەچێت. لەم قۆناغەدا شـــاعیران بە لاســـاییکردنەوەی مەرســـییەی عاشـــورایی عەرەبی بۆ پرســـەداری و یادکردنەوەی ڕووداوی کەربەلا، شـــیننامەیان هۆنیوەتەوە و کەســـایی مەروەزی (مردنی پاش: 1002/1001ز) یەکەمین شـــاعیرە کە لەم زەمینەیەدا شـــیعری هۆنیوەتەوە و ناوی "مەقتەل"[39]ی لێ ناوە.

---

[37]. زین العابدین مؤتمن. سەرچاوەی پێشووو، ص 60

[38]. منصور رستگار فسایی. سەرچاوەی پێشووو، ص216

[39]. مقتل: جۆرێ شیننامەیە، کە سەربوردەی کوشتنی حسێنی کوڕی عەلی خەلیفەی چوارەمی موســـڵمانان لە کەربەلا دەگێڕێتەوە. لەم جۆرە شـــیننامەیەدا خەم و حوزنی کوشـــتنی نزیکەی 60 کەس لە کەس و کار و دەســـتوپێوەندەکانی حســـێن لە 10ی موحەڕەمی 10/61ی ئۆکتۆبەری 680دا بە دەســـتی یەزیدی کوڕی موعاویە خەلیفەی ئومەوی موســـڵمانان بەرجەســـتە دەکرێ. Ahmet Topal. « Klasik türk edebiyatında muharrem ayı etrafında yazılan şiirler », A. Ü. Türkiyat araştırmalarıenstitüsü dergisi, sayı 35, erzurum 2007, s.92؛

یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیننامەی مەزهەبی ئەوەیە کە لە شیوەن بۆ کەربەلادا بابەت و کەسەکان هەمانن، کەچی شاعیرانی شیوەن بۆ کەربەلا هەموو شیعە یان شیعەمەشرەب نین.[40]هەروەها تایبەتمەندییەکی زۆر بەرچاوی شیننامەی مەزهەبی، بە تایبەتی شیوەن بۆ ئیمام حسێن، ئەوەیە کە لە زۆرێکیاندا زیادەڕەوی دەگاتە ئاستێك، کە زیاتر وەك ئەوەیە شاعیر کەسایەتییەکی ئەفسانەیی بلاوێنێتەوە و هەندێ کاردانەوەی بانسروشتی وەك گریانی ئاسمان و فریشتە و پەیامبەران و ... هتد دەداتە پاڵ مەرگی، کە دەتوانرێ وەك قۆناغێك لە گەشەکردنی ئەفسانەی ئیسلامی دابنرێ.[41]

---

مەقتەل یا هۆنراوەی مەنزومی فارسی لەڕێگەی لاساییکردنەوەی موقاتلی عەرەبییەوە لە دەورەی قاجاردا برەوی سەندووە و وەک یەکێ لەسەرچاوە گرنگەکانی تەعزیە دانراوە. بڕوانە: میمنت میرصادقی. *واژەنامە هنر شاعری*، تهران: نشر مهناز، 1377،ص 300

[40] Bünyamin Çağlayan. *Kerbelâ Mersiyeleri*, Ankara: Güsbe (Yayımlanmamış Doktora Tezi), 1997, s.73.

[41]. بەپێی ڕیوایەتە ئەفسانەییەکان، یەکەمین کەسێ، کە بەر لە ڕووداوی کەربەلا شینگێڕی بۆ حسێن کردووە خوداوەندە و هەر ئەویش ئادەم، ئیبراهیم خەلیل و محەمەدی لەو بەڵا و کارەساتانە ئاگادار کردووەتەوە، کە بۆ ئەو کەسە دێتە پێشەوە و ئەوانیش بۆی گریاون. هەروەها عیسا لەکاتی تێپەڕینی بە کەربەلادا ئاماژەی بۆ کارەساتی حسێن کردووە و لەگەڵ حەوارییەکانی خۆیدا گریاوە!

## ترادیسیۆنی شیوەنگێڕی لای کورد

شـــیوەنگێڕی لـەلای کورد وەك نـەتـەوەیـەکی هـاوسێ بـە ترادیســـیۆن و دینی عـەرەبی/ئیســـلامی، بێگومـان دوور نییـە لـە کاریگەرییەکانی ئەو هاوسـێیەتییە. لە هەمان کاتدا تێکەڵبوون لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکە و هەبوونی دوو دینی کوردیی وەك یەزیدی و یارســـان لەگەڵ تێکەڵی و ئاشـــنایەتی بە دینەکانی تری وەك زەردەشـــتی، جولەکە و مەســـیحییەت، ئەمە جگە لە ئامادەییەکی نیمچە هەمیشەیی سیستمی خێڵسالاری لە ڕابردوودا، لێکۆڵینەوە لە سـەرچاوەکانی ئایینی شـینگێڕی لای کورد دژوارتر دەکات و ناچارمان دەکات، کە بڵێین ئێمە لەم دەروازەیەدا جگە لە هەندێ زانیاری کەم لەمبارەیەوە، ناتوانین ڕەچەڵەکناسی شـینگێڕی کوردی شی بکەینەوە و باســـێکی بێ کەموکوڕی بخەینە ڕوو، چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا

---

ئەمە جگە لەوەی عەلی و فاتیمە چەندین جار بۆ ڕووداوی خوێناویی کـەربـەلا و کوڕەکـەی خۆیـان گریـاون! بڕوانـە: محمـد محمـدی ری شهری. *فرهنگ‌نامه مرثیه‌سرایی و عزاداری سید الشهداء علیه سلام*، قم: دار الحدیث، 1387، ج 1، ص13؛ هـەروەهـا بۆ ســـەرنجدان لە بیروڕای موحتەشـــەمی کاشـــانی لەمبارەیەوە بڕوانە: لاطفیوســـف. "بررسـی مقایسـه‌ای مرثیه امام حسین در دیوان محتشم کاشانی و شریف رضی"، *ادبیات تطبیقی*، شماره 11، 1388، صص193-196

ئەمە یەکێکە لەو بابەتانەی کەمترین لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کراوە[42] و لە دواتریشـــدا ئەم مەســـەلەیە پێویســـتی بە کات و بوارێکی زۆرتر هەیە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لەبارەوە بکرێ.

لە کوردیدا لە جیاتی "رثاء"ی عەرەبی، وشـەی شـین، شـیوەن، و ... هـەروەهـا لـە بـاتی "مرثیـة"، تێرمی لاوانـدنـەوە، شـــینگێڕی، شـــیننامە، چانیە، ســـەردولکە، بەیتی شـــین، کلامێ شـــینێ و مور و چەمەری بەکارهاتووە[43].

---

[42]. شـوکریە رەسـول دەڵێ: زۆربەی لێکۆڵەرە ئەتنۆگرافییەکان تەنها لەبارەی لایەنی داب و ڕێوشوێنی بەڕێکردنی مردوویان نووسیوە و ئەمـەیان خســـتۆتە ڕوو کە ئـەم نـەریتـە یـەکســـــەر دوای مردنی مردووەکە کەس و خزمە نزیکەکانی دەســـــت بە شـــــین و لاوانەوە دەکەن، بێ ئەوەی هیچ تێکسـتی شـین و لاوانەوەیان لە کارەکانیاندا بەکارهێنابێ و بیکەن بە بەڵگە بۆ قســـــەکانیان. هـەروەهـا چـەندین ســـەرچاوەی دەســـتنیشـــان کردووە، کە لەمبارەیەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە و ئـــەوەی تێبینش دەکرێ ئـــەوەیـــە، کـــە زۆربـــەی ئـــەم لێکۆڵینەوانە بە زمانی ڕووسی نووسراون. بڕوانە: شوکریە ڕەسوڵ. *ڕێوڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردی*، هەولێر ـــــ سۆران، 1997، ل12ـ13.

[43]. بڕوانە: هەژار، *هەنبانە بۆرینە*، فرهنگ کردی ـــــ فارسی، تهران: ســـــروش، 1381؛ گیو موکریانی. *فەرهەنگی کوردســـــتان*، هەولێر:

بە ڕای ئێمە گونجاوترین پێناسە بۆ شین و لاواندنەوەی کوردی هەمان ئەو پێناسەیە بێ کە شوکریە ڕەسول لە کتێبی لاوانەوەی "ك. ف. چیتۆف"هوە وەری گرتووە کە دەڵێ: "شین و لاوانەوە دەربڕینێکی قوڵ و ناخۆشی غەمباری و دڵتەنگییە بە شێوەیەکی شاکارانە. ئەمەش ڕێگا خۆش ئەکا بۆ ئاوڕدانەوە لەو نهێنییانەی لە گیانی کۆمەڵانی خەڵکدا شاراونەتەوە. کە سامانێکی دەوڵەمەندە و ڕازونیازی دەروونیانی تێدا دەبینرێ."[44]

سەرباری ئەوەی کە شیعری شیوەن لە ئەدەبیاتی کوردیشدا وەك ئەدەبیاتی هەموو نەتەوە موسڵمانەکانی تر دابەشبووە بە سەر ئەو جۆرانەی شیننامەی عەرەبی و فارسیی بەسەردا دابەش کراوە، بەڵام "بەشێکی زۆری شیعری شیوەن لە ئەدەبی کوردیدا سێ ڕێگای گرتووە:

یەکەم: شاعیرەکە کاریگەر بووە بە مردن یان دووری کەس و شتەکە و بەو بۆنەوە بە تەکنیکێکی جوان وەك شیعرەکانی تر، باسی کەسایەتیی کەسەکە و وەسفی شتەکەی کردووە و خەمی بۆ دووریی و دابڕانەکەی دەرخستووە، لە چوارچێوەی دەقێکی ئاساییدا.

---

ئاراس، 1999؛ فاضل نظام الدین. *فەرهەنگی شیرین*، سلێمانی: سۆران، 2004؛ شوکریە ڕەسوڵ. سەرچاوەی پێشوو، ل16

[44].ک. ڤ. چیتۆڤ. *لاوانەوە*. لینینگراد، 1960، ل10 (بە زمانی ڕووسی) لەڕێگەی: شوکریە ڕەسوڵ. سەرچاوەی پێشوو، ل17

دووەم: شاعیر مەبەستی بووە مێژووی مردنی کەسەکە باس بکات، بۆیە هەموو چەقی باسکردنەکەی بۆ مێژووەکە گەڕاندۆتەوە و لەم ڕووەوە هەست و سۆز و تەکنیك و شیعرییەتی دەقی تا ڕادەیەك فەرامۆش کردووە.

سێیەم: جاری وا هەیە شاعیر تەنیا دەقێکی کورت بۆ سەر کێلی مردوویەك نووسیوە و ئەمەش چ لەژێر داواکاری بنەماڵەی مردووەکە، یان تەنیا لە چەند دێڕێکی کورتدا وەسفێکی قووڵی کەسەکە دەکات و لەگەڵ خەمی ماتەمینیدا ئاوێتەی دەکات"[45].

لەگەڵ ئەمانەی سەرەوەشدا، شین و لاوانەوەی کوردی هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە هەڵکەوتەی جوگرافی و باری کۆمەڵایەتی و بیروڕای ئایینییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ نموونە وەك وەسفکردنی سروشتی کوردستان و بێبەشیی مردووەکە لەم سروشتە، بەکارهێنانی مێتافۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان، ناوهێنانی مردوو لەگەڵ کەرەستەی ماڵدا، قسەکردن بە زمانی مردووەکەوە لەگەڵ شینگێڕەکاندا، سەرکۆنەکردنی فەلەك و گەردون و گلەیی لە چارەنووس و بەخت، شانازیکردن بە کەرەستە و ماڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی کەسەکەو و ... هتد، بەڵام گرنگترین تایبەتمەندیی لاوانەوەی کوردی تایبەتبوونی و تێهەڵکێشبوونیەتی لەگەڵ ئاواز و مۆسیقای فۆلکلۆریدا، بەجۆرێك کە دەتوانرێ لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا جۆر و شێوەی ئەم لاواندنەوەیە بناسێنرێ و

45. هێمن عومەر خۆشناو. "شیعری شیوەن لە ئەدەبی کوردیدا"، لە 2011/8/25 بڵاو کراوەتەوە لە ماڵپەڕی: http://www.dengekan.info

باس بکرێ، تەنانەت لە هەندێ ناوچەیشدا ئەم ڕێوڕەسمە سنووری مۆسیقا دەبەزێنی و بە جۆرێ لە نمایش تێکەڵ دەبێ.[46] وەك فەرهاد پیرباڵیش دەڵێت "لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئیسلام هەر شتێکی تری لای کورد گۆڕیێ، نەیتوانیوە بەهیچ شێوەیەك پیرۆزبوونی مۆسیقا لەلایان بگۆڕێت"[47]، کە هۆکاری ئەمەش بە ڕای مامۆستا محەمەد حەمەباقی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی مۆسیقای کوردی لە مێژوودایە و پەیوەندی بە ئایینی زەردەشتییەوە هەیە و بەشێك بووە لە کۆنەستی کورد[48].

شیعری شێوەن لە کوردیدا، بە تایبەتی لە کێشی برگەیی خۆماڵیدا[49]، تەواو جیاوازە لە شیننامەی عەرەبی و فارسی و دەتوانرێ

---

[46]. وەکو کۆتەڵ و چەمەری. کۆتەڵیش بریتییە لە هەندێ یادگاری بەجێماوی مردو، وەک تفەنگ و خەنجەر و جلوبەرگ، کە بە زینی ئەسپی مردووەکەیەوە دەبەستن و کەسێکیش جڵەوی ئەسپەکە دەگرێ و بەناو خەڵکەکەدا دەیگێڕێ. محەمەد حەمەباقی.محەمەد، *مێژووی مۆسیقای کوردی*، هەولێر: ئاراس، 2002، ل184

[47]. فەرهاد پیرباڵ. *مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی*، هەولێر: ئاراس، 2010، ل22

[48]. حەمەباقی، محەمەد، سەرچاوەی پێشووو.

[49]. دکتۆر عەزیز گەردی بە سوودوەرگرتن لە ڕای لێکۆڵەرانی تری کورد باوەڕی وایە، کە دەتوانرێ بە کێشی دە برگەیی (5+5) بگوترێ کێشی نەتەوەیی کوردی یا کێشی خۆماڵی، چونکە زۆربەی

وەك شـــێوازێکی تایبەتی شـــیننامەی ڕۆژهەڵات تەماشـــای بکرێ و لێکۆڵینەوەی لەسـەر بکرێ. گرنگیی ناوبردن و باسـکردنی ئەم ئاواز و زاراوانە بۆ ئێمە لەوێدایە، کە تاڕادەیەك تەواوی شیعرەکانیان دەچنە چوارچێوەی شـیعری شـیوەنی کوردییەوە و هەمووشـیان بە کێشی-خۆماڵین و لەســـەر کێشی‌ــ بڕگەیی هۆنراونەتەوە، واتە هەمان ئەو کێشـە خۆماڵییەی کە ئەحمەد بەگی کۆماسی، مەلەوی، مەستورەی کوردستانی و دەیان شاعیری تر شینیان پێ کردووە. ئەمەش ئەو پردە بووە کە توانیویەتی خۆی لە تەونی شـــیننامەبێژی فارســـییانەی ســـەردەمەکەی خۆی پێ دەرباز بکات. ئەم ئاهەنگ و ڕێوڕەســـمانە بریتین لەم جۆرانە:

**١. مور** یا **ســـەردولکە،** ئاوازێکی غەمناکە، کە بە ناڵە و ئاهەنگێکی تایبەتییەوە بەبێ ساز و تەنیا بە دەنگلێهێنانی قوڕگ، لە شـینی کەسێ یا لـە غوربـەت و تـاڵانکران و ڕۆژانی لـەدەســـتچوودا، بـە ئـاوازێکی دڵنشـــینەوە دەخوێنرێ.[50] لەم ڕێوڕەســـمەدا یەك کەس دەخوێنێ و دەورەبەرەکەیشی لەگەڵ ویدا شین و شەپۆڕ دەکەن. ئەگەر لەلایەن

---

چیرۆکە میلییە شـیعرییەکان و تاڕادەیەک هەموو شـیعری زاراوەی گۆران لەسـەر ئەم کێشـە نووسـراون. بڕوانە: عەزیز گەردی.*کێشـی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشـی شـیعری فارسـیدا*، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشـنبیری، 1999، لل83، 95-94

[50]. صفیەمرادخانی؛ پرستو قبادی اصل. "ابیات مور در ایل کاکاوند"، *فصلنامه فرهنگ مردم ایران*، شماره 18 و 19، 1388، ص153

ژنـەوە بخوێنرێ پێی دەگوترێ "مور" و ئـەگـەر لـەلایـەن پیـاوەوە بخوێنرێ "پایەمور"ی پێ دەگوترێ.[51] ئەم جۆرە بە زۆری بە شێوەی کۆرس دەخوێنرێ و هـەر وەختێ کـە گروپێ لـە ژنـان و پیـاوان لـە "پرسـە"دا دەیخوێنن شـێوەی "کۆراڵ" بەخۆیەوە دەگرێ، بە جۆرێ کە وەك بڵێی لەلایەن ئاهەنگسـازێکی کارامەوە دانراوە و ڕێکخراوە.[52] بـەڵام لـە شـینگێڕیدا ئـەرکی "مورئـار یـا مورخوێنی"ی بـەزۆری لەئەسـتۆی ژنانە. مورئار یا مورخوێن بریتییە لەو ژنانەی کە شـیوەن دەگێڕن لە چەمەری و پرسەی گەورە پیاواندا.[53] مورخوێن، سوود لە هەموو ڕەگەزە مادی و خەیاڵییەکان وەردەگرێ تا هەم خۆی لە ژانی دەروونی ڕزگار بکا و هەم هەسـت و سـۆزی بیسـەران بێنێتە جۆش و کاریان لێ بکات. ئەو بەپێی ڕەگەزی مردووەکە مورەکانی هەڵدەبژێرێ و بە سـەرنجدان لەو ناوەرۆکانەی کە خراوەتە ناو چوارچێوەی "مور"ەکەوە، وەسـفی دەکا، هەندێ جار لە تەنیایی خۆیدا دەناڵێ و هەندێ جاریش گازەندە لە چەرخی فەلەك دەکات.[54]

---

[51]. موسـیپرنیان. *فرهنگ عامه کرد*، کرمانشـاه: چشـمه هنر و دانش، 1380، ص216

[52]. سید سیامک موسوی. *سوگ سرایی و سوگ خوانی در لرستان*، خرم آباد: افلاک، 1380، ص34

[53]. حەمەباقی، سەرچاوی پێشووو، ل181

[54]. صـفیەمرادخانی؛ پرسـتو قبادی اصـل. سـەرچاوەی پێشـووو، ص157

**٢. چەمەری**، یەکێکە لەو ئاهەنگە تایبەتانەی کە کوردەکانی دەوروبەری ڕۆژاوای ئێران، لە ڕێوڕەسمی پرسە و ناشتنی تەرمدا لێی دەدەن و دەیخوێنن. چەمەری وەکو مارشەکانی پرسە، بە کێشێکی سەنگینەوە هاوتایە لەگەڵ هەنگاوی پرسەداراندا.[55] لە زمانی کوردیدا چەمەر بە مانای کەمە و ئەڵقەیە[56] و چەمەری بە مانای دەهۆڵ لێدان بۆ لاواندنەوەی مردوو.[57] بەڵام وەك تێرمێکی شینگێڕی، چەمەری ئەو نەریتە دێرینەیە، کە مێژووەکەی نازانرێ و لەشێوەی شانۆیەکی شێوە بازنەیەیی بەرجەستەدا، وەك "سەما"یەکی بەکۆمەڵ، کە زۆرتر لە "هەڵپەڕکێ"یەکی هێمن و خەمناك نزیکە، بە هاوکاری "دەهۆڵ" و "سورنا"ی خەمین و سرود و شیعری لاواندنەوەوە، ئەنجام دەدرێ. بۆیە هەندێ جاریش بەم سەما و هەڵپەڕکێ خەمناکە دەوترێ "چەمەرچۆپی". ئەم نەریتە بە تەنیا بۆ مەرگی پیاو ئەنجام دەدرێ و ئەو پیاوەش دەبێ زۆر ناودار و هەڵبژاردە و سەرۆك هۆز و خۆشەویستی لای ناوچەکەی بێت. زۆر دەگمەنیش بۆ مەرگی شێرەژنان و ئەو جۆرە ئافرەتانە دەکرێ، کە زۆر بەناوبانگن و ڕێزلێگیراون. بەلای زۆریشەوە زۆرتر ئەو بنەماڵانە

---

[55]. مهدی ستایشگر. *واژەنامە موسیقی ایران زمین*، تهران: اطلاعات، 1381، ج1، ص335

[56]. هەژار، سەرچاوەی پێشوو، ل219

[57]. موحەمەد مەردۆخ کوردستانی. *فەرهەنگی مەردۆخ*، کوردی، فارسی و عەربی، بەرگی یەکەم، سنندج: پرتوبیان، 1385، ص518

دەتوانن چەمەری بگێڕن، کە لەباری ئابوورییەوە دەسەڵاتدارن[58]. وەك باس کرا ئەگەر کەسی کۆچکردو کەسێکی ناودار و دلێر بێ، ئەوا لە وەختی ڕێورەسمی شینگێڕیدا بۆی، چەمەری بۆ ساز دەکرێ، کە ئەویش بریتییە لە لێدانی ساز و دەهۆڵ و وتنی بەیتگەلی "ئاغام ڕۆ" و ئامادەکردنی "کۆتەڵ".[59]

شوکریە ڕەسوڵ دیمەنی ئەم نمایشە ماتەمینییەی بەم جۆرە بۆ تۆمار کردووین:

"ئەم ڕێورەسمە لە چەند ڕۆژێك پاش مردنی کەسەکەوە دەست پێ دەکات، کە هەر لەگەڵ لێدانی ئاهەنگی چەمەری خەڵك وقەومانی خاوەن ماتەم لە دەوری یەك کۆ دەبنەوە و بە دوو ڕیزی جیای ژن و پیاو، بەڵام بەستراوە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك لەسەر هێڵێکی دیاریکراو لەشێوەی بازنەیی. یەکەمجار پیاوان بەیداغ و دروشمی تایبەتی هەڵ دەدەن. پاشان ژنان ڕیز دەبەستن و پارچەیەکی ڕەشیان لەبەردەم خۆیان ڕاگرتووە. ئەم دەستپێکردنەش بە شیعری شایەران و ڕاوییەکان، کە هاوکاتە لەگەڵ دەهۆڵ و زوڕنا تا دەگەنە کۆتایی ڕیزەکەسەرلەنوێ دەگەڕێنەوە. پاشان ئەمە دووبارە دەکەنەوە... هەر کە ژنان دەگەنە ئاستی خاوەن تازییەکە

---

[58]. محەمەد حەمە باقی، سەرچاوەی پێشوو، ل181

[59]. موسی پرنیان. سەرچاوەی پێشوو، ص216

بەنینۆك دەموچاوی خۆیان دەڕننەوە و هاوار دەکەن و دەڵێن (وای وای)."[60]

**٣. هۆرە**، لە دەزگای ماهوردا دەخوێنرێ و تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە، کە ئاوازەکەی بە لەرەیەکی دەنگیی زۆرەوە لە قوڕگەوە دێ[61]. لە کتێبی *نمایش و موسیقی در ایران* لە بارەی هۆرەوە وا هاتووە " هۆرەخوێنەکان، ئەو کەسانەن کە لەشین و پرسەی کەسانی خۆیاندا یاخود لە لاواندنەوەی ئازیزان، گەورە و جەنگاوەرانی هۆز یا خێڵەکەیاندا هەندێ ئاوازی تایبەتی دەخوێنن... میلۆدییەکانی ئەم ئاوازە یەکێکن لە دێرینترین میلۆدییەکانی ئێران و شیعرەکانیشی_ بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمایترادیسیۆنی بۆهاتن (یەکسەر و بێ بیرلێکردنەوە)یە. شیعرەکانی هۆرە بە زۆری لایەنی شینگێڕی و لاواندنەوەی هەیە[62]." ڕەنگە بە هۆی بۆهاتن بوونی ڕاستەوخۆی مور و هۆرەوە، ستراکتۆری شیعری لاواندنەوە زۆر بەهێز نەبێ، چونکە شیعرەکان لە ناسۆر و خەمەوە دێن و شینگێڕ هێندە گرنگی بە لایەنی جوانکاری شیعرەکانی نادا و ئەوەی کە بەلای ئەوەوە گرنگە کاریگەربوونی لاوانەوەکەیە لە سەر ئەوانی تر. ئەم بەیتانە کە پڕن لە سۆز و خەیاڵ، بارێکی سەنگینی پڕ لە هەست و سۆز و دڵتەنگی و ناڕەحەتی ڕۆحی وەها لەخۆ دەگرن، کە بە دروستکردنی وێنەگەلێکی

---

[60]. شوکریە ڕەسوڵ. سەرچاوەی پێشوو، ل121

[61]. سید سیامک موسوی. سەرچاوەی پێشوو، ص 34

[62]. جهانگیر نصری اشرفی. *نمایش و موسیقی در ایران*، تهران: ارون، 1383، ص161

زەینی بۆ بیســـەر، دەبنە هۆی دەرخســـتنی هەندێ حاڵەتی تایبەتی لەودا و بە خێرایی کاری لێ دەکەن.[63]

[63]. صــفیه مرادخانی؛ پرســتو قبادی اصــل. ســەرچاوەی پێشــوو، ص156

## لاواندنەوە وەك کارێکی ژنانە

لە بازنەی ترادیسیۆنی خێڵەکییانە و مەزهەبییانەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا، هەمیشە پیاو دەکەوێتە چەق و ژنیش وەك تەنێکی جوڵاوی سەر خولگەکە، بە هەموو بوونی خۆیەوە بەدەوری ئەودا دەخولێتەوە؛ باجی جەنگ، تورەبوون، تۆڵەکردنەوە و یەکترکوشتنەکانی ئەو دەدات و لە کۆتاییشدا تەنیا ئەوە کە بۆی دەگری و دەیلاوێنێتەوە. لە ئەدەبیاتی عەرەبی، فارسی، کوردی و تورکی و تارادەیەك هەموو ناوچەکەیشدا، جگە لە لاواندنەوە مەزهەبییەکان بۆ فاتیمەی کچی پەیامبەری ئیسلام، ژنان کەمترین شیعری شیوەنیان بۆ نووسراوە[64]. لە بەرامبەریشدا، ئەو پیاوانەی کە شینیان بۆ کراوە ژمارەیان زۆر زیاترە لەوەی بۆ ژنان کراوە. بێگومان چەندین هۆکاریش لە پشتی ئەم دیاردەیەوەن، وەك ئەوەی زۆربەی کات پیاو وەها سەیری گریان و شیوەنی کردووە کە کردەیەکی تایبەت بە ژنانە نەك پیاوان. ئەمە جگە لە هەمان باوەڕە دێرینەکانی وەك بە سوك تەماشاکردنی ژنان و باوەڕبوون بەوەی کە ئەوە پیاوانن ڕۆڵی گرنگی کۆمەڵگە دەگێڕن نەك ژنان. لەم بارەیەشەوە ئیبن ڕەشیق هەوڵ دەدا بیانوو بۆ ئەمە بهێنێتەوە و دەڵێ: "سەختترین شیننامەکان بۆ شاعیران ئەوەیە کە بیەوێ منالێ یا ژنێ بلاوێنیتەوە؛

---

[64]. بڕوانە: عبدالرحمن اسماعیل السماعیل. *رثاء الزوجات في العصرين الأموي والعباسي*، *مجلة جامعة الملک سعود*، الآداب 2، مجلد12، 1420، صص 94.451

چونکە بەهۆی کەمبوونی سیفات و تایبەتمەندییانەوە شاعیر بەگیر دێ[65]".

لە بەرامبەردا شەوقی زەیف لای وایە شتێکی سروشتییە لە شینگێڕی و لاواندنەوەی مردوودا، ژنان لە پیاوان سەرکەوتوتر بن، چونکە ژن لە لاوانەوەیدا دیقەت دەکات و هەستێکی جوانتری هەیە، ئەمە جگە لەوەی ژیانی پیاوان لە چاخی جاهیلیدا تەنیا بریتی بووە لە کوشتن و خوێن ڕشتن و شانازی کردن بە ئازایەتی و دلێرییانەوە[66]. ژنان لە شینگێڕیکردنندا بۆ مێردەکەیان، زۆر جوان و عاشقانە باسیان دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە درێژایی ژیانی هاوبەشیاندا هەرگیز مێردەکەشیان خۆش نەویستبێ. هەروەها، بۆ دەربڕینی خەم و تووڕەیی و نارەزایەتی خۆیان، لە ڕووداوەکانی دەوروبەریان کەڵك وەردەگرن. بۆ وێنە بەرگری لە مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی خۆیان دەکەن و ئەو کەسانەش کە لەو ڕێورەسمەدا بەشداری دەکەن بە باشی لەو شتانە تێدەگەن کە بە تەوس و

[65]. ابن رشيقالقيرواني. *العمدة في محاسن الشعر وآدابه*، تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، الطبعة الثانية، قاهرة: دار المعارف، 1967، جلدين، ص241

[66]. شوقيضيف.سەرچاوەی پێشوو، ص8

توانجـەوە لـە لایـەن ئـافرەتـەوە بـاس دەكرێ و دەتوانن پـەیـامـە شاراوەكانی وەربگرن.[67]

خاڵێكی گرنگ و جێ سـەرنج لەم نێوەندەدا، دەگمەن بوون یا تارادەیەك نەبوونی شـیننامەی تایبەتی ژنانەیە لە شـیعری فارسـیدا، چونكە ئەوەی كە لە مێژووی ئەدەبیاتەكان و تەزكەرەكاندا بەرچاو دەكەوێ لە چەند بەیتێك تێناپەڕێ، یاخود ئەوەی هەیە تەنیا لە جۆری شـیننـامەی مـەزهـەبییـە لەگەڵ ژمـارەیەكی بەیتی كەم بۆ لاواندنەوە پاشـاكان و كەسـەكانیان. لەكاتێكدا لە شـیعری عەرەبیدا خـەنسـا (مردن: 645ی زاینی) و لەیلا ئەلئەخیەلییە(مردن: نزیكی 704ی زاینی) و لە كوردیشـدا مەسـتورەی كوردسـتانی بە خاوەنی پڕهەسترین شیعری شیوەن بۆ پیاوان دەژمێردرێن.

لەم نێوەندەشـدا، ڕەنگە ترسی ژنی كورد لە بەرامبەر مردن و هەرگیز نەگەڕانەوەی نێرینەكانی دەروبەری، ـــ وەك ژنانی عەرەب . یەكێك بووبێ لە پاڵنەرەكانی ئامادەییەكی هەمیشـەیی بۆ شـینگێڕی، چونكە ژنی كورد، لەو سـۆنگەیەوە، كە ژنی جەنگاوەری خێڵ بووە و پیاوەكەی هـەردەم لـەبەردەم ئـەگـەری جـەنگی لـەناكاوی بێپلان و نـەخشـەدا بووە، جـەنگێك كـە هـەنـدێ جـاران ئـەم بـەئـاواتی نەخواسـتووە. لە سـەرو تاقەت و توانی خێڵەوە بووە و ماڵكاولكەر

[67]. كریستی آلیسون. "حضور زن در فرهنگ شفاهی كرد"، ترجمه فریده فتاحی قاضـی، نوسـخەیالكترونیكی، بڵاوكراوەتەوە لە 6 سێپتامبری 2012، لە ماڵپەڕی : http://boldketab.blogfa.com/post/41

بووە. ئەو هەردەم لە دڵڕاوكێدا ژیاوە. كاتێك هاوسەری، برا و باوك و دەستگیرانی، بەهەر نیازێك لە ماڵ یا لە سیاماڵ دەرچووبێت، ئەم گۆزە ئاوی بەشوێندا قڵپ كردووەتەوە. دروودی خوێندووە. خێری بۆ قەرار داوە. لە بۆ پیر و كتێبە پیرۆزەكان هۆمەنی بردووە. پاڕاوەتەوە و نزای كردووە تا لەو گەشتەیدا، یان لەو كارەی وابە شوێنیدا چووە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە.[68] ئەم دیاردەیە دەكرێ سەبارەت بە هەموو ژنێكی سەر بە خێڵی ئەو سەردەمە ڕاست بێ، بە تایبەتی كە ئێرانیش تا كۆتایی دەسەڵاتی قاجاریش بە تەواوی لەژێر كاریگەری سیستمێكی خێڵەكییانەدا بووە، بەڵام لەبەرچی خەنسایەك یا مەستورەیەك لە شیعری شیوەنی فارسیدا دیار نییە؟ پرسیارێكە ڕەنگە بتوانرێ لەم توێژینەوەیەدا وەڵامی چەند لایەنێكی بچوكی بدرێتەوە، هەرچەندە وەڵامدانەوەی تەواوی كارێكە لە توانای ئەم توێژینەوەیە بەدەرە.

[68]. محەمەد فەریق حەسەن. مێنتەلێتیی خێڵ، هەولێر: ئاراس، 2008، ل191

# بەشی یەکەم

# شیعری ژنانی قۆناغی یەکەمی قاجار (١٧٩٥ . ١٨٤٨)

## ئێرانی ژێر دەسەڵاتی قاجار

لێکۆڵینەوە لە شیعری ژنانی دەورەی قاجار[69]، بە بێ باسکردنی زەمینـە دینی، کۆمـەڵایـەتی و پـەروەردەییـەکانی نـاو سـیســتمی دەسـەڵاتدارێتی قاجار کارێکی نەکردە و مەحاڵە. واتە بۆ تێگەیشتن لە ژیان و شـیعری ژنانی ئەم دەورەیە، پێویسـتمان بە خوێندنەوەی ئەو مێژووەیە کە پیاوان دروسـتیان کردووە و نووسـیویانە، مێژوویەك کە پیاو بە هـەموو هێزە مادی و مەعنەوییەکانی خۆیەوە لـە چـەقیدا وەستاوە و ژنیش لە کەنارەکانیدا. لەپاڵ درێژەدان بە کۆی ترادیسیۆنە دێرینەکانی پیاوسـالاری و دەسـەڵاتدارێتی خێڵەکییانەدا، چەندین

---

[69].ئێلی قاجار ـــ کۆمەڵێک لە عەشایری تورکزمان ـــ لە درێژەی دەیەکانی 1780ـ1790 بەرەبەرە وڵاتی خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لە ساڵی 1786دا تارانی بە پایتەخت هەڵبژارد، لە 1796دا خانەدانی قاجاری بنیاد نا و پاش ئەوە بۆ ماوەی یەک سـەدە فەرمانڕەوایی ئێرانی پاش زەندییەی کرد. فەرمانڕەوایی ئەم خانەدانە لە ناوەندا بە هۆی وەزیران، دەربارییەکان، میرزاکان، مسـتەوفییەکان و ئەشـرافەوە بەڕێوە دەچوو، کە ناسـناوی وەک ئەلسـەڵتەنە، ئەلدەولە و ئەلمەمالیکیان هەبوو؛ بەڵام بە سـودوەرگرتن لە پیاوماقوڵانی لۆکاڵی، خانەکان، ئەربابەکان، بازرگان و موجتەهیدەکان دەیانتوانی فەرمانڕەوایی ناوچەکانی تری وڵات بکەن. بڕوانە: یراوند آبراهامیان. *تاریخ ایران مدرن*، ترجمە محمد ابراهیم فتاحی، تهران: نشـر نی، 1389، ص29

دیارده لەم دەورەیەدا جێگای سەرنجن، کە گرنگترینیان بەلای ئێمەوە بریتییە لە لاساییکردنەوە، مەزهەب ـــ خێڵسالاری و ماتەمزەدەگی کە سێ دیاردەی زۆر گرنگی مێژووییـن و بە بێ تێگەیشتن لەم سێ دیاردەیە زەحمەتە بتوانین تیشك بخەینە سەر شیعری ژنان و لێی بکۆڵینەوە.

مەبەست لە لاساییکردنەوە، دووبارەکردنەوەی زیادەڕەوانەی بەشێکی ئەزمونەکانی ڕابردووی ئێرانە کە خۆی لە بونیادنانی حەرەمسەرای پڕ لە ژن و کەنیزەك، دەرباری پڕ لە شاعیری ستایشکەر و مێژوونووس و تەزکەرەنووس (بیۆگرافینووسی شاعیران)ی دەرباری و ڕێبازە سۆفیگەرییەکان و دواجاریش لاساییکردنەوەی شیعری شاعیرانی هەردوو سەبکی خوراسانی و عیراقییە، کە خۆی لە "دەورەی بازگەشت"دا دەبینێتەوە.

مەبەست لە مەزهەب ـــ خێڵسالاریش، درێژەپێدانی هەمان دەسەڵاتی شیعەگەرایی سەفەوی و کولتووری خێڵەکییانەیە لە دەسەڵاتێکی هیرارشیدا. هەر لەبەر ئەمەیە کە پاشاکانی قاجار، خۆیان بە پاسەوانانی شیعە، پارێزەرانی قورئان، وەلی ئەمری موسڵمانان و هەڵگرانی شمشێری ئیمام عەلی دادەنا و زۆر سەفەری زیارەتیی و پروپاگەندەییان بۆ زیارەتگە گەورەکانی شیعە ـ ئیمام ڕەزا لە مەشهەد، مەعصومە لە قوم و تەنانەت سەفەر بۆ ئیمپراتۆری عوسمانی بە مەبەستی زیارەتی ئیمام حوسێن لە کەربەلا، ئیمام عەلی لە نەجەف و سامەڕا ـ ئەنجام دەدا.[70]

[70]. هەمان سەرچاوە، ص40

هەروەها مەبەســت لە ماتەمزەدەگی، زاڵبوونی فەزایەکی پڕ لە پرسـە و گریان و ماتەمینییە بەسـەر کۆمەڵگەدا کە دواجار لە هەموو کایەکانی ژیاندا ڕەنگ دەداتەوە و بەشـــێکی گەورەی شـــیعری ئەم دەورەیە داگیر دەکا.

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی ژنان لە قۆناغی یەکەمی قاجاردا

لە پێکهاتنی شـــوناسی ژنی ئێرانیدا، زۆر هۆکاری جیاواز کاریگەرییان هەبووە، کە دەتوانرێ ئەمانە بە هۆکاری جوگرافیایی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی وەك: حوکمەکان، بیروباوەڕ، پەروەردەی دینی، داب و نەریتی خێڵەکییانە و ... هتد دابنرێن. تەنیا سەرچاوەی لێکۆڵینەوەیش لەم دیاردانە گەڕانەوەیە بۆ ڕای ڕۆژهەڵاتناسـەکان و ئەو گەڕیدانەی لەو سـەردەمەدا سـەردانی ئێرانیان کردووە. بۆیە دەتوانین بڵێین، کە ئەگەر یاداشتی گەشتیارە ڕۆژئاواییەکان نەبووایە ئەوا ئەمڕۆ کەمترین سەرچاوەمان لەبەردەست دەبوو تا بتوانین باس لە واقیعییەتی کۆمەڵایەتییانەی ژنانی ئەو سـەردەمە بکەین، چونکە مێژوونووسـانی ئێرانی لەم ڕووەوە هیچ بایەخێکیان بە ڕۆڵی ژنان نەداوە و پەراوێزیان خسـتوون. بەشـداریی کۆمەڵایەتییانەی ژن لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمیشە هاوتا بووە بە پۆشـەرێکی سـەختی ترادیسـیۆنی و سـەرنجی ئەخلاقییانە لەسـەر بنەمای جیاکردنەوەی ژنان لە پیاوان.[71]

جیاوازی ڕەگەزیی یەکێکە لە سـیما دیارەکانی دەورەی قاجار. بە سەرنجدانێك لە میعماری ئەم دەورەیە ـ بە تایبەت لە شارەکاندا. دەردەکەوێ کە دیوارێکی کۆمەڵایەتی ــــ مەزهەبی ئەسـتور ژنی لە کۆمەڵگە دابڕیوە. لەم سـەردەمەدا، لە ماڵ و لە شـەقامەکانیشـدا

[71]. پولاک.*سـفرنامه پولاک(ایران و ایرانیان)*، ترجمه کیکاووس جهانداری: تهران: انتشارات خوارزمی، 1361، ج اول، ص5

جیاوازی ڕەگەزی بوونی هەبووە، بەتایبەت لەنێوان چینە خوارترەکانی کۆمەڵگەدا؛ لە ماڵەکاندا "ئەندەروونی" و "بیرونی" لێك جودا بوون، میوانە ژنەکان لەلایەن ژنانەوە پێشوازییان لێ دەکرا و میوانانی پیاویش لەلایەن پیاوانەوە[72].

حیجاب و باڵاپۆشی تەواو یەکێك بووە لە مەسەلە سەرەکییەکانی ژنانی قاجار. لە دەورەی فەتحعەلی شا (فەرمانڕەوایی: ١٧٩٧ـــ١٨٣٤) و پاش ئەویش، چادری دەرەوەی ماڵ ڕەنگی ڕەش یا وەنەوشەیی بوو، کە لەسەر چاقچور[73]ەوە دەیانکردە سەر و دەموچاویشیان بە ڕووبەندە دەپۆشی[74]. میرزا ئاقاخانی کرمانی (مردن: ١٨٩٦/١٨٩٧)لەبارەی حیجابی توندی ژنانی قاجارەوە ڕەخنە دەگرێ و دەنووسێ:

*حەکیمانی جیهان، چاو و گوێ بە ڕێگەی بەدەستهێنانی دانایی و فێربوونی زانست دەزانن و پێیان وایە هەموو*

---

[72]. ژوآنس فووریە.*سە سال در دربار ایران*، ترجمە عباس اقبال، تهران: دنیای کتاب، 1365، ص159

[73]. چاقچور: دەرپێیەکی بەرین، درێژ و لکاو بە گۆرەوەییەوە، کە لە ڕابوردودا ژنانی ئێرانی لەگەڵ چادردا دەیانپۆشی. حسنانوری. *فرهنگ بزرگ سخن*، تهران: سخن، 1381، دورەی 8 جلدی، جلد3، ص2276

[74]. مرتضیراوندی.*تاریخ اجتماعی ایران*، تهران: امیر کبیر، 1357، ج3، ص713

*دەرککردنێکی ئەقلانی لەرێگەی ئەم دوو ڕاڕەوەوەیە، کەچی لە ژنانی ئێرانیدا ئەم دوو ڕێگەیە بەستراوە.* [75]"

ژنان، سەرباری هەموو دابڕانێکیان لە کۆمەڵگە لە ماوەیەکی کەمی تەمەندا ناچار بە شوکردن دەکران و لەباتی خوێندن و فێربوون دەبوایە خەریکی ماڵداری بن. لە کۆمەڵگەی قاجاردا، ماوەیەکی زۆر لەنێوان منداڵیی و شوکردنی کچاندا نەبوو. کچان بە زۆری لەنێوان حەوت تا سیانزە ساڵیدا شویان دەکرد[76]. لەم سەردەمە فرەژنی زۆر باو بووە، لە خودی فەتحعەلی شاوە، کە بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان خاوەنی نزیکەی هەزار ژن و کەنیز و سەماکەر بووە[77]، تا دەگاتە دەسەڵاتدارانی دەربار و خانەدانەکانی وڵات، ژنیان تەنیا وەك کەرەسەتەیەکی چێژ یا هێزی کار بینیوە و فرەژنییان بە نیشانەی هێز زانیوە. فرەژنی بەشێوەیەکی گشتی لە شارەکاندا، تایبەت بووە بە

---

[75]. فریدون آدمیت. *اندیشەهای میرزا آقاخانکرمانی*، تهران: پیام، 1363، ص257

[76].بشرا دلریش.*زن در دورەی قاجار*، تهران: دفتر مطالعات دینی سازمان تبلیغات اسلامی، 1375، ص22

[77]. بڕوانە: احمد میرزا عضد الدوله، *تاریخ عضدی*، کرج: سرو، 1354 ؛ خسرو معتضد ؛ نیلوفر کسری. *سیاست و حرمسرا: زن در عصر قاجار*، تهران: علمی، 1379 ؛ محمد شمس لنگرودی. مکتب *بازگشت (بررسی شعر دورەهای افشاریە، زندیە، قاجاریە)*، تهران: مؤلف، 1372، ص173

ئەشراف؛ بەڵام لەناو خێڵەکانیشدا هەبووە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژن لە ناو خێڵدانەك هەر خەرجییەکی بۆ مێرد نەبووە، بەڵکوو هێزێکی کارامەتر بووە بەلای مێردەکەیەوە[78]، ئەمە سەرباری ئەو سوکایەتییانەی کە بەپێی چینە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی ناونانەوە بە ژنان دەکرا. بە ژنانی چینی باڵا "خانم" و بە ژنانی پلە دوو "بیگم" یا "بی بی" دەگوترا. بە ژنانی پلە خوارتریشیان دەگوت "زەعیفە". لەنێوان خەڵك و گشتداناوی ژنان نەدەبرا و وەك "زەعیفە"، "مەنزل"، "عەورەت" و "دایکی منالەکان" و ئەم جۆرە ناوانە باسیان دەکرا.[79]

لەم دەورەیەدا، ژن وەك هەر کەرەستەیەکی تر مامەڵەی سیاسییانە و خێڵەکییانەی پێوە دەکرا و کارتێکی دەستی پیاوان بوو بۆ یەکلاکردنەوەی مامەڵەکانیان لەسەر هێز و خاك و دەسەڵات[80].

---

[78]. هنری پاتینجر.*سفرنامه پاتینجر*، ترجمه شاهپور گودرزی، تهران: دهخدا، 1384، ص65

[79]. بڕوانە: مونس الدوله، *خاطرات مونس الدوله ندیمه حرامسرای ناصرالدین شاه*، به کوشش سیروس سعدوندیان، تهران: زرین، 1380، صص 193ـ194؛ پولاک، سەرچاوەی پێشوو، صص157ـ158

[80]. تەنانەت خودی فەتحعەلی شایش ئەم کارەی بە مەبەستی نزیککردنەوەی سەرۆکخێڵ و میرەکان لەخۆی، بەکار هێناوە و زۆر جار ژنە تەڵاقدراوەکانی خۆی یا کچەکانی دەدا بە ئەوان و لەم

هەر بۆیە کڕین و فرۆشـــتنی ژنان و کچانی گوندی کارێکی ئاســـایی بووە[81]. ســـەرباری ئەمە، هامبلی (Hambly) ئاماژە بە بەرفراوانیی بازرگانیکردن بە ژنانەوە لە دەورەی قاجاردا دەکات[82]. هەروەها بەپێی ڕاپۆرتی یەکێ لە گەشـــتیارەکان، لە ســـاڵی ١٨٤١دا، تورکمەنە سونییەکان گواستنەوەی کچانی شیعە مەزهەبی ئێرانی و فرۆشتنیان لە ئاســـیای ناوەڕاســـت بە کارێکی تەواو ڕەوا دادەنا. ئەم جۆرە نیگەرانییانە تا ســـەدەی دواتریشی ــ هەر بەردەوامی هەبوو، بۆیە

---

ڕێگەیەشەوە پشتیوانی بۆ خۆی بەدەست دەهێنا و لە هەمانکاتیشدا سیخوڕی لە کۆشکی ئەو دەسەڵاتدارانەدا دەچاند. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم ببابەتە بگەڕێوە بۆ احمد میرزا عضد الدوله، سەرچاوەی پێشوو.

81. Cf. Afsaneh Najmabadi, *The Story of the Doughters of Quchan: Gender and National Memory in Iranian History* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 1998

82. بڕوانە: ســـوزن مک الرون. "زنان عصـــر قاجار در عرصـــەی اجتماع: مروری بر پس زمینەهای فعالیتهای ســـیاســـی و اجتماعی زنان ایران"، *ایراننامە*، شمارە 4،3، 1386، نسخەی اینترنتی، بەروز شـــدە در تاریخ 2008/11/9، در ســـایت بنیاد مطالعات ایران: http://fis-iran.org/fa/irannameh/volxxiii/qajar-women

تاوەرەکانی چاودێری و پاســـەوانی لە گوندە فارسی زمانەکاندابە "برجهای ترکمن" ناسرابوون[83].

یەکێکی تر لە دیاردە دیارەکانی دەورەی قاجار زیاتر بوونی بەشــداری ژنانە لە مەراســیمی ڕەوزەخوێنیدا. ئەم جۆرە کۆڕ و ڕێوڕەسمانە لە ماڵەکاندا برەوێکی زۆریان سەند.بەجۆرێکی وەهای لێ هات کە چالاکانەترین ڕەهەندی ئامادەیی کۆمەڵایەتی ژنان لە دەورەی قاجاردا بریتی بوو لە بەشداری لە ڕێوڕەسمی پرسەی مانگی موحەرەم و ڕەوزەخوێنی و نمایشی تەعزیە.لەم چوارچێوەیەدا، بەدەســتهێنانی ئەجری دنیای دواتر، نییەت بۆ تەوبەکردن لە گوناهەکانیان، زیادکردنی زانیاری دینی، بینینی پیاوانی ســیاسی و ڕۆحانییەکان و مەرجەعە گەورەکان و گوێبیســتبوونی وەعزەکانیان، هەروەها خۆشبەختبوون لە چێژی کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بەشداری لە چێشــتلێنان و خواردنی، لەو پاڵنەرە بچوك و گەورانە بوون کە هێزیان دەبەخشی بە ژنان بۆ ئامادەبوون لەم جۆرە کۆڕوکۆبوونەوانەدا[84].

[83]. یرواند ابراهامیان. سەرچاوەی پێشوو، ص59

[84]. بشرا دلریش. سەرچاوەی پێشوو، صص74.73

## پەروەردە و خوێندنی ژنان لە قۆناغی یەکەمی قاجاردا

هەر لە سەرەتای پەیدابوونی ئیسلامەوە تا سەردەمی قاجار، تەنیا شوێنی فێربوون و خوێندەواری لە ئێراندا مزگەوتەکان بوو. لەبەر ئەوەش کە مزگەوتەکان زیاتر شوێنی پیاوان بوون، بە شێوەیەکی گشتی ژنان لە فێربوون و خوێندن بێبەش دەبوون. بەڵام لە سەردەمی قاجاردا مەکتەبخانەکان زیاتر برەویان سەند و یەکەمین مەکتەبخانەکانیش لە مزگەوتەکاندا دروست بوون. هەر بۆیە تا ساڵانێکی پاش دەسەڵاتدارێتی قاجاریش یەکێ لە شوێنەکانی پێکهێنانی مەکتەب و مەکتەبخانەکان هەر مزگەوتەکان بوو[85].

مەکتەبخانەکانی دەورەی قاجار بریتی بوون لە مەکتەبی ئاخوندباجییەکان، مەکتەبخانە گشتییەکان و مەکتەبخانە تایبەتییەکان. ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگی زۆرترە مەکتەبی ئاخوندباجییەکانە، کە شوێنی فێرکردنی منداڵان و ژنان بوو لەو سەردەمەدا و لە چوار ساڵەوە تا حەوت ساڵ بوون و تێکەڵ بوون. بەڵام منداڵی ئەشراف و خانەکان نەدەچوونە ئەوێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئاخوندباجییەکان[86] دەچوونە لای ئەوان. لەپاش ئەم

---

[85]. اقبال قاسمی پویا. *مدارس جدید در دوره قاجاریه بانیان و پیشروان*، تهران: مرکز نشر دانشگاهی، 1377، ص45

[86]. ئاخوند باجی، میرزاباجی، مەلاباجی، خان باجی یا شاهباجی بە خانمێکی فێرکاریان دەگوت، کە زانستێکی کەمی هەبوو و لە زۆربەی بوارەکاندا ژنێکی ئاقڵ بوو، زیاتریش ئەزمونی ژیانی

قۆناغەیش بەشـێکیان دەچوونە مەکتەبخانە گشـتییەکان، کە زیاتر کـورەکـان بـوون و کـچـەکـان لـە خـوێـنـدن بـێـبـەش دەکـران. مەکتەبخانەکان یا تیکەڵ بوون یان جیا، هەر لەبەر ئەمە زۆربەی کچان پاش تێپەڕاندنی خولێکی ماوەکورت لە ئاســتی خوێندنەوەی ناوەند و نووســین بە توانایەکی زۆر کەمەوە، پلەکانی پاش ئەوەیان نەدەبڕی و دەکەوتنە کونجی ماڵەوە[87]. ئامانجی فێربوون لەم جۆرە مەکتەبخانانەدا ئاشناییەکی کەم لەگەڵ سورەتە کورتەکانی قورئان و ئەخلاقیات و شـــەرعیات و ئەلفبا بوو. بەڵام لە مەکتەبخانە تایبەتەکاندا کە تایبەت بوو بە مناڵانی کوڕ و کچی پیاوە گەورەکان و خانەدانەکان و ئەشراف، خوێندن کەمێك جیاوازتر بوو. مەکتەبخانە تایبەتەکان هی شازادەکان و پیاوە گەورەکان و بەشێوەیەکی گشتی هی دەستڕۆیشتووانی کۆمەڵگە بوو، کە خاوەنی ماڵی زۆر و ئەندەروونی و بیرونی بوون و دوور لە مەکتەبخانە گشتییەکان پێك دەهاتن[88].

مەنســـورە ئیتیحـادییە لەبـارەی ئەو ڕۆژانەوە دەڵێ: "لـەم سەردەمەدا زۆر گرنگی بە خوێندنی کچان نەدەدرا و بە شێوەکی گشتی خوێندنیان زۆر ماوەکورت بوو، یاخود هەرگیز ڕێگەیان پێ نەدەدرا.

---

هەبوو تا زانســـت و زانیاری. بڕوانە: اقبال قاســـمی پویا. هەمان سەرچاوە، ص46

87. مســـتوفی عبدالله.*شـــرح زندگانی من، تاریخ اجتماعی و اداری دوره قاجار*، تهران: زوار، 1343، ج1، ص711

88. اقبال قاسمی پویا. سەرچاوەی پێشوو، ص45

هەرچۆن بێ بەهۆی شـــوکردنی کچان لە تەمەنێکی کەمدا دەرفەتێکی وا بۆ فێربوون و خوێنـدەواری نـەبوو. زۆربـەی زانیـارییـەکـان بـە شـــێوەیەکی ســـادە و لاوەکی فێری ژنان دەکران، هێندەی کە بتوانێ قورئان بخوێنێتەوە. بەگشتی لە کۆمەڵگەدا نووسین بۆ ژنان بە زیادە دادەنرا، بە تایبەتی کە لایانوابوو ئەخلاق لەناو دەبات. هەڵبەتە لە دیدی هەندێ لە پیاوانەوە لە بنەڕەتەوە نووســـین بۆ کچان حەرام بوو، چونکە لەوانەبوو نامەی عاشـــقانە بنووســـن[89]!"هەر بۆیە شـــانسیـــ خوێندنی کچان لەم دەورەیەدا تـەنیا تایبـەت بوو بـە ئـەشرافییـەکان، یـاخود لانی کـەم منـاڵانی خـانـەدانـەکان، چونکـە خوێندن بووبووە جۆرێك لە عادەتی ئەشرافی. هەندێ لە خانەوادە ئەشرافییەکان کچەکانیان ناچار دەکرد کە لەلای مامۆســـتایانی جێ متمـانـە لـە مـاڵـەوە بخوێنن... هـەبوونی خـەتێکی خۆش، وەك هونـەری کچـان لـە خێزانـە گـەورەکـانـدا دادەنرا و هـەنـدێ جاریش شـــیعریان دەگوت و فێرکردنیان زیاتر لایەنی هونەری و جوانکاری هەبوو تا پێویستی ژیان.[90]

لەگەڵ ئەمەشدا خوێندنی کچان بەر لە هەر شتێ ڕەزامەندیی پیاوان یاخود باوکەکانی پێویســـت بوو. تـەنیا کچانی هـەندێ لە خانەوادە شـــیك و دەربارییەکان، ئەویش بە مـەرجی ڕەزامـەندی

---

[89]. منصـــوره اتحادیه. *زنانی که زیر مقنعه کلاهداری کردند*، تهران: نشر تاریخ ایران، 1388، ص21

[90]. بدرالملوک بامداد. *زن ایرانی از انقلاب مشروطه تا انقلاب سفید*، تهران: ابن سینا، 1347، ص60 و 61

باوکانیان، دەیانتوانی بە یاریدەی مامۆســـتای بۆ ماڵەوە گیراو، تا ڕادەیەك درێژە بە خوێندنی خۆیان بدەن.[91]خوێندنی کچان دەبوایە زۆر جار بە نهێنی بێ، چونکە خوێندەواربوونی ژنان وەك شـــورەیی دەبینرا و زۆرێك لە ژنان خوێندەواری خۆیان دەشـــاردەوە.[92]لەلایەکی ترەوە ئەم مەکتەبخانانە بە تەنیا شـــوێنی ئەلفبای شـــەرعی و دینی نـەبوون، بەڵکوو لـە هـەنـدێ لـە مـەکتـەبخـانـەکـانـدا منـاڵان شـــەڕەشـــیعریان دەکرد و ئەمەش یاســـا و ڕێســـای خۆی هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی کە زەوقی شـــیعرییان هەبوو دەکەوتنە ناو ئەم کێبڕکێیەوە. ئاخوند، شاگردە بەهێز و بەهرەمەندەکانی خۆیی دەکردە دووبەشەوە و ئەوانیش دەستیان بە شەڕەشیعر دەکرد[93].

خاڵێکی فێرکاری گرنگ لەم دەورەیەدا ئەوەیە کە لە وەختی محـەمـەد شـــا (فـەرمـانڕەوایی: ١٨٣٤-١٨٤٨)دا، میســـیۆنێرە مـەســـیحییـەکـان، لـە ١٨ کـانونی دووەمی ١٨٣٦دا یـەکـەمین قوتـابخـانـەیان لە خەسرەوئـاباد و ورمێ کردەوە. بەرنـامەکانی ئەم قوتابخانانە لەســـەر بنەمای شـێوەی فێرکاری ئەمریکایی و ئەوروپایی

---

[91] *تاج السلطنه. خاطرات تاج السلطنه*، بە کوشش منصوره اتحادیه، تهران: نشر تاریخ ایران، 1371، ص90

[92]. الیز ســـاناســـاریان. جنبش حقوق زنان در ایران: *طغیان، افول و سرکوب از 1280 تا انقلاب 1357*، تهران: نشر اختران، 1384، ج اول، ص30

[93]. اقبال قاسمی پویا، سەرچاوەی پێشوو، ص70

بوو، بەڵام سەرباری ئەوەی کە ئەم قوتابخانانە لەلایەن شاوە لە ڕووی دارایی و کارگێڕییەوە پشتگیرییان دەکرا، کەچی ئەم پشتگیریکردنە تا ئەوکاتە بوو، کە ئەم قوتابخانانە تەنیا منداڵانی کەمینە دینییەکانی تریان فێر بکردایە. هەر بۆیە تا ساڵانێکی زۆر دواتر نەك تەنیا کچان بەڵکوو کوڕانیش نەیانتوانی سوودێکی زۆر لەم قوتابخانانە ببین[94]. هەروەها ماوەیەکی کەم پاش ئەمە مۆڵەتی دامەزراندنی قوتابخانەیەکی بچوکی کچانەی تایبەت بە ئەرمەنییەکان و هاوڵاتییانی وڵاتانی دەرەکی، لە تاران وەرگیرا، بەو مەرجەی کە کچانی موسڵمان لەوێ ڕێگەی خوێندنیان پێ نەدرێت[95].

هەرچی لەبارەی ژنانی گوندنشینیشەوەیە، بەگوێرەی گەڕیدە و مسیۆنێرەکان خوێندەواری لە گوندەکان زۆر کەم بووە، بەجۆرێك لەم بارەیەوە گوتراوە:

---

[94]. سهیلا فارسانی. *اسنادی از مدارس دختران از مشروطه تا پهلوی*، تهران: سازمان اسناد ملی ایران، 1378 ؛ رضا رمضان نرگسی. "سیر تجددزدگی نظام آموزشی در ایران معاصر"، *معارف*، 1388، شماره 86، صص110ـــ117 ؛ حسین احمدی. "کوشش مسیونرهای آمریکایی برای جذب نسطوریها (از محمد شاه تا اوایل سلطنت ناصرالدین شاه)"، *پژوهشنامەی تاریخ*، شمارە 11، 1387، صص1ـ27

[95]. سهیلا فارسانی. ەرچاوەی پێشوو. ص11

*"هەرچۆن بێ، لەگەڵ ئەوەی پەیداکردنی ژنێکی گوندنشین کە توانای خوێندنەوە و نووسینی هەبێ کارێکی ناوازەیە (جگە لە ژنانی ئەرباب)، بەڵام بارودۆخیان بەگشتی لە ژنانی شار باشترە. چونکە کارێکی زۆرتریان بۆ ئەنجامدان هەیە و سەرگەرمییان بۆ درێژەدان بە ژیان زۆرترە، ڕەنگە بەهۆی ئەوەشەوە بێ کە هێندە ماندوون ئیتر دەرفەتی بیرکردنەوەیان لە مەسەلەکانی تر نەبێ و بەگشتی خۆیان بە خۆشبەخت دادەنێن[96]."*

[96]. فرشته پناهی. *زن ایرانی در سفرنامه‌ها*، تهران: جاجرمی، 1381، ص49

## قۆناغی ماتەمزەدەگی و برەوی شیوەنگێڕی لە سەردەمی قاجاردا

مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی، کە پاش هاتنە سەر تەختی شا ئیسماعیلی یەکەم(فەرمانڕەوایی: ١٥٠١-١٥٢٤) لە ئێراندا بووە مەزهەبی فەرمی، لەسەردەمی دەسەڵاتی قاجارەکاندا و بە تایبەتی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی فەتحعەلی شادا بە تەواوی پایەکانی خۆی داکوتابوو و بە هەموو شێوەیەك پشتگیری لێ دەکرا. پێگەی دینی و مەزهەبی لە سەردەمی قاجاردا بەشێوەیەکی تایبەتییە، واتە وڵات ڕەنگێکی تەواو مەزهەبیی هەیە و شاکانی قاجار ڕوخساری مەزهەبی خۆیان ڕۆژبەڕۆژ ئاشکراتر دەکەن.[97] هەڵبەتە پێویستە ئاماژە بەوە بدرێ، کە ئاغا محەمەد خان (فەرمانڕەوایی ١٧٩٥-١٧٩٧) دامەزرێنەری شاهەنشایی قاجار، سەرباری ئەوەی کە پابەندبووە بە مەزهەبی شیعە و بەپێی پێویست تاعەتی کردووە[98]، هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتیدا فەرمانی بە دروستکردنی مزگەوتی "شاه" لە تاران دا و مەرقەدی ئیمام ڕەزایشی لە مەشهەد نوێ کردەوە[99]، بەڵام

---

[97]. شیرزادطایفی. "بررسی نمودهای مذهبی در شعر عهد قاجار"، *مجله ادیان و عرفان*، شماره دوم، 1389، ص101

[98]. سرجان ملکم. *تاریخ ایران*، ترجمه میرزا اسماعیل حیرت، تهران: یساولی (فرهنگسرا)، 1362، ج7، صص 287ـ288

[99]. ابو نصر عضد قاجار. *بازنگری در تاریخ قاجاریه و روزگار آنان*، تهران: دنیای کتاب، 1376، ص80

نەیدەویست دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ ڕۆحانییەکاندا دابەش بکا، کەچی ڕۆحانییەت و پیاوانی ئایینی لەسەردەمی دەسەڵاتی سیوحەوت ساڵەی فەتحعەلی شادا بە تەواوی بەهێز بوون و تاڕادەیەکی زۆر جڵەوی لەشکر و کۆمەڵگەیان بەدەستەوە بوو[100]. فەتحعەلی شا، کە پیاوێکی مەزهەبی بوو، یا بەڕواڵەت مەزهەبی دەینواند، گرنگی بە تەعزیەخوێنی دەدا و کەم تا زۆر ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەبوو لە برەوسەندنی ئەم ترادیسیۆنە مەزهەبییە لەنێو خەڵکی و گشتاندنی لە کۆمەڵگەدا[101].

لایەنێکی بەهێزی کولتووریی ئەم مەزهەبە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، خۆی لەو مەراسیم و نمایشانەدا دەبینییەوە کە بۆ پێشەوا و ئیمامە شەهیدەکانی ساز دەکران. ئەم مەراسیمانە لەلایەن پاشاکانی قاجارەوە لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە پشتگیری دەکران. پاشاکانی قاجار، هانی برەوسەندنی مەراسیمی ساڵانەی مانگی موحەڕەم و پرسەداری ئیمام حسێنیان دەدا و خەرجیی دەستەکان، ڕەوزەخوێنییەکان، تەعزییەکان، حسێنییەکان و تەکییەکانیان دابین

---

[100]. بڕوانە: بهزادکشاورزی. *تشیع و قدرت در ایران*، پاریس: انتشارات خاوران، 1379، صص135-205

[101]. علی بلوکباشی. *تعزیه خوانی در دوره فتحعلی شاه: نگاه جیمز موریه به تعزیەداری، در کتاب تعزیه و تئاتر در ایران*، به کوشش لاله تقیان، تهران: انتشارات نشر مرکز،1374، ص22

دەکرد[102]. لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد شایشدا بە هۆی هاندان و گرنگیپێدانەکانی خودی شا و سەدری ئەعزەم(سەرۆکوەزیران)ی ئەو کات، حاج میرزا ئاقاسی (فەرمانڕەوایی:١٨٣٥-١٨٤٨)، پرسەداری ڕەونەقێکی زیاتری پەیدا کرد و دروستکردنی تەکیە برەوی سەند[103].

لەم قۆناغەدا، ماتەم بریتی بوو لەو جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوانەی کە خەڵکی بۆ بیرهێنانەوەی ڕووداوی کەربەلا ڕێکیان دەخست، لەوێدا شینگێڕێك، بە شیعر شەهیدەکان دەلاوێنێتەوە و بە حوزنەوە دەیخوێنێ. گرنگترین دیاردە و دەرکەوتەکانی ماتەمینی لەم قۆناغەدا بریتی بوون لە نوحەخوێنی، ڕەوزەخوێنی و تەعزییە کە سەرەتاکانیان دەگەڕێتەوە بۆ بەر لەم سەردەمە، بەڵام لەم قۆناغەدا پایە کۆمەڵایەتی و مەزهەبییەکانی نوێ کرانەوە و تۆکمەتر کران و لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگیان دایەوە، بەجۆرێ کە لەم دەورەیەدا زۆر بە دەگمەن دەتوانرێ دیوانە شیعرێ بدۆزرێتەوە کەتێیدا ئاماژەیەك بە ڕووداوی کەربەلا نەکرابێ[104]و شاعیرێك پەیدا بکرێ کە شیننامەیەکی بەم

---

[102]. یراوند آبراهامیان. سەرچاوەی پێشوو، ص41

[103]. بڕوانە: رضا رمضان نرگسی."عزاداری در عصر قاجار"، نشریه *تاریخ در آینه پژوهش*، شماره 9، بهار 1385 صص90.53

[104]. شیرزاد طایفی. سەرچاوەی پێشوو، ص109

بۆنەیەوە نەهۆنیبێتەوە[105]. بۆیە لە خوارەوە دەکرێ گرنگترینی ئەو دیاردانە دەستنیشان بکەین، کە لەم دەورەیەدا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دروستکردنی فەزایەکی خەمهێنەرانە هەبووە و زەمینەی ڕاستەقینەی شیعری شینگێڕی قۆناغەکەی ڕەخساندووە:

## ١. ڕەوزەخوێنی

مێژووی ڕەوزەخوێنی پێش تەعزییەیە و هۆکاری ناونانیشی دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی کتێبی *روضة الشهداء*[106] کە لە دەورەی سەفەوییەدا دەستی پێ کردووە. حاجی میرزا حسێن نوری (مردن: ١٩٠٢)، لە پێشەکی کتێبی *لؤلؤ و مرجان*دا، پاش باسکردنی چۆنێتی شیعری شیوەن لە ڕۆژگاری ئیمامەکاندا، دەنووسێ:

---

[105]. محمد غلامرضایی. *سبکشناسی شعر پارسی از رودکی تا شاملو*، تهران: انتشارات جامی، 1377، ص 452.

[106]. لە نووسینی کەمالەدین حسێن کوڕی عەلی واعیزی کاشفی (مردن: 1501 تا 1505)یە، کە بە فەرمانی سەید مورشید ئەلدین عەبدوڵا ناسراو بە سەید میرزا، زاوای سوڵتان حسێنی بایقەرا، نووسراوە. ئەم کتیبە پێشگوتارێک و دە بەش لەخۆی دەگرێ، کە هەر یەکێ لە بەشەکانی تایبەتە بە بارودۆخی یەکێ لە پەیامبەران و ئەولیاکان یا کەسانێکی سەر بە خانەدانی ئیمامەکان. بەشی حەوتەم تا دەیەمی ئەم کتێبە تایبەتە بە ڕووداوەکانی کەربەلا.

*"ئەم دەســـتەیە لە موســـڵمانان (ڕەوزەخوێنەکان) نـاوێکی تـایبـەتیان نـەبوو تـا.. مـەلا حســـێنی کـاشـــفی (مردن:1501 تا 1505) کتێبی "روضة الشهداء"ی نووسی. پاش ئەوە، خەڵکی خواســـتیان لەســـەر خوێندنەوەی ئەو کتێبە لە "مەجلیسەکانی موسیبەت"دا پەیداکرد و بە هۆی نـارەوانی و ســـەختی دەقی کتێبـەکەوە، هـەموو کـەس نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە، بەڵکوو کەسانێکی تایبەت هەبوون کـە بـە بـاشی فێری خوێنـدنـەوەی بووبوون و لـە کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تـەعزییەدا دەیانخوێندەوە و پاشـــان بە ڕەوزەخوێن نـاسران؛ واتـە خوێنـەرەوەی کتێبی روضـــة الشهداء[107]"*

پاشـــتر ئەمە گەشـــەی کرد و چەندین کتێبی تر لەو بارەیەوە نووسران، بەڵام ناوەکەی هەر وەك خۆی مایەوە. ئەرکی سەرەکی ئەم ڕەوزەخوێنانە زیاتر خەمناککردن و دروســـتکردنی فەزایەکی پڕماتەم بوو. لەم ڕێوڕەسمانەدا، شیعرگەلێ بە ئاوازی خەمناك و سۆزدارەوە بە مەبەســـتی کارلێکردنی ئامادەبووان دەخوێنرانەوە[108]. هەروەها ئەرکی سەرەکیی ڕەوزەخوێن باسکردن لە کارەساتی بەسەرهاتی حسێن

[107]. محمود طاهر احمدی. "تشـکل‌های مذهبی: مجالس روضـه‌خوانی به روایت تاج واعظ"، *فصـلنامه‌ی تاریخ اسـلام*دانشـگاه باقر العلوم، شماره 8، 1380، ص2

[108]. سید مرتضـی سید خاوری لنگرودی."ارتباط مذهب و موسیقی سنتی در ایران"، *ادبستان*، شماره 41، 1372، ص95

و خوێندنەوەی شیعرگەلێ بوو لە تەعزیەکاندابە دەنگێکی خەمبارانەوە[109].

## ٢. تەعزیە

لە ڕووی مێژوویەوە، هەندێ لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە کە نمایشی تەعزیە ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ کارەساتەکانی میترا و پرسەباریی سیاوەش. هەندێکیش پێیان وایە کە لەژێر کاریگەریی ڕەگەزە ئوستورەییەکانی مێزۆپۆتامیا و ئەنادۆڵ و میسردا یا بەسەرهاتەکانی مەسیح و ئەفسانەکانی تری هیندۆئەوروپاییدا[110]، یان ئوستورەکانی بەر لە مەسیحییەتی عێراق وەك ئەو نمایشانەی، کە لە ڕۆژی حەوتەمی "جەژنی دوانزە ڕۆژەی

---

[109]. عباس خدومجمیلی. *تعزیه در عراق و چند کشور اسلامی*، ترجمەی مجید سرسنگی، تهران: فرهنگ و هنر، 1385، ص59

[110]. بڕوانە: صادق همایونی و محمود صباحی، "تعزیه"، دانشنامه جهان اسلام، تهران: بنیاد دایرة المعارف اسلامی، 1375. ج7،ص511؛ احمد صدر حاج سید جوادی و دیگران، دایره المعارف تشیع، ذیل مقاله "تعزیه"، تهران: 1369. ص 442

بابل"[111]دا ئەنجام دراون و پاشان ئەمانە لە پاش ڕووداوی کەربەلا و هبوونەتە زەمینە خۆشکەری ڕێوڕەسمی ماتەمینی تر[112].

تەعزییە، لە زماندا بە مانای "بانگێشـــتکردنی پرســـەبار بۆ ئارامگرتن"، "دڵنەوایی" و "پرســـەباری"[113]، هەروەها "فەرمانکردن بە ئارامگرتن" و "پرسـینەوە لە خزم و کەسـوکاری مردوو"[114] دێت. وەك زاراوەیش دەتوانین بڵێین نمایشێکە بۆ یادکردنەوەی شەهادەتی ئیمام حسـێن ئەنجام دەدرێ و تێیدا شـیعرگەلێ لە شـێوەی ڕەدیف و ئـاوازی ئێرانی دەخوێنن. بـە پێی ئـەمـە دەتوانرێ بگوترێ، تـەعزییـە نمایشنامەیەکی مەزهەبییە بە جۆرێ لە مۆسیقا یان وتەی کێشداری

[111]. جـەژنێـک بووە لـە بـابلی کۆندا، کـە دوازدە ڕۆژی خـایـاندووە و ڕۆژی حـەوتـەمی ئـەم جـەژنـە تـایبـەت بووە بـە نمـایشـــێکی دینیی خەمناک و ئەفسانەیی لەبارەی مەرگی خودایەکەوە بەناوی مەردوک و هەڵکشـــانی ئەو بۆ بەهەشـــت. بڕوانە: علي الزبيدی. "المســـرحية العربية في العراق"، *الأقلام*، العدد 5، بغداد، 1965، ص16

[112] Voir : Ta'ziye in Iraq and some islamic Countries (A Study on the Literary, Social and Political Values of Ta'ziye), Oxford Academy of Advanced Studies, 1999

[113]. حسن انوری. سـەرچاوەی پێشوو، ج3، ص1785

[114]. احمد صـدر حاج سـید جوادی و دیگران، سـەرچاوەی پێشـوو، ذیل مدخل "تعزیە".

سـوونەتییەوە[115]. ڕێوڕەسـمی تەکیە[116] یا تەعزییەخوێنیش گۆڕینی سـونەتـەکانی پرسـە بوو کـە شـیعـەییەکان لـە سـەردەمی دەیلەمییەکانەوە (٩٢٣-١٠٥٢ز)، لە وڵاتی ئێران و ناوچەکانی ژێر دەسـەڵاتیاندا هەموو سـاڵێك لە ڕۆژی شـەهادەتی ئیمام عەلی و حسـێندا ڕێکیان دەخسـت[117]. بەڵام لە سـەرەتاکانی سـەدەی شانزەهەمەوە، لەژێر پارێزوانی حکومەتی سەفەوییەدا لە سەرانسەری ئێراندا بڵاو بووەوە و هەرچەندە لەو کاتەدا، زۆرێك لە ئێرانییەکان سـەر بە ئایینزای سـونە بوون، بەڵام تەعزییە، وەك ڕێورسـمێکی شیعییانە بە فەرمی ناسێنرا[118].

لـەپاش تێپـەڕینی دەیـان سـاڵ، چـەنـدین هۆکـاری وەك ڕەوزەخوێنی، دەسـتەگەردانی (گەڕانی دەسـتەی ماتەمی موحەڕەم)، نوحەخوێنی و شەبیهسازی (نمایشی ڕووداوی کەربەلا)، کەم کەم بە

[115]. سید مرتضی سید خاوریلنگرودی. سەرچاوەی پێشوو، ص96

[116]تەکیە لە زماندا بەمانای "پاڵ بەشـتێکەوە دان" دێ و لەڕووی مەجازیشـەوە واتەی "پشـت و پەنا" دەدا و هەر بەهۆی ئەمەشـەوە بەشوێنێک دەوترێ پەنای هەژاران بێ وەک دێر و خانەقا؛ ئەمڕۆیش وەک زاراوە بە "حسـەینییە"یەک دەوترێ کە تێیدا ڕەوزە دەخوێنن یا شوێنی تازییەخوێنی و ڕەوزەخوێنییە.

[117]. عباس پرویز. تاریخ دیالمه و غزنویان، تهران: علمی، 1336، ص144،

[118]. عباس خدومجمیلی.سەرچاوەی پێشوو، ص58

یارمەتی یەکتری دابونەریتێکی نمایشیی هێنایە ئاراوە، کە لە سەردەمی قاجاردا بە تەواوی پەرەی سەند و کامڵ بوو. تەعزییە لە سەردەمی قاجاردا، بە تەنیشت دەستە و گروپەکانی سینگکوتانەوە بووە یەکێك لە جۆرەکانی عەزاداری[119] و ئەم بزوتنەوە هونەرییە بە پشتیوانییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی شازادە و فەرمانڕەواکانی قاجار کەوتە سەر ڕێی گەشەی خۆی. لە سەردەمی قاجاردا تەعزییەخوێنی لە ڕووی ناوەرۆك و چۆنێتی و هەروەها لە ڕووی شێوەی ڕێکخستنی و ئەنجامدانی و شوێنەکەیەوە، بە لوتکەی کامڵبوونی خۆی گەیشت[120]. هەر لەم سەردەمەدا ماوەی پرسەداری زیاتر دەخایەنێ و تەنیا تایبەت نابێ بە مانگی موحەڕەم و سەفەرەوە[121] وەك دوو مانگی تایبەت بە پرسەداری.

---

[119]. رضا رمضان نرگسی."عزاداری در عصر قاجار"، سەرچاوەی پێشوو، ص72

[120]. صادقهمایونی. *تعزیه در ایران*، تهران: انتشارات نوید،1368 ، ص68

[121]. بڕوانە: عبدالله مستوفی.سەرچاوەی پێشوو، ص227ـــــ286 ؛ پولاک. سەرچاوەی پێشوو، ص236 ؛ بشری دلریش، سەرچاوەی پێشوو، ص74.

## ٣. نوحەخوێنی

لە ڕووی وشـــەوە بەمانای "گریان و زاری بەســـەر مردوو" و "مور و لاواندنەوە" دێت[122]، بەڵام لە فەرهەنگی تازیەباری بۆ ئیمام حسـێندا، نوحە بەجۆرێکی تایبەتی شـیعری شـینگێڕی دەڵێن، کە لە کۆڕی پرسەداریدا بەشێوەی گروپی دەخوێنرێ. لەو کۆڕانەدا، شیعری نوحەیان بۆ سـنگکوتین دەگوت، یەکێ نوحەی دەخوێند و ئەوانی تر بە نەوا و ڕیتم و کێشی- شیعری نوحەخوێنەکە سنگیان دەکوتی.[123] دەتـوانـرێ ویســـالی شـــیرازی (مـردنی: ١٨٤٦) و یـەغـمـای جەندەقی(مردنی:١٨٥٩-١٨٦٠) بە ناودارترین شاعیرەکانی سەردەمی قاجار دابنرێن، کە شـیننامە و نوحەیان وتووە. شـیننامەکانی یەغما، کە بەشێکیان بۆ ئاهەنگە ڕیتمییەکان دروست کراون و شاعیر خۆی بە "نوحەی ســـینەزەنی" ناوی دەنێ، لە دیوانەکەیدا جێگەیەکی تایبەتییان هەیە... شاعیر جۆرێکی تازەی لە شیننامە هێناوەتە ئاراوە، کە زیاتر شێوەی سرودە میلییەکان دەدات[124].

---

[122]. حسنانوری. سەرچاوەی پێشوو، ج 8، ص8014

[123]. حسن مشحون. *موسیقی مذهبی ایران*، تهران: سازمان جشن و هنر، 1350، ص7

[124]. یحیی آرین پور. *از صبا تا نیما*، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، 1355، ج1، ص117

# ژنانی ماتەمگرتوو

لـە قۆنـاغی یەکەمی قـاجـاردا، کولتووری پرســـەداری بـە شێوەیەکی وەها گەشەی کرد، کە هەموو گۆشە و کەنارەکانی گرتەوە و گەیشــتە شــوێنی حەوانەوەی ژنانیش. نوحەخوێنی و ســینەزەنی، تەنانەت لەنێوان ژنانی ئەندەروونی پاشــاکانی قاجاریشــدا باو بوو[125]. ســـەرقاڵبوون بە مەســـەلە مەزهەبییەکانەوە یەکێ بوو لە گرنگترین ڕێگەکانی ســـەرگەرمکردنی ژنان، کە لە ســـەردەمی دەســـەڵاتی ئاغا محەمەدخاندا بایەخی پێ دەدرا. لەڕۆژەکانی ماتەمینی عاشورادا، یەکێ لە کچانی حەرەمسەرای ئاغا محەمەدخان بە جۆرێ کە سەراپا ڕەشی دەپۆشی، دەچووە سەر مینبەر و بەدەم باسکردنی بەڵا و کارەساتەکانی کەربەلاوە، ژنانی حەرەمســـەرای نوقمی شــــیوەن و زاری دەکرد[126]. هەروەها لەنێوان ژنان و کچەکانی فەتحعەلی شایشدا تەعزیە برەوی پێ درا و کەشـــێکی ئەشرافییانەی بەخۆیەوە گرت. تەماشــاچییەکانی ئەم جۆرە تەعزییەیە بریتی بوون لە ژنانی دەربار و خواجەســـەراکان و کوڕانی پێنەگەیشـــتوو. لەم جۆرە مەجلیســـانەدا، ژنانی پەچەداریان بەشـــداری پێ نەدەکرد، نەبا پیاوێك بە جلی ژنانەوە لە نێوانیاندا دابنیشـــێت[127]. هەر بەم بۆنەیەوە، قەمەر ئەلســـەڵتەنەی کچی فەتحعەلی شـــا، لە دە ڕۆژی یەکەمی مـانگی موحەڕەمی هەموو

---

[125]. حسن مشحون. سەرچاوەی پێشوو، ص26

[126]. ژوآنس فووریە. سەرچاوەی پێشوو، ص 159.

[127]. رضا رمضان نرگسی."عزاداری در عصر قاجار"، سەرچاوەی پێشوو، ص81

ســــاڵێکـدا، لە مـاڵەکەی خۆیـدا کۆڕی تەعزیەی بۆ ژنـان ڕێـك دەخست[128].

لـەم دەورەیـەدا ژنـان هـان دەدران کـە بـەشـــداری کۆڕە مەزهەبییەکانی ماتەمینی بکەن و ســـوود لە ئامۆژگارییە دینییەکان وەرگرن و لە ژیاندا لاســـایی ســـیمبۆلە مەزهەبییەکان بکەنەوە، بە واتایەکی تر هەوڵی "بە زەینەب و زەهراکردن"ی ژنان دەدرا[129].

لەلایەکی ترەوە بەشـــداری لەو پرســـە و ماتەمینییانەی کە ڕیشـــەی کۆنتریان هـەبوو، لایـەنێکی تری مـاتـەمگرتویی ژنـانی ئـەم قۆناغەی لەخۆ دەگرت. پرســـە و موری ژنان بۆ نزیکەکانی خۆیان، جۆرێ ڕەنگدانـەوەی کۆمـەڵایـەتیيـانـەی هـەبوو، کـە زۆر تونـد بوو؛ سەر بە دیواردا کوتان، پرچ ڕنینەوە، سەر و سینگ کوتان، دەموچاو بـە نینۆك خوێنـاویکردن و گۆنـاڕنینـەوە، ســـەردولکـە خوێنـدن و لاواندنەوەی جوامێری و جوانییەکانی مردوو، جوڵەی ڕیتمیکی چوونە پێشـەوە و هاتنە دواوە، بڕینی کەزی و پەلکە و هەڵواسـینی بە سـەر

---

[128]. Kamran Scot, Aghaie. *The Women of Karbala: Ritual Performance and Symbolic Discourses in Modern Shi'i Islam*, Austin: University of Texas Press, 2005, p.35

[129]. بڕوانە: رضا رمضان نرگسی."تأثیر مذهب تشیع بر هویت زن ایرانی"، *فصلنامه بانوان شیعه*، سال اول، شماره 1، پاییز 1383، صص 57-85

گۆڕی مێرد یا برادا، دواتریش پرســـەدارییەکی درێژخایەن نیشـــانەی پەیوەندییەکی قوڵی ژنان بوو بە ژیانی ژن و مێردایەتییەوە[130].

ئەم کەشـــە پڕ لە ماتەمینی و پرســـەدارییە، بە پلەی یەکەم لەلای شـاعیرەکانی ئەو قۆناغە، بووە کەرەسـتە و ماکی بەرهەمهێنانی جۆرێـك لە شـــیعر، کە لە درێژەی توێژینەوەکەمـانـدا ئـاوڕێ لێ دەدەینەوە. بەڵام لە سەرەتادا پێویستمان بە ناسینی شێوازی شیعری قۆناغەکە هەیە.

---

[130]. ایزابلابیشـــوب. *از بیســـتون تا زردکوه بختیاری*، ترجمه مهراب امیری، تهران: انزان، 1375، ص171؛ هنری موزر. *ســـفرنـــامه ترکســـتان و ایران*، ترجمەی علی مترجم، تهران: ســـحر، 1356، 1344، ص236؛ پولاک. ســـەرچاوەی پێشـــوو، ص248؛ اوســـتن هنری لایارد. *ســـفرنامه لایارد یا نبرد محمد تقی خان بختیاری با حکومت قاجار*، ترجمه مهراب امیری، تهران: انزان، 1367، ص118

## شێوازناسی شیعری سەردەمی قاجار

لە مێژووی لێکۆڵینەوە لە شـیعری فارسـیدا، شـێوازناسی شـیعری قاجار خاوەنی تایبەتمەندییەکی بەرچاوە، ئەویش ئەوەیە کە بەبێ ناسـینی شـێوازە شـیعرییەکانی بەر لەم دەورەیە، زۆر ئەسـتەمە بتوانین لێکۆڵینەوە لە شـیعر و شـاعیریی سـەردەمی قاجار بکەین. چونکە پوختەیەك لە شـێواز و ڕەوتە گرنگە ئەدەبییەکانی ڕابردووی ئێران لە شـیعری ئەم دەوەرەیەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە شـیعر زیاتر شێوە و ڕوخساری شێوازی خوراسانی لە قەسیدە و شێوازی عێراقی لە غەزەلدا بە خۆیەوە گرتووە[131]. هەروەها شیعری ئەم دەورەیە، کە بە "دەورەی بازگەشـتی ئەدەبی" یان "شـیعری ئەنجومەن" ناسراوە، درێژەپێدەری شـیعری قوتابخانەی خوراسـانی و شـاعیرانی دەورەی سەلجوقییە[132].

لە سـەرەتادا شـاعیرانی دەوەرەی ئەفشـار و زەندییە و سـەرەتاکانی قاجار، وەك موشـتاق (مردن: ١٧٥٦/١٧٥٥)، عاشـق (مردن: ١٧٦٧)، ڕەفیق (مردن: ١٧٩٨/١٧٩٧)، تەبییی ئەسفەهانی (مردن: ١٧٥٥ یا ١٧٥٨)، لوتفعەلی ئازەربیگدلی (مردن: ١٧٨١)، سـەباحی بیگدلی (مردن: نزیکی ١٨٠٣)، هاتفی ئەسـفەهانی (مردن:

---

131. مختارابراهیمی. "تحقیقی در صـور خیال (شـعر انجمن) دوره بازگشـت ادبی"، *فصلنامه دانشـکده علوم انسـانی* دانشـگاه سـمنان، شماره 6، زمستان 1382، ص38

132. مختار ابراهیمی. هەمان سەرچاوە، ص24

١٧٨٤)، شەهابی تورشیزی (مردن: ١٨٠١/١٨٠٢) و میرزا نەسیرس ئەســـفەهانی (مردن: ١٧٧٧)[133]،کە ئەڵقەی بە یەکگەیاندنەوەی هەموو شـێوازەکانی شـیعری فارسـین، لەگەڵ درێژەدان بە شـێوازی هیندی ــــ ئەسـفەهانی، پەیڕەوییان لە شـاعیرانی کۆنتریش کرد. ئەم شـــاعیرانە وادیارە بە هۆی نزیکی ســـەردەم و دەســـتەبەرنەبوونی هەلومەرج بۆ پەیڕەوی لە شـــێوازی خوراســـانی، دەســـتییان دایە پەیڕەوی لە شـاعیرانی شـێوازی عێراقی. بەڵام لێکۆڵینەوەی وردتر لە شـیعری ئەمانە نیشـاندەری ئەوەیە کە زمانی شـیعری ئەم دەورەیە تێکەڵەیەکە لە زمانی شاعیرانی شێوازی عیراقی و "مەکتەبی وقوع"[134]

[133]. محمد تقی بهار. *بهار و ادب فارســـی*، به کوشـــش محمد گلبن، تهران: امیر کبیر، 1351، جلد اول، ص46 ؛ ذبیح الله صـــفا. *تاریخ ادبیات در ایران*، تهران: فردوس، 1369، جلد5، بخش2.

[134]. مەکتەبی وقوع بریتییە لە ڕێبازێکی شیعریی سەردەمی شێوازی هیندی،کە تاڕادەیەک واقیعگەرا بوون و لە قۆناغیســـەفەوییەدا گەشـــەی کردووە. شـــاعیرەکانی گرنگییان بە دەربڕینی ئاهوناڵە و قســـەی دەروونیان داوە و دەربڕی هەڵچوونە دەروونییەکان و واقیعییاتی حاڵ بوون. شاعیری وقوعی هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە تا دەتوانێ خۆمانەتر و بەســۆزتر قســـەی دڵی بکات. وقوعییەکان، لقێکی بازاڕیی (عامیانەبووەوەی) شـــێوازی عێراقی، بە تایبەتی لە شـێوەی سـەعدی بوون. جیاوازی لەگەڵ شـێوازی هیندی لەوەدایە، کە ســـادەیە و دوورە لە ئارایش و ڕازاندنەوەی وتە و زیادەڕەوی شـاعیرانە. دیوی لێکچوونیشـیان بریتییە لە عامییانە و بازاڕانەبوونی

و هەندێ جاریش ڕیتم و شـــێوەی شـــێوازی هیندی تێدا بەدی دەکرێت[135]. لە پاشتریشدا ئەم شاعیرانە، کە هەریەکە و لە دەرباری شـــاکانی قاجاردا، پێگەیەکی تایبەتییان هەبوو، لە غەزەلدا لاســـایی ســـەعدی و حافزیان دەکردەوە و لە مەســـنەوییە حەماســـییەکاندا پەیڕەوییان لە فیردەوسی و لە مەســـنەوییە عاشـــقانەکانیشـــدا پەیڕەوییان لە نیزامیی گەنجەیی دەکرد[136]. بە شێوەیەکی گشتی زمانی شـیعری ئەم دەورەیە لەژێر کاریگەری شـیعری دەورەی عێراقیدایە... شـــاعیرەکانی دەورەی بازگەشـــت، هەرچەندە هەوڵیان داوە زمانی

---

هەردوو جۆرە شـــیعرەکە. وقوعییەکان جگە لە ســـەرنجدان لە واقعییەتی عیشـــق وعاشـــقی و ڕەنگدانەوەی لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا، ئیتر هیچ گوێیان بە واقیعییەتە دەرەکییەکان نەدەدا. ئەمانە بۆیە ناوی "وقوعی"یان لەخۆیان نابوو چونکە شـــیعرەکانیان بە پێچەوانەی شـــیعری عاشـــقانەی شـــێوازی عێراقییەوە، زەمینی و واقعییە. شاعیرە ناودارەکانی ئەم مەکتەبە بریتین لە وەحشی بافقی، زەلالی خوانســـــاری، زەمیری ئەســـــفەهـانی، ئەســـــیری ڕازی، موحتەشـــەمی کاشـــانی و ...هتد. بڕوانە: محمد شـــمســـلنگرودی. سەرچاوەی پێشوو، صص34ــــ54؛ احمد گلچین معانی.*مکتب وقوع در شـعر فارسـی*، مشـهد: انتشـارات دانشـگاه فردوسـی، 1374، ص4.3

[135]. محمد غلامرضایی. سەرچاوەی پێشوو، ص444

[136]. بڕوانە: سیروس شمیسا. سەرچاوەی پێشوو.

شیعر و ئاخاوتنیان لە ڕۆژگاری شێوازی عێراقی نزیك بكەنەوە، بەڵام نیشـــانەگەلێ لە شـــیعرەكانیاندا دەبینرێ كە دیارخەری كارلێكراویی زمانی ســـەردەمەكەی خۆیان و تا ڕادەیەكیش شـــیعری دەورەی سەفەوییەیە[137].

هۆكارێكی تر، كە شـــاعیرانی ســـەرەتای ئەم دەورەیە ڕوویان لە ستایشـبێژی و شـێوازی خوراسـانی نەكرد، پەیوەندی بەوەوە هەبوو كە هەر یەكە لە نادرشـــای ئەفشـــار (فەرمانڕەوایی: ١٧٣٦-١٧٤٧)، كەریمخانی زەند (فەرمانڕەوایی: ١٧٥٠-١٧٧٩) و ئاغا محەمەدخانی قاجار گرنگییان بە شـیعر و شـاعیری نەدەدا[138]، كە ئەمەش بەمانای گرنگینەدانی دەربار بوو بە شـیعری سـتایش وەك یەكێك لە سـیما سـەرەكییەكانی شـێوازی خوراسـانی. بەڵام لە ئەنجامی برەودان بە شـیعر و ئەدەب لەلایەن فەتحعەلی شـاوە، كە بە ناسـناوی"خاقان" شـــیعری دەگوت و بە هەوڵ و لێبڕانی قائیممەقام فەراهانی (مردن: ١٨٣٥)، زۆرێك لە شـــاعیران ڕوویان لە دەربار كرد. پاشـــان "ئەنجومەنی خاقان" لەژێر چاودێری مەلیكوشـوعەرای سـەبا(مردن: ١٨٢٢/١٨٢٣) پێك هات[139]. فەتحعەلی شـا كە خۆی شـاعیر بوو،

---

137. اكبر شاملو ؛ كاظم دزفولیان. "بازگشت ادبی و مختصات زبانی شعر آن دوره"، *تاریخ ادبیات فارسی*، شماره 3، 1359،ص93

138. محمد غلامرضایی، سەرچاوەی پیشو، ص446

139. بڕوانە: مرتضـــی راوندی، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ج8، بخش2، ص171

بە لاســـاییکردنەوەی دەربارەکانی ســـامانی و غـەزنەوی، هـەوڵی نزیککردنـەوەی شـــاعیرانی دا لـە دەربـار و موچـەی بۆ بڕینـەوە و بەمجۆرەیش جارێکی تر بازاڕی سـتایشـبێژی گەرم بووەوە و شـیعری دەرباری گەشـــەی کردەوە[140]. ئیتر شـــاعیرانیش نەك لە شـــۆڕ و شـــەوقییانەوە، بەڵکوو هەروەکو ئەوەی نیما یوشـــیج دەڵێ "لە ناچاریی" و "نەزانی"دا گەڕانەوە بۆ شـــێوەی ڕابردوو و هەوڵیان دا جـارێکی تر زمـانی نـاودارانی شـــیعری کۆن زینـدوو بکـەنـەوە[141].لـە کۆتاییشـــدا قوتابخانەیەك لە شـــیعری فارسی دروســـت بوو، کە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆیشـمان لەنێوان ناولێنانی بە "ڕێنیسـانسی- ئەدەبی" یا "لاساییکردنەوەی ڕابردوو"، لەلایەن لێکۆڵەرانی ئەدەبییەوە کێشـەی لەســـەرە و لە خوارەوە هەوڵی دیارخســـتنی تایبەتمەندییەکانی ئەم دەورە ئەدەبییە دەدەین.

---

140. محمد غلامرضایی. سەرچاوەی پێشوو، ص447.

141. پوران فرخزاد.*نیمەهای ناتمام: سیری در شعر زنان از رابعە تا فروغ*، تهران: تندیس، 1380، ص94

## دەورەی بازگەشتی ئەدەبی

سەرەتاکانی دەورەی بازگەشتی ئەدەبی دەگەڕێتەوە بۆ دەورەی "فیترەتی ئەدەبی"[142] لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمدا. واتە لە لەناوچوونی سەفەوییەوە تا سەرەتای سەڵتەنەتی فەتحعەلی شا و پاشان لەوێوە تا سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی مەشروتە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم درێژە دەکێشێ. لەبارەی سەرەتا و پێشەواکانی ئەم دەورەیەوە، لێکۆڵەرانی ئەدەبی تا ڕادەیەك هاوڕان، بەڵام لەبارەی چییەتی شیعری ئەم دەوەرەیە و ناولێنانی و تایبەتمەندییەکانیەوە ڕای جیاواز هەیە و زۆر جاریش پێچەوانەی یەکترن[143]. لێکۆڵەران،

---

[142]. هۆکاری ناونانی بە فیترەت بریتی بوو لە هەژار بوون لە ڕووی شیعرەوە و گوێنەدانی نادرشا و کەریم خانی زەند بە شیعر و شاعیری، هەروەها جۆرێ لە بنبەست لە شیعری سەبکی هیندیدا.

[143]. بە ئەگەری بەهێز دەربڕینی "بازگەشت" بۆ یەکەمین جار لەلایەن مەلیکوشوعەرای بەهارەوە بەکار هێنراوە. ئەو لە کتێبی "سبک شناسی" (ج3، ص316) بە دەربڕینی "ڕەستاخیز یا بازگەشت" باسی ئەوقۆناغەی کردووە. کەسانی تریش ئەمجۆرە ناوانەیانلەم قۆناغە ناوە: "نهضت، نهضت جدید، نهضت شعری جدید" لەلایەن عەباس ئیقبالەوە، "نهضت ادبی" لەلایەن جەلالەدینی هومایی، "نهضت نو در شعر فارسی" و "دوره بازگشت" لەلایەن زەبیحولایسەفا، "نهضت بازگشت یا تجدید حیات ادبی" لەلایەن ڕەعدی ئازەرەخشی، "نهضت بازگشت بە سبک قدما" لە باسکردنی قۆناغی یەکەمینی و

شـــێوازی شـــیعر و ئەدەبیاتی قۆناغی ئەفشـــارییە و زەندییەیان بە (قۆناغی یەکەمی بازگەشـــت) و ئەدەبیاتی قۆناغی قاجاریشـــیان بە (دەورەی دووەمی بازگەشـــت) ناوبردووە[144]. شـــیعری ئەم ڕۆژگارە، زیاتر لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکاندا پەروەردە بووە. ئەنجومەنەکانی هاوشێوەی ئەنجومەنی موشتاق، ئەنجومەنی نەشات و ئەنجومەنی خاقان لەم ڕووەوە ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە. بەم پێیە دەتوانرێ بە

---

هەروەها "مکتب ادبی" لە باســـکردنی قۆناغی دووەمینیدا لەلایەن عەبدولحسێن زەڕینکوب، "نهضت ادبی" و "نهضت نسبتا مهمی در شـــعر فارســـی" لەلایەن یەحیائارینپورەوە. هەندێ لێکۆڵەریش بە زیادەڕەوییەوە باسی ئەم قۆناغەیان کردووە، بۆ نمونە نووسەرێک بە دەربڕینی "نهضت بزرگ ادبی" و "رنسانس ادبی" باسی کردووە و هەروەها لە دایره المعارف فارســـیدا وشـــەی "رجعت"، بە بارە نەرێنییەکەی بە مانای گەڕانەوە و کۆنەپەرســـتی بۆ ئەم قۆناغە بەکارهاتووە. بڕوانە:

K. Amīrī Fīrūzkūhī, "ʿĀŠEQ EṢFAHĀNĪ," *Encyclopædia Iranica*, online edition, 2012, available at http://www.iranicaonline.org/articles/aseq-esfahani-aqa-mohammad-kayyat-or-in-one-account-mohammad-khan-a-persian-poet-of-the-12th-18th-century (accessed on 16 October 2012).

[144]. اکبر شاملو ؛ کاظم دزفولیان. سەرچاوەی پێشوو، ص91

شـــیعری ئەم دەورەیە بگوترێ "شـــیعری ئەنجومەن"[145]. گرنگترین شــــاعیرەکانی ئەم دەورەیەش کە لە زەمانی ئاغا محەمەدخان و فەتحعەلی شـادا بە هەوڵی ئەنجومەنی ئەدەبی ئەسـفەهان دەسـتیان پێ کرد، بریتی بوون لـە سـەبای کاشــانی (مردن: ١٨٢٢/١٨٢٣)، شـوعلەی ئەسـفەهانی (مردن: ١٨١٠)، ویسـالی شـیرازی (مردن: ١٨٤٦)، سەهبای قومی (مردن: ١٧٧٧)، سەحاب (مردن: ١٨٠٧)، موجمەر (مردن: ١٨١٠)، سروش (مردن: ١٨٦٨/١٨٦٩)، موشـتاق (مردن: ١٧٥٥/١٧٥٦)، ئازەر (مردن: ١٧٨١)، ســەباحی (مردن: نزیکی ١٨٠٣)، ڕەفیق (مردن: ١٧٩٧/١٧٩٨)، قائانی (مردن:١٨٥٤ یا ١٨٥٦)، فوروغی (مردن: ١٨٥٧/١٨٥٨)و یەغما (مردن: ١٨٩-١٨٦٠)کە هەموویان بەشـــێوەی شــاعیرانی پێشـــوو شـــیعریان دەگوت[146].

بە ســـەرنجدان لە گرنگی و پێگەی شـــیعری ئەم دەوەرەیە، دەتوانرێ بگوترێ، کـە شــیعری بـازگـەشـــت هیچ نوێکـارییـەکی نـەهێناوەتـە نـاو ئـەدەبیاتی فـارســییەوە و جگـە لـە گـەڕانـەوەیـەکی ئاگامەندانە بۆ ترادیسیۆن، کارێکی تری نەکردووە. هەر لەبەر ئەمەشە کـە ئـەگـەر هـەموو دیوانی شـــاعیرەکانی قۆنـاغی یەکـەمی قـاجـار

---

[145]. مختار ابراهیمی. "تحقیقی در شـعر بازگشـت ادبی و مقایسـه آن با شـعر خاقانی و حافظ"، *نشـریه دانشـکده ادبیات و علوم انسـانی*، شماره 15، بهار 1383. ص24

[146]. قیصـــر امینپور."راه بی بازگشـــت"، *فصـــلنامه هنر*، دوره جدید، شماره34، 1376،ص14

بگـەڕێیـت، هیچی تـازەی تێـدا نـابینیـت[147]. واتـە لـەدرێژەی ڕەوتی داهێنان لە شـیعری فارسـیدا، تا بەر لە دەورەی مەشروتە، دەتوانرێ شـــێوازی هیندی بە لوتکەی داهێنانی خۆئاگایانە لە ناوجەرگەی ترادیســـیۆن و دەورەی بازگەشـــتیش بە لوتکەی ترادیســـۆنباوەڕیی خۆئاگایانە دابنرێت[148].وەك شـەمسی- لەنگرودی دەڵێت "کارەسـاتی بازگەشـت لەوەدا بوو کە شـاعیر لە حاڵ و هەوای هەموو کەسـێکدا شـــیعری دەگوت جگە لە حاڵ و هەوای خۆی. ئەو، خاڵی بوو لە هەست. وەك بڵێی خۆی هیچ ئەزمونێکی نەبێت[149].

پرسـیارێك هەیە کە هەمیشـە لەبارەی ئەم دەوەرەیەوە کراوە، ئەویش ئەوەیە ئایا بازگەشـــت شـــێوازە یا ڕێنیســـانس؟ مەهدی ئەخەوانی ســـالیس(مردن: ١٩٩٠) پێی وایە کە دەورەی بازگەشـــت هیچ داهێنانێکی نەهێناوە و ناکرێ بە ڕێنیســـانسی_ ئەوروپاییەکان بەراورد بکرێت، چونکە ئەوان هەرچێکیان هەیە هی پاش ڕێنیسانسە و ئێران هەرچی هەیە هی بەر لە بازگەشتە:

*"ڕاســـانی بازگەشـــت تەنیا وەکو کۆدێتایەك بوو بۆ ڕووخاندنی سەڵتەنەتی تایبەتی خانەدانی سەبکی هیندی ـــ کە هـەموویـان لێی بـەتـەنـگ هـاتبوون؛ لەگەڵ دروســـتکردنی سـیسـتمی ملوك ئەلتەوائیفی لە شـیعر و ئەدەبدا. لەگەڵ ئەو*

---

[147]. شمس لنگرودی. سەرچاوەی پێشوو، ص188

[148]. قیصر امینپور. سەرچاوەی پێشوو. ص12

[149]. شمس لنگرودی. سەرچاوەی پێشوو، ص76

*جیاوازییەدا کە هیچ ڕوخسارێکی درەخشانتری لە پێش خۆی دروســـت نەکرد، بە ئاســـانی هەندێ مرۆڤی درۆیینەی وەکسەعدی درۆیینە، سەنایی درۆیینە، مەنوچێهری درۆیینە و ئەوانی تری بەرهەم هێنا[150]."*

ئەگەر ئەوەش قبوڵ بکەین کە "شـێواز" بە واتای شـێوەیەك دێت کە خاوەن "شـێواز" هەیەتی، کەواتە بازگەشـت، شـێوازیش نییە. چونکە بازگەشتییەکان باوەڕیان وابوو کە شاعیر نابێ خۆی بێ، بەڵکوو دەبێ ئەوی تر بێ. کەواتە بازگەشـت شـێوازێکی تایبەت نییە، بەڵکوو گەڕانەوەیە بۆ هەموو شـێوازەکان جگە لە شـێوازی هیندی[151]. لە بارودۆخێکی وەهایشـدا، کە پشـتی بە لاسـاییکردنەوە بەسـتبوو و هیچ داهێنانێکیش لەئارادا نەبوو، لەنێوان شـیعری شـاعیران و ژیانی سـەردەمەکەدا جیاوازییەکی زۆر هەبوو. شـاعیرانی ئەم دەورەیە هەرگیز بیریان لە ناڕەحەتی و سـتەم و ئازارەکانی سـەردەمەکەیان نەکردووەتەوە و لە شـیعرەکانیاندا ئاماژەی پێ نەدراوە، وەك بڵێی دەرباری ئێران شـوێنێکی دورکەوتە و جیایە، کە وەك وڵاتی جادولێکراوی ئەفسـانەکان، لەگەڵ شـا و پیاوەکانیدا چووەتە خەوێکی قوڵەوە[152]. بە کورتی، شـاعیرانی ئەم دەورەیە جگە

---

[150]. مهدی اخوان ثالث. "نیما مردی بود مردستان"، *اندیشه و هنر*، دوره دوم، 1336، شماره 9، 1339، ص660

[151]. قیصر امین پور. سەرچاوەی پێشوو، ص16

[152]. مرتضی راوندی. سەرچاوەی پێشوو، ج8، بخش دوم، ص172.

لە ئارەزووی خۆبردنە ئاست گەورەکانی پێشوو، سەودایەکی تریان لەسەردا نەبووە[153].

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە شیعرییەکانی ئەم دەورەیە، کە زۆر پەیوەندی بە مەبەستی سەرەکی ئەم باسەی ئێمەوە هەیە، دەرکەوتنی کارەکتەرە مەزهەبییەکانی شیعەیە لە شیعری ئەم دەورەیەدا، کە بە خاڵێکی جیاکەرەوەی شیعری ئەم دەورەیە دادەنرێ لەگەڵ شێوازی خوراسانی و عێراقی و تارادەیەك هیچ شاعیرێك نامێنی کە شیعری بۆ مەزهەب و ئیمامانی شیعە نەگوتبێ. لە شیعری ئەم دەورەیەدا، یەکێ لە بابەتە گشتگیرەکان، بە دڵنیاییەوە عەلی و یادی جوامێری و مێرخاسی و بەخشینەکانی ئەوە، ئەگەر کەمێکیش وردتربین، دەتوانین لەسەر بنەمای شیعرەکانی ئەم دەورەیە "عەلینامە"گەلێ رێك بخەین، کە لەناساندن و پێشکەشکردنی وێنەگەلێ لە "عەلیناسی" لە سەردەمی قاجاردا، سوودیان لێ وەرگرین[154]. ئەمەش بەهۆی ئەوەیە تارادەیەك زۆربەی شاعیرەکانی دەورەی بازگەشت و دەورەی قاجار شیعری ستایشییان بۆ عەلی و ئیمامانی شیعە وتووە، کە لە خودی فەتحعەلی شاوە دەست پێ

153. قیصر امین پور. سەرچاوەی پێشوو، ص14

154. شیرزاد طایفی. سەرچاوەی پێشوو، ص104

دەکا، تا دەگاتە شـــاعیرە بەناوبانگەکانی ئەم دەورەیە و بێگومان ژنانی شاعیریش لاسایی ئەم حاڵەتەیان کردووەتەوە[155].

دوایین تایبەتمەندی شـــیعری ئەم دەورەیە، کە ئێمە لێرەدا دەرفـەتی ئـەوەمـان هـەبێ باسی بکـەین، بریتییـە لـە زۆری ژمـارەی شـاعیرەکانی دەورەکە[156] و کەمیی"شـیعری باش"! بە جۆرێ، کە لەو شـــاعیرانـەی لەنێوان ســـاڵانی ١٧٠٠ تا ١٨٠٠دا کۆچیی دواییان کردووە، دەتوانرێ تـەنیا نـاوی یـەك یا دوو کـەس بهێنرێـت. لـەو کەســـانەیش کە لە نێوان ســـاڵانی ١٨٠٠ تا ١٨٨٥ مردون، دەبێ نزیکەی بیســـت کەس بژمێرین[157]. لەمبارەیەوە ئێدوارد براون، لە *تاریخ ادبیات ایران*، لە زمانی ڕەزا قولیخانی هیدایەتی نووســـەری تەزکەرەی "مجمع الفصحاء"وە دەڵێ:

*"ڕۆژێ لەگەڵ هاوڕێی کۆن و بەڕێزی خۆمدا، حاجی میرزا یەحیا دەوڵەتئابادی، کە چاکەگەلێکی زۆری هەیە و زانیارییەکی*

[155]. بۆ زانیاری لەبارەی شـــیعرە مەزهەبییەکانی شـــاعیرانی ئەم قۆناغەوە بڕوانە: شیرزاد طایفی. هەمان سەرچاوە.

[156]. لە تەزکەرەی "حدیقة الشعراء"دا باسـی 1440 شـاعیری پیاو و نزیکەی 80 شاعیری ژن کراوە، کە لەنێوان ساڵانی 1200ـ1300دا ژیاون. بڕوانە: سید احمد دیوانبیگی شیرازی. *حدیقة الشعراء*، تحقیق عبدالحسین نوایی، تهران: زرین، 3 جلد، 1364

[157]. ادوارد براون، *تاریخ ادبیات ایران از آغاز عهد صفویه تا زمان حاضر*، ترجمه رشید یاسمی، تهران: ابن سینا، 1345، ج4، ص174

*زۆری لەسەر شیعری فارسی هەیە و ڕەنگە هەزاران بەیتی لەبەر بێ، پێرستی "مجمع الفصحاء"مان کردەوە و خوێندمانەوە، لێم پرسی کام یەك لەم شاعیرانە بەڕاستی گرنگ و بەشایەن دەزانی؟ لە 359 شاعیری ناوبراو تەنیا پێنج کەسی لە ڕیزی یەکەمدا دانا، ئەوانیش سەبای کاشانی، فوروغی بەستامی، قائانی شیرازی، موجمەری ئەسفەهانی و نەشاتی ئەسفەهانی بوون. هەروەها ویسالی شیرازی و خودی نووسەر (هیدایەت)ی لە ڕیزی دووەم و سروشی ئەسفەهانی و ویقاری شیرازی لە ڕیزی سێیەم دانا. بە دەربڕینێکی تر لە هەر چل کەسێکی شاعیر کە لە پێرستەکەدا بوو یەك کەسی شایان بە ناوی شاعیری و خاوەنی ناونیشانێکی تایبەت زانی[158]."*

---

[158]. هەمان، ص172

## ژنانی بازگەشت

ئایا شـــاعیرانی ژن لە کوێی دەورەی بازگەشـــتدا وەســـتاون، لەکاتێکدا قۆناغەکە خۆی تایبەتە بە لاســـاییکردنەوەی شـــێوازە کۆنەکانی پیاوان لەلایەن پیاوانەوە؟ وەڵامی ئەم پرســـیارە چەندە پێویســـتی بە ســـەرنجدانە لە شـــیعری ژنان، لەوە زیاتر پێویســـتی بە وردبوونەوەیە لە شیعری پیاوانی ئەم دەورەیە، چونکە بەشێکی زۆری شاعیرە ژنەکانی دەورەکە لە ڕووی تێگەیشتن لە ڕەگەزە خەیاڵییەکانی شیعر و دروستکردنی وێنە و مۆسیقای شیعرەوە پەروەردەی دەستی پیاوانی شـــاعیری هاوســـەردەمی خۆیانن و تەنانەت بەشـــێکیشـــیان ناســـناویان لە پیاوەکان وەرگرتووە[159]. ڕەنگە یەکەمین هۆکاری ئەمەش بۆ "نێرینەبوون"ی خودی مێژووی ئێران بگەڕێتەوە. واتە مێژووی ئێران، مێژوویەك بووە کە هەمیشـــە پیاو، ســـەرکێشـــیی پیاوانە، چاکی و خراپییەکان، خۆشـەویسـتی و ناشـیرینییەکانی پیاوانە بەســـەریدا زاڵ بوون. ژن، ڕۆڵێکی تێیدا نەبووە و بەهۆی ئەمەشـــەوە باسوخواسێکی زۆر لە پاڵنەرەکانی ژنان لەم مێژووەدا بوونیان نییە[160]. ئامادەیی ژنان لە بوارە کولتوورییەکاندا زۆر بە ناڕوونی دەردەکەوێ و تەنیا لە گۆشـــە و کەناری تەزکەرەکان و هەڵبژاردە ئەدەبییەکاندا، هەندێ جار دەتوانرێ ناوی ژنێکیش ببینرێ، کە ئەمانەش بە زۆری

---

[159]. بڕوانە: بنفشـــه حجازی. *تذکره اندرونی*، تهران: قصـــیدەســـرا، 1382، صص 17ـــــ18؛ محمدرضا نصیری و نادره جلالی."تذکره نقل مجلس"، *تاریخ*، دورەی جدید سال سوم، ضمیمه پنجم، 1384.

[160]. رضا براهنی. *تاریخ مذکر*، تهران: نشر اول، 1349، ص14

بە شـێوەی خۆڕانان و سـەرگەرمین و بۆ چێژوەرگرتن، هەوڵی ڕازانەوە و ڕێکخسـتنی وتە و هەسـت و سـۆزەکانیان داوە. ئەمانەش نەك لە چینی ناوەند یا خوارەوە، بەڵکوو بە زۆری لەنێو خانەدانە کولتووری و سـیاسـییەکانەوە (پیاوانی دەوڵەت و دەرباری) دەرکەوتون و بەشێوەی شاعیرانی پیاو شیعریان گوتووە[161].

لە شـیعری ژنانی ئەم دەوەرەیەدا، جگە لە شـیعری شـیوەن بۆ پێشـەواو و ئیمامەکانی شـیعە، بابەتەکانی تری وەك عیشـق، بێبەشـبوون، خەم، گلەیی سـێمبۆلیکی، ئارەزووە سـەرکوتکراوەکان، ئازارویستی، مەیلی سۆفییانەی دژە کۆمەڵ، وەسفی عارفانەی پیاوانە بە سـوودوەرگرتن لە تایبەتمەندیی فیزیکی ژنانە و ... بە شـاعیرێتییەکی زۆر کەمتر لەچاو شـاعیرە ژنەکانی سـەدەکانی پێشـتردا، بەدی دەکرێت[162]. شیعری ژنانی قۆناغی یەکەمی قاجار، شیعرێکە پیاوانەیە و پشـتی بە ئەخلاقی کۆنی پیاوانە بەسـتووە. ژنە شـاعیرەکانی، سـەرکوتکردنی ئازادیی ژنانیان وەك قەدەرێکی ئیلاهی لێك داوەتەوە و قبوڵیان کردووە. لەگەڵ لاسـاییکردنەوەی ڕابردوودا کەوتوونەتە دەرەوەی کات و شوێنی خۆیانەوە و هەر لەبەر ئەمەشە کە شیعریان بێکاریگەری و وشـك و برینگە و توانای مانەوەی نییە[163]. وەك زۆرینەی شـاعیرەکانی دەورەکەیان، نەبوونی داهێنان لە زمان،

---

[161]. کامیار عابدی. *بەرغم پنجرەهای بسته (شعر معاصر زنان)*، تهران: نشر کتاب نادر، 1380، ص15

[162]. بنفشه حجازی. سەرچاوەی پێشوو، ص14

[163]. رضا براهنی. سەرچاوەی پێشوو، ص16

دروستکردنی وشەی لێکدراو و چنینی زمانی، وێنەسازی و تەنانەت دەربڕینی ڕاستگۆیانەی سۆز و هەستی ژنانە لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرە ژنەکانی ئەم دەورەیە[164].

ڕەگەزەکانی خەیاڵییەکانی شیعر[165] (زیاتر خوازە و لێکچواندن) لە شیعری ژنانی دەورەی بازگەشتدا، دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو ڕەگەزانەیە کە شاعیرانی بەناوبانگی شێوازی عێراقی بەرهەمەمیان هێنابوو. شیعری ئەم ژنانە،کە بە گشتی شیعری ژنانی کۆتی زیندانی دەربارە، شیعرێکە گرنگی بە زمانی فەرمی دەدات و فۆرمی غەزەل لەلایان زۆر بایەخی هەیە، هەروەها بە پێچەوانەی شیعری دەربارییەوە، لەم شێوە شیعرییەدا گەڕانەوەکە بەرەو

164. بنفشه حجازی. سەرچاوەی پێشوو، صص15.14

165. ڕەگەزە خەیاڵییەکانی شیعر لە شێوازناسیدا گرنگییەکی زۆرتری لە ڕەگەزەکانی تر هەیە، چونکە لە ڕاستیدا هەموو ڕەگەزەکانی تر لەپێناوی دروستکردنی فەزایەکی خەیاڵیدایە بۆ شیعر، ئەم ڕەگەزانەیش بریتین لە لێکچوون،خوازە،درکە و خواستن. ڕەگەزە خەیاڵییەکانی شێوازێک، بەو کۆمەڵە ڕەگەزە دەگوترێ، کە دەبنە هۆی دەرکەوتنی وێنە لە شیعردا و هەستی خەیاڵ لە پەروەردەکردنی ئەم وێنەیە و سەرلەنوێ ئەفراندنەوەیدا بەشدارە. مختار ابراهیمی. *شعر رندانه*، اصفهان: ناشر مولانا، 1378، ص 224؛ محمدرضا شفیعیکدکنی. *صور خیال در شعر فارسی*، تهران: انتشارات آگاه، چاپ نهم، 1383.

شـــێوازی عیراقییە و وشـــەی عەرەبی زۆر لە شـــیعرەکاندا بەرچاو دەکەون و کەڵکوەرگرتن لە وشـــە دووانەکان بە زەقی دیارە[166]. بە کورتی ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لەبارەی شیعری ژنانی بازگەشتەوە دەتوانرێ بگوترێ ئەوەیە، کە لە پشـــتی بەرهەمەکانی زۆربەی ئەم ژنانەوە ــــ بە لەبەرچاوگرتنیان وەك باشـترین نموونە بەردەسـتەکان. شـتێکی تایبەت و زۆرباش بەرچاو ناکەوێت ... شـیعرەکان، گیرۆدەی تێگەیشــتنە کۆنەکانن و دووبارەن و هەروەکو بیرکردنەوەی شــاعیرە پیاوەکانی ئەم دەورەیە[167].

[166]. کامبیز کەریمی. "لە غوربەتی ئەمارەتی ئەردەڵاندا مەســـــتوورە بە تەنیا میلەتێ بوو"، *لە بیرئانینی مەســـــتوورەی ئەردەڵان*، هەولێر: ئاراس، 2005، ص121

[167]. بنفشە حجازی. سەرچاوەی پێشوو، ص14

## شیعری ژنانی قاجار

لە باسکردنی شیعری ژنانی قاجاردا، پێویستە ئەو سەرچاوانە بناسین کە شیعری ژنانی ئەم دەورەیان بە ئێمە گەیاندووە، کە بە شێوەیەکی سەرەکیشدەکرێن بە دوو بەشەوە: یەکەم، تەزکەرەکان و دووەمیش دیوانەکان. گرنگیی ناسینی ئەم سەرچاوانە لەوێوەیە کە یەکەمیان واتە تەزکەرەکان تێڕوانینێکی تەواو پیاوانەن بۆ شیعر و شاعیریی ژنان و ئەرکیان زیاتر ناساندن و باسکردنی ژیاننامەی خێزانی و گواستنەوەی چەند بەیتە شیعرێکە، بەجۆرێ کە گرنگیدانی لەڕادەبەدەر بە ژیانی خێزانیی شاعیرانی ژن، نەك شیعرەکانیان، لەلایەن تەزکەرەنووسەکانەوە، نیشاندەری دژایەتی بە عادەتبوونی شیعر و شاعیری ژنانە[168]. هەرچی دووەمیشیانە خۆی لە نزیکەی ٢٧ دیوان دەدات، لەم ژمارەیەش هەندێکیان لە کۆتایی دیوانی شیعری پیاواندا کە مێرد یا باوك یا برایان بوون، هاتوون[169].

لەم بارەیەوە هەریەکە لە سوڵتان ئەحمەد میرزا عەزدئەلدەولە، نووسەری *تاریخ عضدی*، لەکتێبەکەیدا باس لە ژنان و کچانی فەتحعەلی شا دەکات. محەمەد حەسەنخان ئیعتیمادئەلسەڵتەنە کتێبی *خیرات الحسان*[170]ی لە سێ بەرگدا

[168]. هەمان سەرچاوە، ص16

[169]. هەمان سەرچاوە، ص21

[170]. محمد حسن خان اعتماد السلطنه. *خیرات حسان*، تهران: ب.ن، 1304ـ1305، چاپ سنگی دورەی سە جلدی ؛ مەنسورە ئیتیحادییە

لەبارەی بیۆگرافیای ژنانی ئێرانی و نائێرانییەوە نووسیوە، کە وەرگێڕراوی تەزکەرەی *مشاهیر النساء*[171] لە نووسینی سەید مەحمود زیهنی ئەفەندییە لە تورکییەوە لەگەڵ زیادکردنی ناوی نزیکەی ٤٠ ژنە شاعیری قاجار. هەروەها سەید ئەحمەد دیوان بیگی شیرازی نووسەری *حدیقة الشعرا*[172]، لە تەزکەرەکەی خۆیدا باس لە بیۆگرافیای ٨٠ ژنی شاعیر دەکا کە ٢٢ شاعیریان هی دەورەی قاجار. ئەمە جگە لە *تذکرة الخواتین*[173] کە کە تایبەتە بە شەرحی ژیان و بەرهەمی ژنانی موسڵمان لەسەرەتای ئیسلامەوە تا سەدەی ٢٠،

---

ڕەخنە لە کتێبی "خیرات حسان" دەگرێ و پێی وایە نووسەری ئەم کتێبە زۆر دژی ژنانی دەربار بووە و وەختێ، کە ئەم کتێبەی تەرجومە کردووە و پاشان ژنانی قاجاریشی بۆ زیاد کردووە، بە مەبەستی کارلێکردنی ژنانی دەربار بووە تا جارێکی تر بگەڕێنەوە سەر ئەخلاقی پێشینەکانیان. "پێوەری ژنانی ناودار لە دیدی ئیعتیمادئەلسەڵتەنەوە پیوەرێکی پیاوانەیە. هەربۆیە ئەو سەرنجی لەسەر ژنانێکە، کە لەهەمانکاتی ژنبوونیاندا، ڕەفتارێکی پیاوانەیان هەبووە." بنفشە حجازی، سەرچاوەی پێشوو، ل19.

171. محمد زهنی افندی. مشاهیر النساء، استانبول: دار الطباعة العامره، 1294-1295، ایکی جلد.

172. لە نێوان 995 شاعیر و نووسەری دەورەی قاجار تەنیا 75 کەسیان ژن بوون، واتە هەشت لە سەد.

173. ملک کتاب شیرازی. تذکرة الخواتین، مومبای: ب.ن، 1306

لەلایەن محەمەدی کوڕی محەمەدڕەفیع ناسراو بە مەلیکولکیتابی شـــیرازییەوە نـووسراوە. ئەم کـتـێبە هەڵـێـنـجـانـێـکی تـەواوی تەزکەرەی "خیرات الحسـان"ە، کە هەندێ لە بەشـەکانی لێ لابراوە و تەنیا زیادەی کتێبەکەیش هێنانی ژیاننامەی شـــاژنە ڤیکتۆریایە[174]. هەروەها تەزکەرەی *نقل مجلس*، لە نووسـینی مەحمود میرزا، کوڕی فەتحعەلی شـای قاجار، یەکێکە لە تەزکەرەکانی پەیوەسـت بە ژنانی شـاعیرەوە، کە نووسـەرەکەی باس لە ژیان و شـیعری ٣٠ شـاعیری ئێرانی و نائێرانی دەکات. گرنگی ئەم تەزکەرەیە لەوەدایە دەتوانرێ بە هۆیەوە جگە لە بارودۆخی شیعر وشاعیری ژنان، لەڕێگەیەوە سەرنج لە شێوەی ژیان و تێڕوانینی ژنانی ئەو سەردەمە بۆ ژیان بدرێت. بەڵام زۆربەی ئەو شـیعرانەی کە لەم تەزکەرەیەدا هاتوون سادە و لاوازن و کێشـەی عەروزییان هەیە و لایەنی وێنا و خەیاڵیان کزە[175]. سـەرەڕای ئەمانە، تەزکەرەیەکی تری ژنان هەیە بەناوی *آثار حســـان در بدایع شـــعر نســـوان*، کە لەلایەن شـــێخ حەســـەن جابری ئەنســـارییەوە نووسراوە و بیۆگرافیا و شـــیعری بەشـــێك لە ژنانی قاجاری لەخۆ گرتووە[176].

---

[174]. بڕوانە: احمد گلچین معانی. *تاریخ تذکرەهای فارســـی*، تهران: سنایی، 1363، ص223

[175]. محمدرضا نصیری؛ نادره جلالی. سەرچاوەی پێشوو، ص7

[176]. *حســان در بدایع شــعر نســوان* یا "شــمەای فی بعض اشــعار النســاء" کە لەلایەن شــێخ حەســـەن کوڕی عەلی جابری ئەنســـاری

لە ئەنجامی وردبوونەوە لەم تەزکەرانەوە و سەرنجدانی ناوەرۆکەکانیانەوە تێدەگەین، کە نووسینی تەزکەرەکان سەرباری سونەتێکی ئەدەبیاتی دەرباری، هەوڵێکی تەزکەرەنووسەکانیش بووە بۆ هێشتنەوەی ناو و ناوبانگی خانەدانی سەڵتەنەتی و دەوروبەرەکانیان نەك خەمی تۆمارکردنی شیعر و بەرهەمی خەیاڵی ژنانەی سەردەمەکەیان. لەگەڵ ئەمەشدا هاندانی تەزکەرەنووسی دەرفەتێکی بۆ خۆدەرخستنی ژنانی دەرباری و ئەشرافیی ئەم سەردەمە ڕەخساندووە[177]، کە بەختی گەورە بەرِیز بەر هەریەکە لە خێزانی سەڵتەنەتی، دەرباری و وابەستە بە دەربارەوە کەوتووە.

ناوی ژنانی شاعیر لە تەزکەرەکاندا بەمجۆرە هاتووە: ژنانی فەتحعەلی شا (٨ کەس)، کچەکانی (٩کەس)، نەوەکانی (٤ کەس)، مناڵی نەوە (٢ کەس)، بوکەکانی (ژنی کوڕەکانی، نەوەکانی و برازاکانی ٤ کەس)، ئامۆزا (١) و برازا (١ کەس)، هەروەها نزیکەی ١٢ ژن لە کەسوکاری پیاوانی دەربار و خانەدانی قاجار شاعیر بوون و بەشێکیشیان لە کەسوکاری شاعیر و نووسەرەکانی ئەو دەورەیە یان پێشتر بوون، یا سەر بە خێزانی خان و والییەکانی ئێران بوون.[178]

---

ئەسفەهانییەوە نووسراوە و بەژمارەی (13890) لە کتێبخانەی (موزە و مرکز اسناد مجلس شورای اسلامی) پارێزراوە.

177. بنفشە حجازی. سەرچاوەی پێشوو، ص16

178. هەمان سەرچاوە، ص18

مەنسـوورە ئیتیحـادیە لەبـارەی کەمیی شـیعری ژنـانی ئەو قۆناغەوە باوەڕی وەهایە "بەشـێوەیەکی گشـتی، نەخوێندەواری و گوێنەدان بە بەشـداری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ژنان لەو قۆناغەدا وای دەکرد، کە ژنانی شاعیر، بەزۆری شیعرەکانیان لە تەنیایی ژنانەی خۆیاندا هەڵگرن. هەڵبەتە ئەمەش ڕەنگە بەو هۆیەوە بووبێ کە گوێ بە شـیعری ژنان نەدەدرا، یا پێیانوابوو بێبەهایە و ڕەنگە هەر بەهۆی ئەمەشـەوە بێ، کە لەچەند دیوانە شـیعرێ زیاتر لە ژنان بەجێ نەماوە[179]."بەڵام ڕەزا بەراهەنی بە جۆرێکی تر ئەمە دەردەبڕێت و پێی وایە هۆکارە سـەرەکییەکەی ڕەنگە ئەوە بووبێ "کە ژنی ئێرانی لە ڕابردوودا، بە کردەیی بوونی دەرەکی نەبووە و ئەگەر هەیشـبووبێ، ئەوا بوونێکی شاراوە، نهێنی ئامێز، پشتگوێخراو و پیاوانە بووە"[180].

## شیعری ژنانی دەربار: شیعری ئەشرافی

وەك پێشـتر ئاماژەمان پێ دا، شـیعری بازگەشـت، کە لە سێ ئەنجومەنی دەرباریی ئەسـفەهان، نەشـات و خاقاندا جێگیر بوو، نوێنەری درۆیینە، ماسـتاوچێتی، دووڕوویی و نیشـاندەری کولتووری دواکەوتووانـەی حکومـەتی قـاجـار بوو[181]. شـیعری ژنـانی قۆنـاغی یەکەمی قاجاریش، کە شیعرێکە لە کۆشك یان حەرەم و ئەندەروونی

179. منصوره اتحادیه.سەرچاوەی پێشوو، ص10

180. رضا براهنی. سەرچاوەی پێشوو، ص28

181. محمد شمس لنگرودی. سەرچاوەی پێشوو، ص394

شا و شازادە و میرەکاندا سەری هەڵداوە و لەژێر کاریگەرییەکی گەورەی هەست و خەیاڵی پیاوانەدا بووە، بێگومان دەکەوێتە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی شیعری ئەم قۆناغەوە. شیعری ژنانی قۆناغەکەیش جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ شیعری پیاوانەدا هەیە، کە هی پیاوان "زیاتر پیاهەڵدان و ستایشی. شا و شازادەکانە و لە ڕووی شێوازناسییەوە دەگەڕێتەوە سەر شێوازی خۆراسانی و فۆرمی قەسیدەیە[182]."

واتە دەتوانین بەشێکی گەورەی شیعری ژنانی قاجار بەجۆرێك لە شیعری دەربارِی دابنێین، کە خاوەنی تایبەتمەندییەکی ئەشرافییانەیە. ڕیشەکانی ئەم ئەشرافییەتەش لە شیعردا یەکێکی ترە لە سیماکانی تری شیعری ئەم دەورەیە و ئیلهامی لە ڕەگەزەکانی خەیاڵی شیعرِی شێوازەکانی ڕابردوو وەرگرتووە. شەفیعی کەدکەنی لە *صور خیال*دا، وا پێناسەی شیعری ئەشرافی دەکات، کە "بریتییە لەو جۆرە شیعرەی گرنگی بە بابەتە خۆشگوزەرانییەکانی دوور لە کاروباری گشتی و ژیانی واقیعییانەی کۆمەڵایەتی و خەڵك دەدات". هەروەها سێ هۆکار بۆ ئەشرافییانە دەرکەوتنی شیعری دەرباری دەستنیشان دەکات؛ هۆکاری یەکەم ئەوە بووە شاعیران ناچاربوون لەبارەی شتانێکەوە بدوێن، کە لەبەردەستی خەڵکی ڕەشۆکیدا نییە، ئەمەش لایەنێکی ئەفسانەیی بە وێنە شیعرییەکانیان دەبەخشی. هۆکارێکی تر ئەوەیە کە شاعیران پێیان وابووە ژیانی خەڵکی ئاسایی بەهایەکی نییە و تۆکمە و هەردەمی نییە، هەر بۆیە مانەوە و تۆکمەییەکەی تەنیا لە

[182]. کامبیز کەریمی. سەرچاوەی پێشوو، ل119

ژیانی ئەشرافیدایە. هۆکاری کۆتاییش، کە گرنگترینیانە، ئەوەیە بەردەنگەکانی ئەم جۆرە شـــیعرانە بریتی بوون لە پاشـــا و میرەکان و دەبوایە شـــاعیرانیش بۆ ڕازیکردنی بەردەنگەکانیان باس لە شـــتگەلێ بکەن، کە بۆ ئەوان جێی چێژوەرگرتن و ئافەرینکردن بێت[183].

بە سەرنجدانی وردیش بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر بە هۆی ئەمەوەیە وا ناوەرۆکی شیعری ئەشرافی ژنانی سەردەمی قاجار لە چەند بابەتێکی، وەك عەشـــق و خۆشـــەویســـتی دەربڕین بۆ مێرد، وەســـفی سروشـــــت، گلـەیی لـە تـەنـیـایی و بـارودۆخی ژیـانی ژنـانـە تێنەپەڕیوە[184].یەکێکیتر لەو پاڵنەرانەی کەوامان لێ دەکات شـــیعری ژنانی دەرباری قاجار بە شـــیعری ئەشرافی ناوببەین، ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییانەن، کە لە مەکتەبخانە تایبەتییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە، چونکە منالانی ئەشراف نەدەبوا تێکەڵی منالانی چینی ناوەند ببن تاکو ئەخلاق و زمانی ئەوان کاریان لێ نەکات. منالی نۆکەرەکان هیچ وەختێ مافی ئەوەیان نەبوو لەگەڵ ئاغازادەکاندا وانە بخوێنن، چونکـە وایـان لێکـدەدایـەوە ئـەم جۆرە منـاڵانـە، کـە پەروەردەیەکی دروستیان نییە، ئەخلاقی منالەکانیان تێك دەدەن[185].

---

183. بڕوانـــە: محمـــدرضـــــا شـــفیعی کـــدکنی. ســـــەرچـــاوەی پێشوو،صص290-289

184. کامبیز کەریمی. سەرچاوەی پێشوو،ل121.

185. عبدالله مستوفی. سەرچاوەی پێشوو، ج1، ص218

لەم قۆناغەدا، بە ڕای کامبیزی کەریمی، هەر یەکە لە تاووس خانم، دڵشاد خانم، ئاغاباجی و حاجییە خانمی زەند لەگەڵ ماهتابانی قاجار و مەستورەی زەند، کە شەش شاعیری دەرباری فەتحعەلی شای قاجارن، ئەگەر لە دەرەوەی دەرباری قاجاریش، مەستورەی ئەردەڵان و حێران دونبەلییان بخرێتە سەر، ئەوا بازنەیەك دروست دەبێ ـــ کە بازنەی شیعری ژنانی ئەشرافییە ـــ. پاشتریش دەڵێ"سەیر ئەوەیە کە لەم هەشت کەسە، شەش کەسیان کوردن[186]."

خاوەنی کتێبی *نیمەهای گشمدە*، سەرەڕای لارینەبوونی لە شاعیربوونی ئەو ژنانە، بەڵام جەخت لەسەر هەمان ئەو هۆکارانە دەکاتەوە کە ئاماژەمان پێ دان و دەڵێت:

*"بەشێکی زۆر لە ژنانی دەربار شاعیر بوون، یان زەوقی شیعرییان هەبووە، بەڵام هیچ یەکێ لەوان نەیتوانی لە بازنەی شیعردا بازێکی تەواو بدات، یان خۆی لە دووبارەکردنەوە ڕزگار بکا و پێ بنێتە شوێنێکی فراوانترەوە، قاڵبێك بشکێنێ و بیرێکی نوێ بۆ زمانی شیعر بهێنێتە ئاراوە. هەموویشیان وەکو توتی لاساییکەرەوە ڕێگەی پێشینانیان گرتە بەر، ئەویش پێشینانێك کە هەموو نێرینە بوون و لە دەریچەیەکی ترەوە لە ژیانیان دەڕوانی و دیدگا و زمانی خۆیان هەبوو[187]."*

---

[186]. کامبیز کەریمی. سەرچاوەی پێشوو، لل120ـ121

[187]. پوران فرخزاد. سەرچاوەی پێشوو، ص137

## شیعری شیوەن لای شاعیرانی ژنی قۆناغی یەکەمی قاجار

وەك باسمان کرد لە قۆناغی یەکەمی قاجاردا، بە هۆی کۆڕەکانی "ڕەوزەخوێنی" و گرنگیپێدانی پاشاکانی قاجار و گەورەپیاوان بە ڕێوڕەسمەکانی شینگێڕی، شیننامەخوێنی ڕەونەقێکی تازەی وەرگرت، بەڵام ئەوەی مایەی تێڕامانە ئەوەیە، کە زۆر بەدەگمەن نەبێ شیننامەی ژنانی ئەم قۆناغە لەبەردەست نییە و ئەوەش کە هەیانە لە چەند بەیتێکی ناو تەزکەرەکان تێناپەڕێت. بەڵام بەپێچەوانەوە تا ڕادەیەك هەموو شاعیرە پیاوە ناودارەکانی ئەم قۆناغە شیعری شینگێڕییان لەپاش بەجێماوە و تەنانەت هەندێکیان دیوانی تایبەتیان لەم بوارەدا هەیە[188]. بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە بارەی شیعری ژنانی ئەم قۆناغەوە لەبەردەستماندا بووە، کە گرنگترینیان بریتییە لە تەزکەرەکان و چەند دەستنووسێك و چەند دیوانێکی چاپکراو، دەتوانین شیعری شینگێڕیی ژنانی قۆناغی یەکەمی قاجار دابەش بکەین بەسەر شیننامەی مەزهەبی و شیننامەی کەسیدا. ژمارەی شیننامە مەزهەبییەکان لە چەند بەیتێك تێناپەڕێ و ئەوەی بەردەستە تەنیا بە سوودوەرگرتن لە تەزکەرەکان بووە، کە لەبارەی هەندێ لە شاعیرە ژنەکانەوە نووسیویانە: "شیننامە و نوحەی هەبووە"، بە بێ ئەوەی نموونەیان بۆ زۆربەیان هێنابێتەوە! بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بۆ فەرنگیس کچی مەحمود میرزای قاجار

[188]. فیروز مردانی. سەرچاوەی پێشوو، صص51.46

بکەین کە تەنیا یەك نوحەی لەپاش بەجێماوە[189]. هەروەها حوسن جەهان خانم (مردن: ١٨٦٢/١٨٦١) کچی فەتحعەلی شای قاجار و هەوێی مەستورەی کوردستانی، لەناو ژنانی قۆناغی یەکەمی قاجاردا، یەکێکە لەو ژنانەی خاوەنی زۆرترین شیننامەیە، کە هەموو شیننامەکانیشی- لەجۆری مەزهەبین و بۆ شینی ئیمامەکانی شیعە، فاتیمە و ڕووداوی کەربەلایە. بەپێی سەرچاوەکانی بەردەستمان، حوسن جەهان خانم بە ناسناوی شیعریی والییە، خاوەنی نۆ شیننامەیە کە هیچ دانەیەکیانی لە شینی خەسرەوخانی مێردیدا نییە. شیننامەکانی ئەو، سادە و ڕەوانن و زیاتر لە سەر شێوەی غەزەلەکانی حافز و سەعدی هۆنراونەتەوە[190].

هەرچی سەبارەت بە شیننامە کەسییەکانیشە، کە زۆر دەگمەنن، دەتوانین ئاماژە بۆ چەند بەیتێکی عیسمەت یا گولین خانم بکەین، کە یەکێکە لە کچەکانی فەتحعەلی شا و لە شیوەنشیعرێکدا بۆ یەکێ لە شازادەکان بە زمانێکی سادە سەرکۆنەی فەلەك و

[189]. ئەم نوحەیە لەگەڵ چەند غەزەلێکدا لەژێر ناوی "دیوان محترم" لە درێژەی دیوانی محمود قاجار و بە ژمارەی 544 لە (کتابخانەی آستان قدس رضوی) پارێزراوە.

[190].*دیوان والیه و والی و بساط و نشاط*، مقدمه و تحشیه و مقابله یدالله روشن اردلان، تهران: توکلی، 1386، ص167 ؛ مجتبی دماوندی. "نگاهی به مرثیه‌های بانو والیه‌ی قاجار"، در : *امام حسین در آینه‌ی شعر و ادب*، تهران: مجمع جهانی اهل بیت، 1381، جلد12.

چارەنوس دەکات[191]. هەر لەم سـەردەمەدا شـاعیرێکی وەك حەیران دونبولی (مردن: ١٨٤٨) کە ئەویش لە کوردەکانی دونبولی بووە، بە هەردوو زمانی فارسی و تورکی شیعر دەهۆنێتەوە و جگە لە شینگێڕی بۆ خەڵکانی شـیعە، چەند شـیعرێکی لە دووری خۆشـەویسـتەکەیدا هەیە، بەڵام زیاتر تام و بۆنی دووری و جودایی دەدا تا شـیننامە. چونکە بە پێی سـەرچاوەکان وەختێ لە دەسـتگیرانەکەی دادەبڕێ، ئیتر جارێکی تر نایبینێتەوە و تا سـەرەمەرگ هەر بە ئومێدی بینینەوەی شـیعر دەڵێت. بەڵام شـیعرێ کە زیاتر خەمی مەرگ بەسەریدا زاڵە[192].

---

191. محمدرضـا نصـیری؛ نادره جلالی. سـەرچاوەی پێشـوو، صص26ـ27 ؛ پوران فروخزاد، سەرچاوەی پێشوو، ص130 ؛ علی اکبر مشـیر سـلیمی، *زنان سـخنور*، تهران: موسسه مطبوعاتی علی اکبر علمی، 1335، دفتر اول،ص329

192.علی اکبر مشیر سلیمی. هەمان سەرچاوە، صص178ـــ191 ؛ بنفشه حجازی، سەرچاوەی پێشوو، ص65 ؛ محمد الوانساز خویی. "حیران خانم دنبلی خویی، شاعر سده سیزدهم"، پیام زنان، شماره 163، 1384، صص43ـ38 ؛ لەگەڵ ئەوەدا کە دونبولییەکان کوردن، بەڵام تورکەکان حەیران دونبولی بە تورک دادەنێن. هەروەها بە گوێرەی نووسـەری *زنان سـخنور* "حەیران دونبلی هاوزەمانی عەباس میرزای کوڕی فەتحعەلی شـا بووە و نزیکەی 4500 بەیت شـیعری هەبووە. لە دیوانەکەیدا بە زمانی ناوچەیی ئازەربایجان و

هەرچەندە ڕەنگە هێشتا بە دەیان کۆلێکسیۆن و کەشکۆڵی شیعری و دیوان بە شێوەی دەستنووس هەبن، کە نەکەوتبنە بەردەستی لێکۆڵەران و ئێمە نەمانتوانییێ سوودیان لێ وەربگرین بۆ ئەوەی بتوانین هەڵسەنگاندنێکی دروست لەسەر چۆنێتی شیعری ژنانی ئەم قۆناغە بە گشتی و شیعری شینگێڕیی ژنان  بە تایبەتی بکەین، بەڵام ئەوەی تا ئێستا بەلای ئێمەوە شتێکی بەڵگەنەویستە ئەوەیە، کە مەستورەی کوردستانی لەنێوان ژنانی ئەم قۆناغەدا تەنیا شاعیرێکی ژنە، کە بەشێکی گەورەی شیعرەکانی بۆ شینگێڕییە و بەپێی ئەو شیعرانەی گەیشتوونەتە دەستی ئێمە[193] هەوڵ دەدەین لە بەشی دواتردا بەشێوەیەکی هەمەلایەنە و وردتر لە شیعرەکانی ورد ببینەوە و تیشکێکی زیاتر بخەینە سەر شیننامەکانی یەکێ لە ژنە ئەشرافییەکانی ئەم قۆناغی یەکەمی قاجار.

---

فارسی شیعر هەیە." بڕوانە : علی اکبر مشیر سلیمی، هەمان سەرچاوە، ص178-179

193. بەپێی کتێبی حدیقە *ناصریە* مەستورەی کوردستانی خاوەنی دیوانێکی شیعری بووە، کە نزیکەی بیست هەزار بەیت بووە، بەڵام زۆربەی لەناوچووە و تێکڕای شیعرەکانی دیوانەکەی، کە لە ساڵی 1304دا چاپ کراوە لە دوو هەزار بەیت تێناپەڕێ. بڕوانە: بنفشە حجازی. سەرچاوەی پێشوو، صص202-203

# بەشی دووەم

# شیعری شینگێڕی لای مەستورەی کوردستانی

## مەستورەی کوردستانی یان "خەنسا"ی کورد

ماهشـــەرەفخانم کچی عەبدولحەســـەن بەگ، لە ســـاڵی (١٨٠٤/١٨٠٥) لە شـاری سـنە، پایتەختی میرنشـینی ئەردەڵان[194] لەدایك بووە و زۆربەی ژیانی وەك خانمی میرنشـــین، لە ســـەردەمی فەرمانڕەوایی محەمەد شـای قاجاردا بووە. سـاڵی (١٨٤٧/١٨٤٨) لە

[194]. میرنشـینی ئەردەڵان وەک تەمەندرێژترین میرنشـینی کوردی لە ماوەی نێوان ســـاڵانی (1169-1867) بۆ ماوەی 651 ســـاڵ فەرمانڕەوایی بەشـــێکی گەورەی کوردســـتانی کردووە. لە کۆتایی دەســـەڵاتی مەغۆلەکاندا هاتوونەتە گۆڕەپانی ســـیاســـییەوە و لە سەردەمی دەسەڵاتی ناسرەدین شای قاجاردا کۆتایی بە دەسەڵاتیان هاتووە.

شاری سلێمانی پایتەختی میرنشینی بابان[195]کۆچی دوایی کردووە.[196] شـــیعرەکـانی مـەســـتورە دەکرێن بـە دوو دەســـتـەی فـارسی و کوردییەوە[197]. شـــیعرە فارســـییەکانی، لە ڕووی شـــێوازناســـییەوە

---

[195]. میرنشـــینی بابان یەکێک بووە لە میرنشـــینە کوردییەکانی ناو قـەڵـەمڕەوی عوســـمـانی و لـەنێوان ســـاڵانی (1649-1850) فەرمانڕەوایی بەشێکی کوردستانی کردووە و لوتکەی دەسەڵاتەکەی لە ســـەدەی هەژدەهەمدا بووە و هەندێ جار ململانێی عوســـمانی و ئێرانی کردووە و بەهۆی کێشەی ناوخۆییەوە دەسەڵاتەکەی لە کزی داوە، پاشـان لەلایەن سـوپای عوسـمانییەوە کۆتایی پێ هاتووە. بۆ زانیاری لەبارەی ئەم میرنشینە کوردییەوە.

[196]. بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستن جیاوازی بیروڕا لە ساڵی لەدایکبوون و مردنی مەســتورەدا هەیە، ئەمەش کێشـەیەکە بە هۆی گۆڕینی ســـاڵی کۆچی مانگی بۆ زاینی ڕوو دەدا، بەڵام تا ڕادەیەک زۆربەی لێکۆڵەران، تەمەنی مەســـتورەیان بە 44 ســـاڵ داناوە. بۆ زانیـاریی زیـاتر بڕوانـە: بـابـە شـــێخ مردۆخ ڕۆحـانی. *مێژووی نـاودارانی کورد*، وەرگێڕانی مـاجـد مـەردۆخ ڕۆحـانی، هـەولێر: ئـەکـادیمیـای کوردی، 2011؛ محـەمـەد عـەلی قـەرەداغی. *دیوانی مەسـتورە*، هەولێر: ئاراس، 2011؛ بیرئانینی مەسـتورەی ئەردەڵان، کۆمەڵە وتار، هەولێر: ئاراس، 2005

[197]. دیوانی مەسـتورە تا ئێسـتا لەلایەن پێنج کەسـەوە بەم شـێوەیە کتێبناسییە چاپ کراوە: *دیوان ماە شرف خانم کردستانی متخلصە*

دەخرێتە خانەی "مەکتەبی بازگەشــت"ی شــیعری فارســیەوە[198]. بەڵام شــیعرە کوردییەکانی[199] بە شــێوەزاری گۆرانی وتراون و لەســەر کێشی خۆماڵی دە بڕگەیین. مەستورە، بەهرەمەندە لە زەوق و توانای ئەدەبی، خوێندەوار و خاوەنی هەســـتێکی شـــاعیرانە بووە، بەڵام شـــیعرەکانی دەروەســـتی هیچ دەرد و کێشـــەیەکی کۆمەڵگای خۆی

---

بە *مســـتورە*، بە مســـاعی آقای حاجی شـــیخ یحیی معرفت رئیس معارف کردســـتان، تهران: مطبعه شـــوروی، 1304 ؛ *دیوان اشـــعار مستوره کردستانی "ماه شرف خانم"*، احمد کرمی، تهران: سلسله نشـریات "ما"، 1362 ؛ *دیوانی مەستوورەی کوردستانی*، ویراسـتە صـــدیق صـــفیزادە (بورەکەیی)، بانە کردســـتان: انتشـــارات ناجی، 1374 ؛ *دیوان مســـتوره*. مقابله و تصـــحیح ماجد مردوخ روحانی، اربیل: آراس، 2005 ؛ *دیوانی مەستوورەماەشەرەفخانمی ئەردەڵانی "خەنســـای کورد"*، محەمەد عەلی قەرەداغی، هەولێر: ئاراس، 2011. چاپەکانی یەکەم و دووەمی تایبەتە بە شـیعرە فارسـییەکانی و هیچ شیعرێکی کوردیی مەستورەی تێدا نییە، چاپی سێیەمیشی بەشێک لە شـــیعرە کوردییەکانی تێدا نییە. هەردوو چاپی چوارەم و پێنجەم، واتە ئەوەی ڕۆحانی و قەرەداغی بە ڕای ئێمە پێکەوە دەکرێ ببنە نوســـخەیەکی کامڵی ئەو شـــیعرانەی مەســـتورە، کە تا ئێســـتا کەوتوونەتە بەردەســـتمان، هەر بۆیە ئێمە ســـودمان لەو دوو سەرچاوەیە بینیوە و نموونەکانمان لەوان وەرگرتووە.

[198]. کامبیز کەریمی. سەرچاوەی پێشوو. ل119

[199]. یەک دوو شـیعرێکی سـۆرانیش دراونەتە پاڵی و لە دیوانەکەیدا هاتوون، بەڵام گومانیان لێ دەکرێت کە شیعری مەستورە بن.

نییە[200]. سەرجەم شیعرە فارسییەکانی لەسەر شێوازی عێراقییە، غەزەلەکانی یان خەمی غوربەتە یان خۆشەویستی دەربڕینە بۆ هاوسەرەکەی. سی و یەك چوارینەی هەیە کە بیست و یەکیان عاشقانەیە، پێنجی شیننامەیە و چواری لە پەسنی میرەکانی ئەردەڵاندایە و یەك دانەیشی ستایشە. مەسنەوییەکانی بە ئاشکرایی دیارە لەژێر کاریگەری "مەسنەوی مەعنەوی" مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی (مردن: ١٢٣٧)دایە و دوو تەرکیببەند و تەرجیعبەندێکیشی لێ بەجێ ماوە[201]. هۆنراوە فارسییەکانی مەستورە سادە و ڕەوانن، بە جۆرێکی وەها کە هەندێ جار لەبەر سادەیی زۆر بەرەو لاوازی و سستی دەچێ[202]. لە هەندێ شوێندا شیعرەکانی هێندە پیاوانەیە کە ئەگەر ناسناوە شیعرییەکەی لابەی، ئەوا هیچ کەسی نازانێ کە ئەو شیعرە لەلایەن ژنێکەوە نووسراوە! بەڵام لە شیننامەکانیدا بەرهەم تەواو ژنانەیە و لەڕواڵەتی شیعری دەستکردی پیاوانە ڕزگاری بووە[203]. وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان پێ دا، شاعیرانی ژنی ئەم قۆناغە بەشێك بوون لە بازگەشتی ئەدەبی و مەستورەیش لەدەرەوەی

---

[200]. مەریەم قازی. "شیعری مەستورە"، لە: بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان، کۆمەڵە وتار، هەولێر، ئاراس، 2005، ل138

[201]. کامبیز کەریمی. سەرچاوەی پێشوو، ل122 ؛ مەستوورە، محەمەد عەلی قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل87

[202]. ایوب گازرانی. *مستوره اردلان: زندگی و معرفی آثار*، اربیل: آراس، 2005، ص28

[203]. مەریەم قازی. سەرچاوەی پێشوو، ل140

سەردەمەکەی خۆیدا نەبووە، هەربۆیە دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆری غەزەلە فارسییەکانی لەژێر کاریگەریی حافزی شیرازیدا بووە[204].

هەرچی سەبارەت بە شیعرە کوردییەکانیەتی، ئەوا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کە تا ساڵی ١٩٩٥یش، تەنیا ئەو شیعرە کوردییانەی لەبەردەست بوون کە سدیق بۆرەکەیی لە دیوانی مەستورەدا هێنابوونی، کە ئەمەش نەیتوانی هەموو لایەك ڕازی بکات، تەنانەت لێکۆڵەرمان هەبووە[205]لەو بڕوایەدا بوون مەستورە شیعری کوردی نییە! بەڵام ساڵی ٢٠١١، پاش چاپکردنی دیوانە کوردییەکەی

---

[204]. بۆ بەراوردکردنی شیعری حافز و مەستورە و کاریگەری حافز لەسەری، بڕوانە: کیومرث فلاحی. "بررسی تطبیقی غزلیات مستوره اردلان با حافظ شیرازی"، *رشد آموزش زبان و ادب فارسی*، شماره 87، 1387، صص 57.54

[205]. هەندێ لە توێژەران تا بەر لە دەستکەوتنی ئەم دەستنووسەی مەستورە بڕوایان وابوو، کە مەستورە شیعری کوردی نییە. بۆ نموونە حەکیم مەلا ساڵح دەڵێ "وادەرناکەوێ کە مەستورە خانم بە زمانی کوردی شیعری گوتبێ. لەناو هەموو ئەو دەستنووسانەی شیعرەکانی ئەو کە لە سنە بەدەست هاتووە، شیعرێکی تێدا نەبووە کە بە کوردی نووسرابێ." بڕوانە: حکیمملاصالح. "تولد یک روح"، ترجمه محمد رؤوف مرادی. لە 2011/1/16/1389/10/26 بڵاوکراوەتەوە لەسەر ماڵپەڕی : http://farsiadabiat.blogfa.com/post-8.aspx

مەســـتورە لەلایەن محەمەد عەلی قەرەداغییەوە، تاڕادەیەك كۆتایی بەم مشتومڕانە هات[206].

لەم لێكۆڵینەوەیەدا، ئێمە ناچینە ناو وردەكارییەكانی ژیانی مەســـتورە و ئاوڕ لە هەموو لایەنەكانی ژیانی نادەینەوە، چونكە بەشـــێكی زۆری ئەو نووســـەر و توێژەرانەی ئێمە ســـوودمان لێ وەرگرتوون، بە وردی كاریان لەسەر ئەم لایەنە كردووە. لێرەدا، گرنگی ژیانی مەستورە بە زۆری لە پاش ساڵی ١٨٣٤وە دەست پێ دەكات، واتە پاش مردنی هەریەكە لە خەسرەوخانی ناكام (فەرمانڕەوایی: ١٨٢٤-١٨٣٤)ی هاوســـەری، مەلیك نیســـا خانم (مردن:

[206]. ئەو نوســـخەیەی ئێمە لەم لێكۆڵینەوەیەدا ســـودمان لێ وەرگرتووە، یەكێكە لە دەســـتخەتەكانی كتێبخانەیەكی بەرلین و بەیازێكی 323 لاپەڕەییە، لەســـەرەتاوە تا لاپەڕە 192، شـــیعری فارسیی چەند شاعیرێكی كورد و فارسی تێدایە، لەوە بەدواوە دەبێ بە شـــیعری مەولەوی تاوەگۆزی (مردن: 1883/1882) و تا لاپەڕە 274 هەمووی شـــیعری مەولەوییە، پاش ئەمە دەبێت بە شـــیعری مەستورە و تا كۆتایی دەستخەتەكە لە لاپەڕە 322دا بێ تەواوبوونی بەیازەكە و هەروەها بێ تەواوبوونی شـــیعرەكانی مەســـتورە، دەســـتنووســـەكە بە ناتەواویی دەبڕێتەوە. بڕوانە: *دیوانی مەستورە، ماهشەرەفخانمی ئەردەڵانی، خەنسای كورد*، لێكۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، هەولێر: ئاراس، 2011، لل7.6

١٨٣٤)يدايكی خۆی[207] و هەريەكە لە سولّتان خانم (مردن: ١٨٤٠)ی[208] خوشكی خەسرەوخان و ئەبولمحەمەد (مردن: 1846/1845)[209]ی برای مەستورە. ئەمە جگە لەوەی كە خەمی كۆچی دوایی باوكیشی— هەر لە دڵدا بووە. هەروەها بە ماوەی كەمتر لە سالّێك بەر لە مەرگی خودی خۆی، مەستورە شايەتی مەرگی حسێن قولیخانی پورزاشيەتی، كە دەگوترێ مەستورە بەهۆی مەرگی ئەوەوە نەخۆش دەكەوێ و دەمرێت[210]. بەم ڕووداوانە، مەستورە تەواو تەنيا دەكەوێت و مەستورەيەكی بێ دايك و باوك، بێ هاوسەر، بێ برا، بێ خوشك و بێ منداڵ دەمێنێتەوە، كە جگە لە قەڵەمەكەی هیچی تری نییە تا هانای بۆ ببات.

---

[207]. بڕوانە : "مادە تاريخ"، *ديوان مستورە*. مقابلە و تصحيح ماجد مردوخ روحانی، اربيل: آراس، 2005، ص246

[208]. ايوب گازرانی. سەرچاوەی پێشوو، ص83

[209]. بڕوانە: مستورە اردلان.*شرعيات*، ويرايش و تصحيح جمال احمدی آيين، مقدمە و حواشی نويد نقشبندی، اربيل: آراس، 2005، ص4

[210]. محەمەد كەمانگەر. "چەند نوكتەيەک لەسەر ژيان و بەرهەمەكانی مەستوورەی كوردستانی" لە:*بيرئانينی مەستوورە*، هەولێر: ئاراس، 2005، ل20

محەمەد عەلی قەرەداغی لە پێشەکی دیوانی ماهشەرەفخانمدا، مەستورە بە خەنسا دەچوێنێ و ناوی "خەنسای کورد"ی لێ ناوە[211]. یەکێك لەو هۆکارانەی وای لە قەرەداغی کردووە ئەو ناوە لە مەستورە بنێ، ئەوەیە کە نزیکەی سەرلەبەری دیوانە کوردییەکەی مەستورە شیعری شینگێڕییە. ئەمە سەرباری ئەوەی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا هیچ ژنێك وەك مەستورە پیاوانی نەلاواندووەتەوە. هەرچەندە بەر لە محەمەد عەلی قەرەداغی، حسێن قولیخانی ئەردەڵان(مردن: ١٣ نۆڤەمبر ١٨٤٧)ی شاعیری ناسراو بە (حاوی کوردستانی) لە بەیتێکی فارسیدا بۆ یەکەم جار مەستورەی بە "خەنسای دووەم" ناوبردووە[212]. بە کورتی مەستورە لە شینگێڕیدا خاوەنی نزیکەی ٤٥٣ بەیتی کوردی و ١٠٣ بەیتی فارسییە.

---

[211]. تماضر بنت عمرو السلمیة ناسراو بە "الخنساء" (مردن لە نێوانی 646ــــ80 زاینی)، ژنە شاعیری عەرەب، کە بە شاعیری شینگێڕ ناسراوە. دیوانێکی هەیە نزیکەی هەر هەمووی ئەو شیننامانەیە کە لە شینی دوو براکەیدا، معاویە و بە تایبەتی سەخەر نووسیونی. لە هەردوو سەردەمی پێش ئیسلام و پاش ئیسلامدا شیعری گوتووە. خەنسا، خاڵی لوتکەی شینبێژییە لە ئەدەبی عەرەبی قۆناغی پێش ئیسلامدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: دیوان الخنساء، اعتنی بە وشرحە حمدو طماس، لبنان: دار المعرفة، الطبعة الثانیة، 2004

[212]. حسین قولیخان ناسراو بە (حاوی)، کوڕی ئەمانوڵاخانی والی ئەردەڵان بووە. لە وەختی لەناوچوونی میرنشینی ئەردەڵاندا بەرەو

## شینگێڕی لە شیعرە فارسییەکانی مەستورەدا

مەســتورە کە خاوەنی شــەش شــیعری شــینگێڕییە بە زمانی فارسی، ڕەنگە یەکێك بێ لەو شـاعیرە ژنانەی سـەردەمەکەی خۆی، کە خاوەنی درێژترین شــیننامەکانە، چونکە بە تەنیا تەرکیببەندی شــینی براکەی برتییە لە ٥٣ بەیت و لاوانەوەکەی دایکیشی۔ بریتییە لە ٢٤ بەیت. ئەمە جگە لە پێنج چوارینە و ٦ بەیتی تر لە شــینی کەســێکی ئەردەڵانیدا، کە چواندوویەتی بە "آفتاب اردلان" و لای

---

میرنشــینی بابان کۆچی کردووە و هەر لەوێ بە گەنجی لە ســاڵی (1847/1846)دا مردووە.شــاعیر بووە و دیوانێکی لەپاش بەجێ ماوە. حاوی لە ناونانی مەستورەدا بە خەنسا دەڵێ:

زین سپس مستوره را خنسای دویم شد لقب

گرچه شد طومار سحر آثارش طی دریغ

"لەمەولا مەستورە بە خەنسای دووەم ناسرا،

ئـەگـەرچی بـەداخـەوە تۆمـاری بـەرهـەمە

ئەفسوناوییەکانیشی پێچرایەوە"

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالله بن محمد رونق. *تذکره حدیقه امان اللهی*، مصـحح عبدالرسـول خیامپور، تبریز: دانشـگاه ادبیات تبریز، 1344، ص254 ؛ رضـــا قلیخان بن محمد هادی هدایت. *مجمع الفصـحاء*، به کوشـش مصـفا مظاهر، تهران: امیر کبیر، 1382، ج4، 226.218 ؛ محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو. ل12

ئێمە نەناسراوە! واتە بە تێکڕایی خاوەنی ١٠٣ بەیتی شـــینگێڕییە، کە هەر هەموویان دەکەونە چوارچێوەی لاواندنەوە (ندب) و ســـتایش (تأبین)ی کەســـییەوە. ئەگەرچی شـــیعرە شـــینگێڕییەکانی مەســـتورە، لەجۆری شـــیننامەی مەزهەبی نین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشـــدا، لێکدانەوەی شیعرە شینگێڕییەکانی، ئەو خاڵەمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە کە ئەویش هەروەکوو شـــاعیرەکانی تری ئەم دەوەرەیە، لەژێر کاریگەری شـێوە باوەکەی سـەردەمەکەی خۆیدا بووە[213]. هەروەها لە کۆی نۆ "مادە تاریخ"ی فارسی لە دیوانی مەســـتورەدا، حەوت دانەیان تۆمارکردنی مێژووی مردنی کەســـانێکن، کە مەســـتورە بە جۆرێك لە شینگێڕییەوە باسی کردوون. مەستورە لە "مادە تاریخ"دا بە شیعر وێنەی دیمەنەکانی شینگێڕی دەکێشێ و دیمەنەکانی شین و لاواندنەوەی ژنانی سەردەمی خۆیمان بۆ تۆمار دەکات.

پاش ئەم لێکدانەوانە، ئێمە لە درێژەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین بەیتەکانی شیعرە شینگێڕییەکانی مەستورە شرۆڤە بکەین و بیانبەستینەوە بەو دیاردانەوە کە سەرچاوەی ئەم شیننامانە بوون.

---

[213].ابوالقاسم رادفر. "مستوره کردستانی مهین بانوی شعر و هنر و عرفان"، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر کرمان، دوره جدید، شماره 12، زمستان 1381، ص32

## لە شینی دایکیدا

مەلەك نیسا خانمی دایکی مەستورە لە بنەماڵەی وەزیرییەکانی سنەیە. ئەم خێڵە ـــ کە باپیریان میرزا عەوڵای وەزیرە و بە میرزا عەبدوڵای کۆڵەڕەقەش ناوی لێ دەبرێ ـــ زۆر لە دیوانی ئەردەڵانییەکاندا دەستیان ڕۆیوە و هاوڕێی ئەوەش بنەماڵەیەکی وێژەوان بوون[214]. مەستورە، لاوانەوەکەی دایکی بە وەسفکردنی جوانیی ئەو دەست پێ دەکا، ئەویش لە ڕێگەی پرسیارلێکردنیەوە لەبارەی ئەوەی، کە ئایا ئێستا مردن و نەبوون چی لەو جوانییە کردووە؟ دەبێ ئێستا شوێن و جێگەی چۆن بێ؟ ئەمانەش یەکەمین پرسیارگەلێکن، کە شینگێڕ لە پرسەی ژناندا لە مردوی دەکا و بەدوای ئەوەوەیە، کە وەڵامێکی بۆ جەستە و شێوەی مرۆڤ لە پاش مردن دەست بکەوێت. ئەمە خەمی لەدەستدانی جوانییەکانی ڕواڵەتە و ترسە لە جێهێشتنی لە تەنیاییەکی تاریکدا. پاشان لە دووری ئەودا باس لە تەنیایی خۆی دەکا و ئەمجارە خەم لەوە دەخوا کە ئیتر ئەو بوونی نییە تا لە حاڵ و ژیانی مەستورەی تەنیا بپرسێتەوە و کەسێ نییە هۆگر و خەمڕەوێنی بێ.

بازگو، زیر گل، آن نرگس شهلا چونست؟

---

[214]ماجدی مەردۆخ ڕۆحانی. "بنەماڵەی مەستوورە و چاوێک لە کەسایەتیی خۆی"، لە:*بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد*، ئاراس: هەولێر، 2006، ل25

و آن خرامان قد خوش هیئت رعنا چونست؟[215]

*"پێم بڵێ لەژێر خاکدا ئەو چاوانەت، کە وەکو نێرگسی- شـەهلا(جۆرێ نێرگس کە لە جیاتی زەرد، ناوەندەکەی رەشـە) وەهان ،چۆنن؟ ئەی ئەو بەژن و باڵا جوانەت، کە لە کاتی رۆیشـتندا لەنجەولاری دەکرد، ئێستا چۆنە ؟"*

سخت نالانم و این واقعه مشکل باشد

نیست یاری که انیس من بیدل باشد[216]

*"بـە هۆی مردنی تۆوە زۆر دەنـاڵێنم و ئـەم رووداوە کێشـەیە بۆم، چونکە لە دوری تۆ ئیتر کـەسێ نییە، کـە هـاودەمی من بێ و دڵنـەواییم بداتەوە."*

***

بەهار نیشـانەی شـادی و نوێبوونەوەیە، بەڵام مەسـتورە ئەم شـادی و نوێبوونەوەیە لە خۆی حەرام دەکات. باس لە نائارامیی خۆی دەکا و پێی وایە ئیتر شـادی مەحاڵە و ناتوانێ ئارام بگرێت.بۆیە

---

[215]. ماجد مردوخ روحانی. *دیوان مستوره*، سـەرچاوەی پێشـوو، ص231

[216]هەمان سەرچاوە، ص232

دەکەوێتە گلەییکردن لە بەختی خۆی و باس لەوە دەکا کە جارێکی تر ڕۆژگار و گەردون برینیان کولاندووەتەوە و زامی هاتووەتەوە ســـویێ. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ مەرگی خەسرەوخان، کە بەر لەم کارەســـاتە ڕووی داوە. چونکە مەرگی هەریەکە لە خەسرەوخانی مێردی و مەلەك نیســـاخانمی دایکی، چەند مانگێکیان نێوان بووە و هەردووکیان لە ۱۸۳٤/۱۲٥۰دا مەستورەیان بەجێ هێشتووە.[217]

دست دوران بخراشید زنو ریش دلم

مر سرشتند ز غم روز ازل آب و گلم[218]

*"دەستی ڕۆژگار سەرلەنوێ برینی دڵمی کولاندەوە، وەکوو ئەوەی هەر لە ڕۆژی ئەزەلەوە ئاو و خاکی منیان ــــ کە ئاماژەیەکە بۆ دروستکردنی مرۆڤ لە قوڕ. تێکەڵ بە خەم کردبێ."*

***

مەســتورە، بە تایبەتی مەســتورەی مێژوونووس، نووســەرێکە باوەڕی بە چارەنووس هەیە. هەروەختێ باس لە ڕووداوێك دەکا؛ هۆکاری ڕوودانەکەی بە قەدەرێکی ئیلاهی دادەنێ و سـەرباری قەدەر،

---

[217].ماجد مردوخ روحانی. *دیوان مستورە*، سەرچاوەی پێشوو، بیت 12، ص232

[218]هەمان سەرچاوە، ص232

هەندێ جاریش ڕۆڵی بەخت و شانسیش بەرجەستە دەکات[219]. بەڵام مەستورەی شاعیری شینگێڕ هەمیشە بەجۆرێ لە ناڕازیبوونەوە گلەیی لە بەخت و ئیقباڵی خۆی دەکات، وەك شاعیرانی شینگێڕی پێش خۆی یەخەی فەلەك دەگرێت، تەنانەت خەم و ئازاری لەدەستدانی خۆشەویستەکانی، هەندێ جار دەیگەیەنێتە سنوری ئەوەی گومان لە ئیمانی خۆی بکات.

از ستمهای فلك آه من آتش بار است

زان تف آه کنون رخنه در ایمان دارم[220]

*"بە هۆی ئەو ستەمەوە، کە ئاسمان و فەلەك لە منی دەکەن هەناسەم گەرمە و وەك ئاگرە، هەر بە هۆی گەرمی ئەم ئاهو هەناسەیەشەوەیە، گومان لە ئیمانمدا دروست بووە و درزی تێ کەوتووە."*

بەڵام هەست دەکرێ ئەمە تەنیا توڕەبوونێکی کاتییە و لە پاش هەڵڕشتنی داخی دڵی، جارێکی تر ڕادەستی قەدەر دەبێتەوە و پێی وایە

---

219. بڕوانە: لەیلا ساڵحی. "مێژوونووسی و مێژووڕانی لای مەستوورە" لە: *بیرئانینی مەستورەی ئەردەڵان*، لاپەڕە 59 و دواتری.

220. ماجد مردوخ روحانی. *دیوان مستوره*، سەرچاوەی پێشوو، ص233

هیچ چارەیەکی تری نییە، چونکە سـەردەمانێکە بەو جۆرە و بە هۆی قەزاوقەدەرەوە پەرێشانە.

چە کنم چارە چە سازم کە من از دست قضا

روزگاریست چنین روز پریشان دارم[221]

*"چی بکەم و چ چارەیەك بدۆزمەوە کە من لە دەســـتی قەزا وا ســـاڵانێکە ژیانێکی گیرۆدە و پەرێشانم هەیە؟"*

لەکۆتایی شیننامەکەیدا، جارێکی تر دەکەوێتەوە ژێر کاریگەری شینگێڕیی ئیسلامی و فارسییەوە و ئومێدی ئەوە دەخوازێ، کە دایکی لەگەڵ فاتیمەدا حەشر بکرێت. ئەمەش ئومێدخواســـتنە بۆ ئەوەی دایکی بچێتە بەهەشتەوە و بەمجۆرەش لە خەم و نیگەرانییەکانی ئەم کەم بێتەوە و ســـەبوری بۆ بێت. وەك دوابەیتی زۆربەی شـــیننامە ئیســـلامییەکانیش باوەڕ بەوە دێنێ، کە مردن هەربوویەکە و دونیا تا سـەر خۆشی بە کەس نەبەخشـیوە و نابەخشـێت، دواجار مردن لە ڕێگەی هەمووانە.

آری این چرخ فسونگر نە بە کس کام دهد

همگی را می ناکامی از این جام دهد[222]

[221]. هەمان سەرچاوە، ص234

[222]. هەمان سەرچاوە، ص234

*"بەڵێ وایە، ئەم چەرخ و ڕۆژگارە فێڵباز و دڵڕفێنە، دڵی کەس تا سەر خۆش ناکات، دواجار مەيي ناکامی لەم پێکی دڵئێشان و ئازاردانە بە هەموو کەس دەدات."*

## له شینی براکەیدا

ئەبولمحەمەد برای مەستورەیە کە لە ساڵی ١٨٤٦/١٨٤٥ بە گەنجی مردووە. مەســتورە لە تەرکیببەندێکی ٥٣ بەیتیدا شــینی بۆ دەکات و چەند زانیارییەکی زۆر کەم لەبارەیەوە باس دەکات، وەك ئـەوەی کـە نـاوی ئـەبولمحەمەد و تـاقـانـە بووە، هـاوڕێی نزیکی ڕەونەق[223] و حاوی بووە و زوو جوانەمەرگ بووە، بەبێ ئەوەی باسی هۆکار و ســاڵی مردنەکەی بکات. هەروەها بەهۆی ئەو ســتایشــەی زۆرەی کـە بۆ براکـەی دەکات، دەتوانین ئەم شــیننامەیە بخـەینـە خانەی شیعری شینگێڕییستایش (تأبین)ی خێزانییەوە.

مەســتورە، وەك شــیننامەکانی تری، دیســانەوە لێرەدا بە سەرکۆنەکردن و گلەییکردن لە فەلەك و ئاسمان دەست پێ دەکات،

---

[223]. میرزا عـەبدوڵای ڕەونـەق کوڕی محـەمـەد ئاغای هـەمـەدانی و مـامی مـەســتوره بووه و لـه هـەمـەدان لـەدایک بووه. ســاڵی (1864/1863) مردووه، له خزمەتی والییەکانی ســنەدا نووســەر بووه و تەزکەرەیەک (ژیاننامه و نمونەی شــیعری شــاعیران)ی لەبارەی شــاعیرانی کوردســتانەوه نووســیوه که ناوی *حدیقه امان اللهی* لێ ناوه و به *تذکره صغیر*یش ناسـراوه، چونکه تەزکەرەیەکی تریشی به ناوی *تذکره کبیر* هەبووه، که هەندێ له شیعرەکانی خۆی له کۆتاییەکەیدا هێناوه. بڕوانه: میرزا عبدالله ســنندجی، *حدیقه امان اللهی*، تصحیح و تحشیه ع. خیامپور، تبریز: موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، 1344.

کە پێچەوانەی بەختی ئەو دەسوڕێ و لەناکاو "گەوهەرە یەکدانە"کەی، کە مەبەست لێی "برا تاقانەکەیەتی" دەفڕێنێ. ئەم سەرکۆنەکردن و گلەییکردنە بە جۆرێکە لە کۆی ٥٣ بەیتی شیننامەکە، لە نزیکەی ٢٠ بەیتیدا ئەم حاڵەتە دەبینرێ و زیانی لە هێزی شینگێڕی و کاریگەری دەقەکە وەك شیننامەیەك داوە. بەڵام ئایا فەلەك و ئاسمان و ڕۆژگار، کە هێندە لەلایەن شاعیرانەوە سەرکۆنە دەکرێن و ئەو ئامادەییە هەمیشەییەیان لە شیعردا هەیە، دەکەونە خانەی چ جۆرە شیعرێکەوە و لە دیدی پێشینانەوە چ کاریگەرییەکیان لە سەر ژیانی مرۆڤ هەبووە؟ بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە پێویستە خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ مێژووی ئەدەبیاتی فارسی و سەرهەڵدانی جۆرێك لە شیعری گلەیی و گازەندە لە دەست بێدادی ڕۆژگار و بەخت و دەسەڵاتدارانی دنیایی و مەسەلەی بوون لە سەرەتاکانی سەدەی سێیەمی کۆچییەوە، کە لە ئەدەبیاتدا بە "شەکوائییە"[224] ناسراوە.

---

[224]. شەکوائییە وەک زاراوەیەکی ئەدەبی، بریتیە لە شیعرێک، کە دەربڕی ناکامی، ژان و نائومێدییەکانی شاعیرانە و ئازارە هزری، ڕۆحی و کۆمەڵایەتییەکانی شاعیر نیشان دەدات. هەر بۆیە ناوەڕۆکی ئەم جۆرە شیعرە بریتییە لە گلەییکردن لە ڕۆژگار، بەخت و چارەنووس، خەڵکی سەردەمەکە، سەختییەکانی ژیان، دەسەڵاتداران و .. هتد شەکوائییە دەکرێت بە چەند بەشێکەوە، کە گرنگترینیان بەلای ئێمەوە شەکوائییەی فەلسەفییە، کە شاعیر تێیدا گلەیی لە چەرخ و گەردوون و ئاشوفتەیی ڕۆژگار دەکا و

لە ڕووی بیروباوەڕ و تێروانینیشـــەوە بۆ دیاردە گەردونییەکان، ئەســـتێرەناســـەکان و زۆرێك لە دانایانی پێشـــینان، لایان وابوو تەنە ئاســـمانییەکان کاریگەرییان لەســـەر هەموو شـــتێك هەیە، تەنانەت لەســـەر کردەوەی چاك و خراپی مرۆڤەکانیش، باوەڕیان وابوو کە فەلەك و ئاســـمانەکان خاوەنی هەســـت و دەســـەڵات و نەفســـێکی

---

ســـەرکۆنەی دامودەزگای ئەفراندن دەکا. (بڕوانە: هومن عباس پور. "بث الشکوی"، *فرهنگنامه ادب فارسی*، به سرپرستی حسن انوشه، ج2، تهران: ســـازمان چاپ و انتشـــارات وزارت فرهنگ و ارشـــاد اســـلامی، 1376، ص227؛ محمد جعفر یاحقی. "بث الشـــکوی"، *دانشنامه زبان و ادب فارسی*، به سرپرستی اسماعیل سعادت، تهران: فرهنگستان زبان و ادب فارسی، 1384، صص 707ـ709). ڕیشـــەی ئەم وشـــەیە لە "بث الشـــکوی"ی عەرەبییەوە هاتووە، کە زاراوەیەکی ڕەوانبێژییە و بەمانای شـــکایەتی شـــاعیر لە ڕۆژگار و ســـەردەمەکەی و خەڵکەکەیەتی و لە زمانی یەعقوبی پەیامبەرەوە، لە قورئـــانـــەوە وەرگیراوە؛ چیرۆکەکە بەو جۆرەیە لە پـــاش گرتنی بنیامینی برای یوســـــف لە میســـــر، یەعقوب، کە لە خەمی دووری یوســـفدا زۆر خەمبار و نارەحەت بووە، بە بیســـتنی ئەم هەواڵەیش خەم وخەفەتی زۆر زیاتر دەبێ و پاش ســـەرکۆنەکردنی کوڕەکانی، ڕوو لە ئاسمان دەکات و لەبەرامبەر خوا دەپاڕێتەوە: *قال إنما أشكو بثي وحزني إلى الله وأعلم من الله ما لا تعلمون*(قرآن: یوسف، 86).

ئاخێوەرن[225] و لەو باوەڕەدا بوون، کە باوکانی حەوتەوانە (زوحەل، موشـــتەری، مەریخ، زوهرە، خۆر، مانگ و عەتار) کاریان لە دایکانی چوارینە (ئاو، ئاگر، خاك و با) کردووە و ئەفرێنراوانی سـێینە (بێگیان، ڕووەك و زیندەوەر) هاتوونەتە بوونەوە.[226]

لە *مینوی خرد*دا دەیخوێنینەوە "هەر چاکی و خراپییەك، کە بە خەڵکی دەگات، بەهۆی *هفتان* (حەوت هەســـارە) و *دوازدهان* (دوانزە بورج)هوەیە و ئەو دوانزە بورجە، لە دیندا لەجێی دوانزە سـەرلەشـکرن لەلایەن ئاهورامازداوە. حەوت هەسارەکەیش لەجێی حەوت ســـەرلەشـــکرن لەلایەن ئەهریمەنەوە، کە ئەو حەوت هەسارەیە هەموو ئەفرێنراوەکان تێك دەشکێنن و بەدەستی مەرگیان دەسـپێرن. کەواتە ئەو دوانزە بورج و حەوت هەسـارەیە دیاریکەری چارەنووس و تەدبیرکەری جیهانن[227]."

مەســتورە، لەژێر کاریگەریی ئەم بیروڕایانەدا، شـــیننامەکەی وەها دەست پێ دەکات:

---

[225]. سید حسن امین. "بینش فلسفی ناصر خسرو قبادیانی"، نگین، شماره 133، ص56

[226]. محمد غلامرضایی. گزیده *اشعار ناصرخسرو*، تهران: انتشارات جامی، چ اول. ۱۳۷۵

[227]. مینوی خرد، ترجمه احمد تفضلی، توس، 1364، بند 7، پرسش 17-21، ص23

باز با من آسمان طرح عداوت در فکند

مر بساط عشرتم را گونەی دیگر فکند[228]

"دیسـانەوە ئاسـمان کەوتووەتەوە کینەبەرایەتی و دوژمنـایـەتیم لـەگـەڵ دەکـا، تـا سـفرەی خۆشگوزەرانی و دڵخۆشـیم لێ بپێچێتەوە و لێم تێك بدات."

وەك دەزانین ئیسـلام سـەرکۆنەکردنی ڕۆژگار و گەردونی بە کارێکی نەخوازراو داناوە، هەروەکو پەیامبەری ئیسلام دەڵێ "قسە بە گەردون و ڕۆژگار مەڵێن، چونکە خوداوەند ڕۆژگار و گەردونە[229]"، کەچی دەبینین شـاعیر بەو جۆرە سـەرکۆنەی فەلەك دەکات، هەر چەندە

[228]. ماجد مردوخ روحانی. *دیوان مستوره*، سەرچاوەی پێشوو، ص235

[229]. "لا تسبوا الدهر فإن الله هو الدهر" حديث أبى هريرة : أخرجه مسلم (1763/4، رقم 2246). وأخرجه أيضا : أحمد (395/2)، رقم (9126)، وابن عساكر (267/7). حديث أبى قتادة: أخرجه أحمد (299/5)، رقم (22605)، وعبد بن حميد (ص 97، رقم 197). وأخرجه أيضـا : الحارث كما فى بغية الباحث (830/2 ، رقم 871). حديث جابر : أخرجه ابن عساكر (268/7). وأخرجه أيضا : الطبرانى فى الشاميين (166/1، رقم 277).بڕوانە: http://www.islamport.com

وەك زۆربەی شاعیرەكانی تری ئەدەبیاتی ئێران، مەستورەش كەسێكی موســڵمان بووە و بەگوێرەی بەرهەمەكانی بێت دەبێ باوەڕی بەوە هەبووبێ كە نابێ قســەی پێچەوانەوەی دینەكەی بكات[230]، بەڵاملە تینی شــین و لە ئازار و خەمی مەرگی خۆشــەویســتەكانی ئەم كارەی كردووە و دەیان جار دووبارەی كردووەتەوە. ئەمەش ئەگەر وردتر ســەرنجی لێ بدەین پەیوەندیی بە بیروباوەڕی تایبەتیی شــاعیرەوە نەبووە، بەڵام وادیارە ڕیشــەی ئەم دیاردەیە لە قوڵایی بیروباوەڕی خــەڵكی نــاوچــەكەدایە پەیوەنـدیی بە پێش ئیســلامبوونی گەلانی ناوچەكەوە هەیە[231].

---

[230]. چونكە بەپێی بەرهەمەكانی، مەستورە كەسێكی پابەند بووە بە دینی ئیسلامەوە و لەم ڕووەشەوە بە یەكەمین ژن دادەنرێت لە ئێراندا، كە تا سەردەمەكەی خۆی كتێبێكی بە زمانی فارسی لەسەر "شەرعی شافیعی" دانابێت. بڕوانە مستورە اردلان، *شرعيات*، سەرچاوەی پێشوو.

[231]. بە ڕای ڕیچارد فرای ئێراناسی ئەمەریكایی، پاش هاتنی ئیسلام بۆ ئێران، "دێهقانەكان" و هەندێ لە "موبدەكان"ی زەردەشتی، كە لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیاندا باوەڕیان بە دینی تازە هێنا، بیروباوەڕوی "زەروانی(خودای چارەنووس و تەقدیر)"یان لەبارەی فەرمانڕەوایی فەلەک و دەسەڵاتی ڕۆژگارەوە هێنایە ناو ئیسلامەوە و ئەمەش كاریگەرییەكەی زۆری لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامییانەی سەردەمی عەباسی دانا." بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی شەكوائییە و

تایبەتمەندییەکی زاڵی شیوەنە شیعرییەکانی مەستورە بریتییە لە بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری چواندن (تەشبیهات) و تیلنیشان (تلمیحات)ی مەزهەبی و ئوستورەیی، کە لە یەکەمیاندا بە زۆری تایبەتە بە چواندنی ماتەمی کەسە مردووەکانی بە ماتەمی شەهیدانی شیعە و کەربەلا و لە هی دووەمیشیاندا، کە خۆبەخۆ دەبێتە دوو بەشی جیاواز، یەکێکیان چواندنی کەسە مردووەکانییەتی بە پاڵەوانە ئوستورەییەکانی ئێران و ئەوی تریشیان ئاماژەدانە بە بیروباوەڕە ئوستورەییەکانی تایبەت بە ئەستێرەناسی.

مەستورە ئەو خەم و بێهێزییە دەخاتە ئەستۆی ڕۆژگار، کە بەهۆی مەرگی براکەیەوە لە ناو خۆشەویستانیدا دروست بووە و پێی وایە وەکوو ئەو خەم و لەرز و موچڕکەیە وەهایە، کە بەهۆی مەرگی عەلییەوە تووشی حسێن بووە.

چرخ در جان احبا لرزه افکنده چنان

---

جۆرەکانی و کاریگەری دینەکان و بیروباوەڕە کۆنەکان لەسەر شاعیرانی ئیسلام، بڕوانە: لیلا جعفری. "شکوائیە در شعر فارسی (از آغاز تا پایان قرن ششم)"، پایاننامە کارشناسی ارشد دانشگاە آزاد واحد سنندج، بە سەرستی دکتر قدمعلی سرامی، 1385، ص182

رعشه در جان حسین از ماتم حیدر فکند[232]

"ڕۆژگار لەرزەیەکی وەهای خستۆتە گیانی خۆشەویستەکانمەوە، هەر دەڵێی ئەو لەرزە و موچڕکەیە، کە بەهۆی مەرگی عەلییەوە بەگیانی حسێندا هات."

***

لەلایەکی ترەوە وەك دڵدانەوە و ئارامیبەخشێنێك بە خۆی، کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیوەن و لاواندنەوەی عەرەبی لە پاش ئیسلام، مەستورە داوا لە خوا دەکات، کە براکەی بخاتە بەهەشتەوە و حۆری و غیلمانی پێ ببەخشێت و لە کۆشکی "مینو"[233]دا نیشتەجێی بکات، ئینجا بیکاتە هاونشینی "عەلی" و بە

[232]. ماجد مردوخ روحانی. *دیوان مستوره*، سەرچاوەی پێشوو، ص235

[233]. مینو بریتییە لە جیهانی بیر و بێجوڵە و بەردەست نەبوو لەبەرامبەر گێتی (= جیهانی هەستی و جەستەیی)دا، کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا زیاتر بە مانای بەهەشتی جاویدانی دێت. بڕوانە: محمد جعفر یاحقی. *فرهنگ اساطیر و داستان‌وارەها*، تهران: فرهنگ معاصر، 1388، ص808

ئاوی کەوســـەر لەگەڵ "تینووەکانی کەربەلا"[234]دا قورگی تەڕ بکات، چونکە باوەڕی وایە، کە ئەویش وەکو ئەوان بێگوناهە.

یارب آن نوباوه را با تشنگان کربلا

کام ترکن از زلال کوثر و ماء معین[235]

"خودایە لەگەڵ منالە تینووەکانی کەربەلادا،
قوڕگی ئەو برا تازەپێگەیشـــتووەم بە ئاوی ڕەوان
و سازگاری کەوسەر تەڕ بکە و تینوێتی بشکێنە."

***

شاعیر هەندێ جار لە شینگێڕییەکەیدا سنووره دیاریکراوەکانی شـــینکردنی ئیســـلامی دەبەزێنێ و لە دڵتەنگی خۆیدا، خودا دەخاتە بەردەم لێپرســـینەوە و مەرگی براکەی بە کردەیەکی "نـاوەخـت" و "ناڕەوا" دادەنێت. ئەمەش دەرچوونە لە ڕێســـا باوەکان و بە هیچ شێوەیەك ناچێتە چوارچێوەی شینگێڕیی ئیسلامییەوە.

کی روا باشد به بیهنگام یارب زیر خاك

---

[234]. ئـامـاژەیـە بۆ تینوێتی زۆری منـاڵان و ژنـان لـە ڕووداوی کەربەلادا، بە تایبەتی عەلی ئەســـغەری کوڕی حســـێن و مەســـەلەی سەقاییکردنی عەباس بۆ کاروانی حسێنی کوڕی عەلی.

[235]. ماجد مردوخ روحانی. *دیوان مستوره*، ســـەرچاوەی پێشـــوو، ص240

چهره‌ای را کزملاحت یوسفش بودی غلام[236]

"ئاخر خودایە کەی ڕەوایە بەم ناوەختە، ڕوخسارێکی وەها بخەیتە ژێر گڵ، کە لە خوێن شرینیدا یوسف بە خوڵامی دەشیا؟"

***

لەلایەکی ترەوە، وەك لە دەروازەی ئەم توێژینەوەیەدا ئامازەمان پێ دا، هەندێ جار "گریانی ئاسمان و فریشتە و پەیامبەران" بۆ مەرگی حسێن و شەهیدانی کەربەلا، هێندە زیادەڕوی تێدا کراوە، کە دیوێکی ئەفسانەیی وەرگرتووە. مەستورەیش بە نۆرەی خۆی سوودی لەم وێنەسازییە مەزهەبییەی شین و لاوانەوەی شیعەکان وەرگرتووە و گواستویەتییەوە ناو شیننامەی براکەی و پێی وایە، بەهۆی ئەو ستەمەوە کە فەلەك لێی کردووە، تەنانەت عیسایش لە ئاسمانەکاندا دانیشتووە و ماتەمی بۆ دەگێڕێ.

ای فلك عیسی به گردون همنشین ماتم است

کاین تعدی بر من نالان محزون کرده‌ای[237]

"ئەی فەلەك، بەهۆی ئەو ستەمەوە، کە لە منی خەمبار و ناڵەکەرت کردووە، تەنانەت

236. هەمان.

237. هەمان.

عیساش لە ئاسماندا دانیشتووە و لەگەڵ مندا
لە ماتەمدایە."

***

بۆ ستایشکردنی هێز و پاڵەوانێتی مردوویەك، بێگومان "شاعیرێکی بازگەشتی" پێویستی بە قارەمانە ئوستورەییەکانی ناو شانامە هەیە. هەر بۆیە مەستورە ئاماژە بۆ هەر یەکە لە ڕۆستەم، شەم، پیلەتەن، ئەشکەبوس، زەنگی ڕۆم و پاڵەوانەکانی تری شانامە دەکات[238]. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ شێوازی خوراسانی لە خوڵقاندنی کەسایەتی حەماسەیی و ئوستورەییدا. بەڵام شاعیر بێئاگا بووە لەوەی، کە ئەم لاساییکردنەوەیە لە شینگێڕیدا ڕەنگە ببێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو کاریگەرییەی، کە دەبێ لە شیننامەیەکدا هەبێت.

هەرچی پەیوەندی بە بیروباوەڕەکانی ئوستورەییەکانیشەوە هەیە، مەستورە جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ باوەڕە دێرینەکانی بەر لە ئیسلام و پێی وایە، لەشینی براکەیدا، دەبێت هەردوو هەسارەی بەهرام و تیر، کە یەکەمیان نیشانەی ئازایەتی و جەنگاوەرییە و ئەوی تریش نیشانەی نووسەری و دەبیرییە، چەك و قەڵەم و دەفتەری خۆیان فڕێ بدەن، چونکە ئەم لە هەردووکیان کارامەتر بووە!

در عزای آن جوان ماهرو بهرام و تیر

---

[238]. ماجد مردوخ روحانی. *دیوان مستوره*، سەرچاوەی پێشوو، بەیتەکانی ژمارە 3، 16، 14، 15، 23، لل 231-233

آن یکی خنجر زکف وین خامه و دفتر فکند[239]

"له پرسه و ماتەمی ئەو لاوەدا، که ڕوخساری وەك مانگ جوان و دراوەشاوەیه، "بەهرام" له داخان خەنجەرەکەی خۆی لەدەستی فڕێ دەدا و "تیر"یش قەڵەم و دەفتەرەکەی."

***

دوایین تایبەتمەندییەکی بەرچاوی ئەم شیننامەیه، بەڕای ئێمه ئەو داواکارییەی مەستورەیه له "حاوی" و "ڕەونەق" وەك دوو هاوڕێ و کەسی نزیکی خۆی له دوو بەیتی جیاوازدا، که پێیان دەڵێ ئیتر نۆرەی ئێوەیه شین بکەن و بلاوێنەوە، چونکه "مەستورەی هاوڕێتان" وا خەریکه بەهۆی ئەم خەمه سەنگینەوە لەناودەچێ. هەڵبەته دەبی بگوترێ، که ئەم بانگکردنه یەکێکه له تایبەتمەندییەکانی لاواندنەوەی کوردی، که شینگێڕ زۆر جار بانگ له خۆشەویستان و کەسه نزیکەکانی دەکات تا شینی لەگەڵ بکەن و بەشێك له خەم و باری گرانی ئەو هەڵبگرن.

حاوی و رونق دگر ماتم سرائیشان سزاست

چون ز غم مستوره! من از پای افتادم دریغ[240]

---

[239]. هەمان سەرچاوە، ص236

[240]. هەمان سەرچاوە، ص239

"ئیتر "حاوی" و "ڕەونەق" شـــایەنی ئەوەن کە
پرســـەداریم بۆ بکەن و بکەونە ماتەمەوە بۆم،
چونکە حەیف کە من "مەســـتورە" بەهۆی
خەمەوە وا خەریکە لەناو دەچم."

## شینگێڕی لە شیعرە کوردییەکانی مەستورەدا

بە پێی ئەو بەرهەمانەی تائێستا کەوتوونەتە بەردەست و چاپ کراون، مەستورە بە زمانی کوردی، خاوەنی نزیکەی ٤٥٣ بەیتی شینگێڕییە، کە ٣٤٧ بەیتیان لە شینی خەسرەوخانی هاوسەریدایە و ١٠٤ بەیتیشیان لە شینی سوڵتان خانمی خوشکی خەسرەوخاندایە. خەسرەوخان ئەو پیاوەیە، کە سەرچاوەی زۆربەی شین و لاوانەوەکانی مەستورە بووە و بە هۆیەوە مەستورە بووەتە خاوەنی درێژترین شیعری لاوانەوە لە ئەدەبیاتی کوردیدا[241].

ئەم شینگێڕییانەی مەستورە دەچنە چوارچێوەی شیعری هەڵقوڵین (شیعرێ کە بێ بیرلێکردنەوە و ڕاستەوخۆ دەگوترێ)[242]

[241]. مەستورە خاوەنی نزیکەی پارچە شیعریکی 133 بەیتییە، کە تا ئەو سەردەمە هیچ شاعیرێکی کورد شیعری هێندە درێژی نەبووە. بڕوانە: محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل19

[242]. لە شیعری هەڵقوڵین (جوششی)دا، کە مەفاهیمی شیعر، بەشێوەی ئیلهام بە دڵی شاعیردا دێ، هەر لە ساتی داخڵبوونی ئیلهامە ناوەکییەکانەوە تا گۆڕانیان بە شیعریکی درێژ و مەحکەم، چەند قۆناغێ تێدەپەڕێنرێ، یەکەمین قۆناغی هاتنەئارای شیعرێک، شێوەگرتنی مۆسیقا و هارمۆنیاکەیەتی. مەبەست لەم مۆسیقا لەم حاڵەتەدا، سیستەم و پەیوەندی زۆر بەیەکەوەچەسپاوی نۆتەکانە پێکەوە و دروستبوونی ئاواز و ئاهەنگە، کە هێشتاکە پۆشاکی وشە و واتایان بەبەردا نەبڕاوە. لە قۆناغی دووەمدا، ئەم ئاهەنگانە دەبنە

قوتابخانەی "گۆرانی"یەوە، چونکە لەم قوتابخانەیەدا بیر و هەست و سۆزەکانی شاعیر لەقاڵب نادرێن و شاعیر بواری ئەوەی دەبێ کە ڕازی دڵی بە ئاسانی دەربڕێت. هەر بەهۆی ئەمەوەیە، کە هۆنراوە گۆرانییەکانی مەستورە بەبەراورد لەگەڵ هۆنراوە فارسییەکانیدا، دڵسۆزانەتر و خۆمانەترن و تێیاندا هەست وسۆز و کەفوکوڵەکانی ماهشەرەفخانم و کەسایەتی ناوەکیی ئەو، بە شێوەیەکی ڕونتر دەتوانری ببینرێ[243] و تێیدا بەشێك لە یادگارییەکانی بەشین دەگێڕێتەوە، ئەمەش حاڵەتێکی ئاساییە، چونکە شیننامە بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ یادەوەرییە کۆنەکاندا تێکەڵ دەبێت[244].

---

کێش و بڕگەکان جێگەی نۆتەکان دەگرنەوە. لە سێیەمین قۆناغیشدا، وشەکان بە پێی یاسا و ڕێسای بڕگەیی لەپاڵیەکتردا شوێنی خۆیان دەگرن و وێنەی یەکەمینی شیعر دەردەکەوێ. بڕوانە: فاطمە مدرسی؛ نقی زرین‌ترە. "موسیقی سوگنامەها"، *فصلنامە علامە*، شمارە 6،1384،ص235

[243]. قوتابخانەی گۆرانی یەکێکە لە قوتابخانەکانی شیعری کوردی و بە درێژی شەش سەدە، لە لوڕستانەوە تا سنە، هەورامان، شارەزوور و کەرکوک، شاعیرانی کورد لەچوارچێوەی یاساکانی ئەم قوتابخانەیەدا شیعریان بە شێوەزاری گۆران گوتووە. بڕوانە: مارف خەزنەدار. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، هەولێر: ئاراس، 2002، بەرگی2، لل12ـ10 ؛ ایوب گازرانی، سەرچاوەی پێشوو، ص51ـ52

[244]. سیروس شمیسا. سەرچاوەی پێشوو. ص226

زمانی مەســتورە لە شــیعرە کوردییەکانیدا ئەو زمانەیە، کە بە زگماك دەتوانێ خەیاڵی پێ بکا و بیری پێ بکاتەوە. چونکە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی شیعری شیوەن ئەوەیە شاعیر بێ بیرلێکردنەوە و لە سەختی برین و ئازاری دڵەوە ڕاستەوخۆ (في البداهة) شیعر بڵێ. باشترین قاڵبێکیش بۆ ئەوەی مەستورە شیعری پێ بڵی هەمان ئەو کێشە دە بڕگەییەیە کە لە منداڵیی هەموو کوردێکەوە لە شین و ناخۆشی و خەمەکاندا بەر گوێ کەوتوون و لە نەستی کۆدا جێگیر بوون. ئەم زمانە وەك شیعرە فارسییەکان پێویستی بەوە نەبووە تا دانیشێ و بە زۆر، خۆی بخاتە ناو لاسایکردنەوەی شاعیرانی تر و باری سەر خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی قورس بکات. واتە بە بەراورد لەگەڵ شیعرە فارسییەکانیدا، دەتوانین بڵێین زمانی شیعرە کوردییەکانی مەستورە، زمانی "خەیاڵێکی خۆڕسك"ن لەبەردەم "خەیاڵێکی قەرزکراو"ی شیعرە فارسییەکانیدا!

## شینی خەسرەوخانی ناکام

لاواندنەوەی گەورەپیاوان جۆرێکە لە شـــین و لاوانەوەی کوردی، کە مەســـتورە لە شـــیننامەکەیدا کردوویەتی. بۆ ئەم مەبەســـتەش بە دوو شـــێوە شـــینی کردووە، کە یەکەمینیان بۆ خەسرەوخانە وەك مێرد و ئەوی تریشـیان بۆ خەسرەوخانە وەك والی ئەردەڵان و گەورەپیاوی کورد. بەم جۆرەیش لاوانەوەکەی لەڕاستیدا دەکەوێتە چوارچێوەی ســتایشــەوە. بەڕای هەندێ کەســیش هیچ جیاوازییەك لەنێوان ســتایش و لاواندنەوەدا نییە، تەنیا لە درکاندندا نەبێ، کە هەندێ وشە و زاراوە هەن نیشانەی ستایشن و هەندێکی تریشیان تایبەتن بە لاوانەوە[245]. بۆیە دەتوانین بڵێین شینی مەستورە بۆ خەسرەوخان دەخرێتە ڕیزی لاوانەوە و "نەدب" و ســتایش "تأبین"ی خێزانییەوە.

بەپێی ســـەرچاوە مێژووییەکانی میرەکانی ئەردەڵان، خەسرەوخانی سـێیەم ناسراو بە (ناکام)، کوڕی ئەمانوڵاخانی گەورەی ئەردەڵان (فەرمانڕەوایی: ١٧٩٩-١٨٢٤)، لەپاش باوکی بۆ ماوەی دە ســاڵ فەرمانڕەوایی میرنشـــینی ئەردەڵان دەکات و پاشـــان بەهۆی نەخۆشی تاعونەوە، لە ساڵی ١٨٣٤دا لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا دەمرێ. خەسرەوخانی ناکام، پیاوێکی خۆشـبژێو و دونیایی و لەشـپەروەر بووە. حەزی بە ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتان و مەشروبخواردنەوەی زۆر و

245. شوکریە ڕەسول. سەرچاوەی پێشوو، ل24

سازکردنی کۆڕی بەزم و سەما و مۆسیقا بووە[246]. دوو ژنی هەبووە، کە یەکەمینیان دەبێتە حوسن جەهان خانمی کچی فەتحعەلی شای قاجار و ئەوی تریشیان مەستورە خانم بووە. خەسرەوخان لەگەڵ هەردوو ژنەکەیدا شەڕە شیعری هەبووە، چونکە لە ڕاستیدا هەرسێکیان شاعیر بوونە و دیوانیان لەپاش بەجێ ماوە[247]. لە سەرچاوەکاندا لەبارەی پەیوەندیی ئەم دوو ژنەوە شتێکی وەها نەنووسراوە، تەنیا ئەوەندە نەبێ، کە هەردووکیان گلەییان لە ڕابواردن

---

[246]. بۆ ژیان و فەرمانڕەوایی خەسرەوخان،هەروەها بۆ سەرنجدان لەبارەی ئەخلاقی ناکام لەگەڵ ڕابواردن و خوادنەوە و ئافرەتدا،بڕوانە:مەستورەی کوردستانی. مێژووی ئەردەڵان، هەژاری موکریانی لەگەڵ سەرچاوەگەلێکی تردا لەبەر یەکی گرتوون و کردوونی بە کوردی، هەولێر: ئاراس، 2002، ل206ـــــ216؛میرزا شکرالله سنندجی، تحفه ناصری، مقابله و تصحیح و حواشی و تعلیقات دکتر حشمت الله طبیبی، تهران: امیر کبیر، 1366، ص203

[247]. بۆ خوێندنەوەی ژیاننامە و شیعرەکانی حوسن جەهان خانم بە تەخەلوسی (والیە) و خوسرەوخانی ناکام بە تەخەلوسی (والی) بڕوانە: *دیوان والیه و والی و بساط و نشاط*، مقدمه و تحشیه و مقابله یدالله روشن اردلان، تهران: توکلی، 1386

و خۆشــبژێویی و گوێ پێنەدانەکانی هاوســەرەکەیان هەبووە و لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان پێ داوە[248].

خەسرەوخان هەرچۆن ژیابێ و هەر گلەییەکیشی ـ لێ کرابێت، بووەتە کەرەســتەی بەرهەمهاتنی یەکێك لە درێژترین شــیننامە کوردییەکان لەلایەن مەســتورەوە. هەر بۆیە پاش ســەرنجدان لەم شــیننامەیە، دەکرێ ســەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی بەم جۆرەی خوارەوە پۆلین بکرێن:

## دەستپێکی پێچەوانەی نەریت:

بەناوبانگترین و پڕبەکاربراوترین دەســتپێك لە هەردوو سەردەمی پێش ئیسلام و پاش ئیسلامدا لە شیننامەکاندا بریتی بوون لە هێنانەوەی بەیتێ یا چەند بەیتێکی غەزەل لەگەڵ گریان بەســەر وێرانە و کۆنەهەواردا، لەگەڵ پێشەکییەکی حیکمەتئامێز و قسەکردن لەبارەی حەقبوونی مردنەوە، هەروەها هێنانەوەی دوعا بە دەربڕینی "*لا یبعد*"، باری ســۆز و هەســت، بانگهیشــتی تۆڵەکردنەوە و خوێنڕێژی لە شــیعری پێش ئیســلام و ســەڵاوات و دوعا لەهەمبەر مردوو لە لاواندنەوەی ســەردەمی ئیســلامدا[249]. بەڵام دەســتپێکی

---

[248]. مصـــطفی اجتهـادی. *دایرةالمعـارف زن ایرانی*، تهران: بنیـاد دانشنامه بزرگ فارسی، 1382، ج2، ص851

[249]. بڕوانە: محمود آبـدانـان مهـدیزاده ؛مجتبی بهروزی. "نگرش تطبیقی مرثیەسرایی عصر جاهلی و صدر اسلام"، *نشریه دانشکده*

شینامە کوردییەکانی مەستورە، بە سەرکۆنەکردنی فەلەك و بەخت، یاخود بە باسکردنی هاتنەوەی ساڵی نوێ و بەهار، کە نیشانەی ژیانە بەڵام لای ئەم مایەی خەمێکی گەورەیە بێ بوونی خەسرەو، دەست پێ دەکات:

**لەبارەی سەرکۆنەکردنی فەلەکەوە:**

سپیهر کەچ گەرد سپیهر کەچ گەرد

داد جە دەست تۆ سپیهر کەچ گەرد

مەسنەدگای عەیش کێت وە تاراج نەبەرد؟

مەجلیس شادی کێت بەتاڵ نەکەرد؟[250]

"ئەی چەرخی کەچ گەڕ و بەخێرنەگەڕاو، هاوار و داد لەدەستی تۆ ئەی چەرخی فەلەکی بەخێرنەگەڕاو. پەناگە و لانەی ژیانی کێت تاڵان نەکرد و کۆڕی بەزم و شادیی چ کەسێکت تێك نەدا؟"

یان:

---

*ادبیات و علوم انسانی* (باهنر کرمان)، شماره 22، 1386، صص1ـ33.

[250]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل31

خەسرەوم دەردم، خەسرەوم دەردم

جە جەور فەڵەك ناسۆرەن دەردم

جگەر پڕ جە هوون، هەناسەی سەردم

ئەسرین سەروازەن وە چیهرەی زەردم[251]

"خەسرەو! ئێش و ئـازارم هەیە، لە ســـتەم و جەوری فەلەك و ڕۆژگار ئێش و ئازار هەنـاوی تەنیـوەتەوە. بەهـۆی مەرگتەوە جگەرم پڕ لە خوێنە و هەنـاســـەســـەردم، بە جۆرێـك کە هەمیشـە فرمێسـك لە چاوانمەوە سـەراوژێرن و بە سەر ڕوخساری زردمدا دەڕژێن؟"

**لەبارەی بەهارەوە :**

خەسرەو وەهارەن خەسرەو وەهارەن

کۆربام جە دیدە فەسڵ وەهارەن

مەوسیم مەجلیس گوڵ و گوڵزارەن

[251]. هەمان سەرچاوە، ل50

وادەی تەماشای سەیر و شکارەن[252]

"خەسرەو، وا وەرزی بەهارە، ئەی بریا لەم دوو دیدەیە بێبەش بام و بەهارم بێ تۆ نەبینیایە. وەرزی پشـــکوتنی گوڵ و گوڵزارە و وادەی تەماشاکردنی جوانییەکانی بەهار و ڕاو و شکارە."

یان:

خەسرەوم وەهار، خەسرەوم وەهار

یاشا نەیەوە ئیمساڵ نەووەهار

بەر نەیان وەبەر گوڵان جە گوڵزار

نەکەرۆ درخت شکۆفە ئیظهار[253]

"خەسرەو، چی لە بەهارێك بکەم کە تۆ نایبینی؟ یـاخوا ئیمســـاڵ بەهـارێکی نوێ دانەیەت و گوڵەکان لە گوڵزاراندا نەپشـکون و درەختەکان چرۆ نەکەن."

یان:

252. هەمان سەرچاوە، ل31

253. هەمان سەرچاوە، ل54

والی وەهارەن، والی وەهارەن

بە تاجت قەسەم فەصڵ وەهارەن

شکۆفەی گوڵان جە دوور دیارەن

ئیبتیدای فەضای گوڵ و گوڵزارەن[254]

"والی ئەردەڵان، وا بەهارە، ســـوێندم بە تاجی فەرمانڕەواییت وا دیســان بەهارە. وا پشــکوتنی گوڵان لە دوورەوە دیارن و ســـەرەتای وەرزی گوڵ و گوڵزارە."

## دووبارەبوونەوەی وشەی "ڕۆ" وەك ڕەدیف

لەم شـــیننامەیەدا، مەســـتورە لە کۆتایی نزیکەی (٣٢) دێڕدا ڕەدیفی "ڕۆ"ی بەکارهێناوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەنگی "ڕۆ" لە کۆتایی هەندێ لە بەیتەکانی موردا (لاوانەوە)، زیادەیەك دەخاتە سەر دەوڵەمەندی و سۆزی بەیتەکە و حاڵەتێکە، کە ناتوانرێ تەرجومە بکرێت. ئەم دەنگانە، دەنگگەلێکن لە کۆتایی هەر دێڕێکدا دووبارە دەبنەوە و ئەو ئاهەنگە تەواو دەکەن، کە لە بەیتەکەوە هەڵدەستێ و زۆر کاریگەرن لە خێرایی گواستنەوەی سۆزی

[254].هەمان سەرچاوە، ل78

ناو بەیتەکە بۆ بیســـەر[255]. "ڕۆ"، یەکێکە لەو دەســـتەواژە باو و بڵاوانەی لاواندنەوەی مردو، وەك ڕەگەزێکی بنچینەیی لاواندنەوە بەکار دەهێنرێت، جا چ لە کاتی شـین و لاواندنەوەی پرسـەی ژناندا و چ لە شـیعری لاواندنەوەدا، چونکە بە چاوخشـاندنێك بە دەربڕینە دووپاتکراوەکاندا، کە شـــاعیر بەکاری هێناون، پەیوەندی بەهێزی نێوان باری دەروونی توشـــهـاتووی شـــاعیر و مانـای ئـەو وتـە دووبارەکراوانە دەردەکەوێت، ئەم پەیوەندییە گرێدراوەش بەڵگەی زیندووی ئاوێتەبوونەکەیە[256].

بەور بێ ئەندێش کوردستانم ڕۆ

هوزەبر بێشەی ئەردەڵانم ڕۆ

نەهاڵ نەوڕەس نەوجەوانم ڕۆ

والی والاجاه خەسرەوخانم ڕۆ

...

خەسرەو، تا قیام ڕەستاخێز مەبۆ

---

[255]. صفیه مرادخانی ؛ پرستو قبادی اصل. سەرچاوەی پێشوو، ص 157

[256]. نوری حمودی القیسی. "الخنساء، ظاهرة فنية جديدة في الشعر"، *مجلة آداب المستتنصرية*، العدد الأول، السنه الاولی، بغداد، 1976.

پەی جەوانیی تۆ هەر مەواچوون: ڕۆ[257]

"شـــین و ڕۆ بۆ مـەرگی پڵنگی جـەربـەزەی کوردسـتان و شـێری بێشـەی ئەردەڵانم، داخ بۆ وشـکبوونی نەونەمامی تازەپێگەیشـتوم و مەرگی خـەسرەوخـانی والی پـایـەبـەرزم... خەسرەو، تـا ڕۆژی پەسڵان و ئەو ڕۆژەی لەپاش مەرگ زیندو دەکرێینەوە و بۆ لاوێتی و جوانەمەرگبوونی تۆ هەر شین و ڕۆ دەکەم."

## تیلنیشان

بەکاربردنی ڕێژەیەکی زۆر لە هونەری تیلنیشـــان (تلمیحات)، نیشـــانەی ئەوەیە کە مەســـتورە ئاگادارییەکی بەرفراونی لەســـەر کـولـتـوور، مێژوو، بیروبـاوەڕ و میـتـۆلـۆژیـای ڕۆژهـەڵاتی نـاویـن هەبووە[258]. لە شـینی خەسرەوخاندا بە تایبەتی تیلنیشـانی پاڵەوانبازی و قارەمانە ئوســـتورەییەکان دەگاتە ڕێژەیەکی زۆر بەرز، تاڕادەیەك لەنێوان هەرچەند بەیتێکدا جارێك یان زیاتر ئەو ئاماژانە دەبینرێن و چواندنەکانی خەسرەوخان بە پاڵەوانە ئوستورەییەکانی شـانامەکان،

257. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، لل45.44

258. پەرویز جیهانی. "تەلمیح ل دیوانا مەســـتورە ئەردەڵانیدە"، لە: بیرئانینی مەستوورە، سەرچاوەی پێشوو، ل198

وێنەگەلێکن کە خوێنەر هەمیشـــە چاوەڕێی دووبارەبوونەوەیان دەکات. خەسرەوخانی نێو شـــینگێڕییەکانی مەســـتورە کەسـێکە، کە خاوەنی هەموو سیفاتە جوان و بەرزەکانی فەرمانڕەوا و پاڵەوانەکانە.

**ڕۆســـتەمە لە ئازایەتیدا، نەوشـــیروانە لە دادپەروەریدا و جەمە لە تەخت و تاج و دابینکەری خۆشگوزەرانیدا.**

چون ڕۆستەم صاحێب زۆر و زاتم ڕۆ

نەوشیروان طەور، جەم صیفاتم ڕۆ[259]

"حەیف بۆ ئەو پیاوەی کە لە ئازایەتی و هێزدا وەك ڕۆســـتەم دلێر بوو، داخ بۆ ئەو کەســـەی کە لە دادپەروەریدا وەك ئەنەوشـــیروان و لە تەخت و تاجدا وەك جەم وەهابوو."

**یوســـفـە لـە جوانیدا، حـاتـەمـە لـە بەخشـــندەییدا و ئەسکەندەرە لە شانوشکۆدا.**

والی زی شەوکەت، یوسف لیقام ڕۆ

ئەسکەندەر شەوکەت، حاتەم عەتام ڕۆ[260]

---

[259]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل44

[260]. هەمان سەرچاوە، ل32

"داخ بۆ مـەرگی ئـەو "والی"یـەی لـە جـوانـیـدا
هاوشـێوەی یوسـف و لە شـانوشـکۆ و دەسـەڵاتدا
وەکو ئەسکەندەری مەکدۆنی و لە بە خشـندەییدا
وەك حاتەمی تائی بوو."

## شانازیکردن و سەرنجی مێژوونووسییانە:

بەکارهێنـانی ڕێژەیەکی زۆری ســیمبۆلەکانی دەســـەڵات و کەرەســـتەکانی ژیانێکی ئەشرافییانەی ئەو ســـەردەمە، هەســـتێکی گەورەی شـانازی بەخۆکردنی لای مەسـتورە دروسـت کردووە. هەر بۆیە لە گەلێك شـوێنیلاوانەوەکەیدا ئەم هەسـتە دەبینین. دەتوانرێ بگوترێ، کە ڕیشـــەی ئەم ســـتایش و هەڵنانە لای مەســـتورە وەك ڕەگەزێکی سەرەکی لاواندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ شینگێڕیی عەرەبی پێش ئیسلام و ڕێورەسمی شینگێڕی لای کورد.

گەوهەر صەدەف عەقڵ و هۆشم ڕۆ

خەسرەو لاڵ بەخش، هەم لاڵ پۆشم ڕۆ[261]

"داخ بۆ نەمانی دوڕڕی دەروونی هۆش و بیر و
ئەو خەسرەوەی، کە لە بەخشـــندەییدا لەعل و

[261]. هەمان سەرچاوە، ل 44

گەوهەری دەبەخشی‌ـ و لە شـانوشـکۆدا جلی
گەوهەرینی دەپۆشی."

***

مەستورە، ناتوانێ سەلیقە و سەرنجی مێژوونووسییانەی خۆی بشـارێتەوە و زۆر جار بەدەم لاواندنەوەوە سـتایش دەکات. باس لە هـەنـدێ کـەس و ڕووداو دەکـات. وێنـەی چـەنـد دیـاردەیـەکی سـەردەمەکەیمان بۆ دەگوێزێتەوە، کە زیاتر لە ڕێورەسـمی فەرمی و سـەربازی دەچن. هەڵبەتە ئەم ڕووداو و دیاردانەیش بەجۆرێ باس دەکات، کە پاش مەرگی میر بەرەو نەمان ڕۆیشـتوون یان بێخاوەن بوون، یاخود بێخزمەت کەوتوون. وەك باسـکردنی تاج و تەخت و کۆشـکی میرنشـینەکەی، کە ناوی (خەسرەوئاوا)[262] بووە، لەگەڵ کەنیز و غوڵامە بێسەرپەرشتەکانی کۆشك پاش مەرگی خەسرەوخان، هەروەها سـوپاکەی، کە لەپاش مەرگی خەسرەوخانەوە بەرەو بێهێزی و پەرتەوازەیی چووە.

خەسرەو خۆم بە فدای نەوجەوانیت بام

فیدای تاج و تەخت خەسرەوانیت بام

[262]. کۆشـکێکە لە سـاڵی 1808دا لەلایەن ئەمانوڵاخانی گەورەی ئـەردەڵانـەوە لـەسـەر ڕووبـەری 6000 مـەتر، لـەنـاو بـاخی خەسـرەوئاوادا دروسـت کراوە و خەسـرەوخانی والی مێردی مەسـتورە هەر لەوێدا زەماوەندی کردووە و کۆشـکی دەسـەڵاتی بووە.

فیدای جەوانیی کام نەیاوات بام

فیدای ماڵ چۆڵ خەسرەوئاوات بام

فیدای کەنیزان بێ نازمەندەت بام

فیدای غوڵامان سەرئەفگەندەت بام

سەرگەرد سوپای بێ سەردارت بام

خەسرەو وێم قوربان کەچیی کارت بام[263]

"خەسرەو، خۆم بە فیدا و سەرگەردی نەوجەوانیت بم و بە قوربانی تاج و تەختی پاشایەتیت بم. بە سەرگەردی گەنجێتی خۆشی لێنەدیوت بم و قوربانی ئەو کۆشکە چۆڵەت بم کە بە "خەسرەوئاوا" ناسراوە. بە فیدای ئەو کەنیز و غوڵامانەت بم، کە لە دووری تۆدا بێناز کەوتوون و سەریان داخستووە. خەسرەو بە سەرگەردی سوپای بێسەردارت بم؛ هەر خۆم بە قوربان کاری نالەبارت بم."

***

[263]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل33

مەســتورە لە چەند شــوێنێکد بەخشــندەیی خەسرەوخان دەچوێنێ بە حاتەم[264]. ئەمەش ڕاســتەوخۆ پەیوەندی بە ڕووداوێکی ڕاستەقینەوە هەیە، کە مەستورە لە کتێبی *تاریخ الاکراد*ەکەی خۆیدا باسی کردووە و دەڵێ "لە ساڵی ١٨٢٧/١٨٢٨ برسێتی و وشکەساڵی ڕووی لە کوردستان کرد و خەڵکی لەبرساندا کەوتنە خواردنی گەڵای درەخت و گژوگیا و بارودۆخ زۆر خراپ بوو، لەم کاتەدا خەسرەوخان دەرگای ئەنبارەکانی میرنشــینەکەی کردەووە و بەئەندازەی پێویســت گەنم و خۆراکی بە خەڵکی بەخشی- و دانیشــتووانی میرنشــینەکەیی لە مەرگ ڕزگار کرد[265]"

---

[264]. حــاتەم ئەلتــائی (مردن: 605 زاینی)، لــە قــەبیلــەی "طیء"ە، شــاعیرێکی عەرەبی بەر لە ئیســلام بووە و بە بەخشــندەترین پیاوی عەرەب دادەنرێت. لە ئەدەبیاتی ئیســلامیدا ســیمبۆلی بەخشــندەیی و کەرەمە. بڕوانە: دیوان حاتم الطائي، شـــرح أبي صـــالح بن مدرك الطائي، قدم لەووضع هوامشه وفهارسه حنا نصر الحتی، بیروت: دار الکتاب العربي، 1994

[265]. تا ئێســتە وا دەردەکەوێ کە مەســتورە یەکەم ژنی مێژوونووس بێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، چونکە کتێبی *تاریخ الاکراد* لە ئێستادا بە یەکێ لەســـەرچاوە ســـەرەکییەکانی مێژووی و کورد و یەکێ لە ســـــەرچاوەکانی مێژوونووســـــی لۆکاڵی لە ئێران دادەنرێت. بەر لە ئەویش نازانرێ چ ژنێکی تر لە ناوچەکەدا مێژووی نووســـیبێ. بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی شـــیوازی نووســـینی ئەم کتێبە و ژمارەی

"ئەسکەندەر شەوکەت، حاتەم عەطام ڕۆ"

***

مەستورە، گلەیی لە بێوەفایی خەڵك و دەورەبەرەکەی دەکات، کە پاش مەرگی خەسرەوخان پشـــتیان لە ویلایەت و خانەوادەکەی کردووە و چاکە وپیاوەتییەکانی هاوسەرەکەیان لەبیر چووەتەوە. تەنیا پەســـنی سێ کەس دەدات و دەڵێ ئەمانە نموونەی وەفادارین و زۆر خەم لە نەمانی تۆ دەخۆن، کە بەداخەوە پاش لێگەڕان ـــــ ئێمە . نـەمـانتوانی بزانین کـار و پیشـــەی ئـەو کـەســـانـە چی بووە و چ پەیوەندییەکیان بە والییەوە هەبووە.

جەی یاران سە کەس وەفا کەردشان

جە هەم قەتاران سەبەق بەردەشان

موستەوفی باشی و خەلیل سوڵتانت،

میرزا بێگ بەندەی ئیخلاص نیشانت[266]

"لە دۆســـتەکانت تەنیا سێ کەس زۆر وەفادار بوون بۆت و لە وەفاداریدا پێشیـ دۆســـتەکانی

---

دەســـتنووســـەکانی و چاپە جیاوازەکانیەوە بڕوانە: مســـتورە اردلان، تـاریخ الاکراد، باموخره میرزا علی اکبر وقایع نگار، ویرایش جمـال احمدی آیین، اربیل: آراس، 2005

[266]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو،ل47

تری تۆیان دایەوە، کە ئەوانیش بریتی بوون لە
مستەوفی باشی، خەلیل سوڵتان و میرزا بێگی
خزمەتکاری دڵسۆزت."

***

هەروەها، باس لە نەریتی ڕێورەسم و ئاهەنگی ساڵی نوێ دەکات، کە تێیدا تۆپخانە تۆپی تەقاندووە و سەرباز تەقەی کردووە و دەنگی زەنبورەك[267] و نمایش و نواندنی سوپا بەشێك لەو ڕێورەسمە بووە.

فیدات بام، یە عەید تەجدید ساڵەن

غوڵام و کەنیز دەروون زوخاڵەن

هۆرێزە بەو فەرِ عالەم ئاراوە

بەزم عەیدت بۆ بە دڵ گوشاوە

ناڵەی تۆپخانە، شەلیك نیظام

صەدای زەنبورەك شای کەیخەسرەوفام

---

[267]. زەنبورەک تۆپێکی بچووکی دوو چەرخی بوو، لەسەر وشتر دادەنرا و تەقەی پێ دەکرا. حسن انوری. فرهنگ بزرگ سخن. سەرچاوەی پێشوو، بەرگی5، ل3581

با بەرز بۆ نەعام چون ساڵان پێش

بەکۆری دوشمن برای بەدئەندێش[268]

"بە قوربانت بم، وا جەژنی نوێبوونەوەی ساڵە، بەڵام کەنیز و غوڵامەکانت بێزار و درەون پڕ خەمن، دە هەڵسە بەو شانوشکۆیەی خۆتەوە بە دڵی خۆشـــەوە جەژن بەجێ بێنە، با ناڵەی تۆپخانە و دەنگی گولەتەقاندنی ســـەربازەکان و سـەدای زەنبورەکی تۆ کە وەکو کەیخەسرەو شـا وەهایت، هەر وەکوو ســاڵان بەرز بێ و چاوی دوژمنت کوێر بکا."

***

مەســـتورە، چەندین جار باسی کتێبخانەکەی خەسرەوی کردووە و لاواندوویەتییەوە. ئەمەش نیشـــانەی ئەوە بووە، کە خەسرەوخان خاوەنی کتێبخانەیەکی وەها بووە لە پاشـتردا مەســتورە لە نووسینی *تاریخ الاکراد*، *شرعیات*، *مجمع الادباء* و حوسن جەهان خانمیش لە نووســینی کتێبە عیرفانییەکەی خۆی واتە *بســـاط و نشـــاط* ســـوودیان لێ بینیوە. جگە لەمەش بارەگای خەسرەوخان و

[268]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل41

دیوانخانەکەی شــوێنی باســوخواس و شــۆڕ و شــەوقی ئەدیبان و زانایانی ناوچەکە بووە[269].

فیدای ئەو شەوکەت خەسرەوانیت بام

قوربان مەجلیس کتابخوانیت بام[270]

"هەرخۆم بە فیدای شانوشکۆی فەرمانڕەوایەتیت بم و بە قوربانی کۆڕی کتێبخوێندنەوەکانت بم."

...

کیتابخانەت چۆڵ بێ زەوق و شەوقەن

بێدەماغیی ئەو جە گشت مافەوقەن[271]

"ئێســـتە بەبێ تۆ کتێبخانەکەت چۆڵە و هیچ خۆشی و چێژ و شـۆڕ و شـەوقێکی تێدا نییە، بە جۆرێ کە بێتاقەتییەکەی ئەو لە دووری تۆ لە هی هەموو شوێنەکانی تر زیاترە."

***

---

[269]. کیومرث فلاحی. سەرچاوەی پێشوو، ل55

[270]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل35

[271]. هەمان سەرچاوە، ل48

پاشـان لە ناوهێنانی کەرەسـتەکانی خەسرەوخاندا وەك بیەوێ جۆرێ لە "کۆتەڵ" بە وشـە دروسـت بکات، باس لە کەرەسـتەکانی ناکام دەکات و بە نیشانەی جوامێری و خانداری ئەوی دادەنێ:

صاحێب کولاە فەڕەنگیم خەسرەو

سروور هەنگام دڵتەنگیم خەسرەو[272]

"خەسرەو، ئەی خاوەنی کڵاوی فەڕەنگیم، کە نیشـــانەی مۆدێرنیزاســـیۆنە، ئەی شـــادی و دڵخۆشی ئـەو وەختـانـەی من، کـە دڵتـەنـگ بووم."

کولاە فەرەنگی بێ صاحێب مەندەن

خەم ڕیشەی شادیش جە بێخ هۆرکەندەن[273]

"کڵاوە ئەوروپاییەکەت بێ خاوەن ماوتەوە و بەهۆی دووری تۆوە تەنانەت ئەویش خەفەت دەخوا و خەم شادی لە ڕوخساری بڕیوە."

[272]. هەمان سەرچاوە، ل45

[273].هەمان سەرچاوە، ل48

## شینگێڕی پێچەوانەی دین:

دەرچوون لە یاسا مەزهەبی و دینییەکانی شینگێڕی، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی شیننامە کوردییەکانی مەستورە، کە دەتوانین لەم چەند نموونەیەی خوارەوەدا ڕوونی بکەینەوە:

مەستورە سوێند بە کەرەستەکان، بەزمی مەینۆشی و مەرگی هاوسەرەکەی دەخوا و بە شتێکی پیرۆز دایاندەنێ. لەکاتێکدا ئەمە پێچەوانەی بیروباوەڕی دینی ئیسلامە، چونکە بەپێی ئیسلام سوێندخواردن بە هەرشتێکی تر جگە لە خودا و ناو و سیفەتەکانی حەرامە و بە هاوبەشپەیداکردن بۆ خودا دادەنرێ[274].

والی وەهارەن، والی وەهارەن

بەتاجت قەسەم فەسڵ وەهارەن[275]

"والی وا وەرزی بەهارە، سوێند بە تاجی پاشایەتیت وا وەرزی بەهارە."

---

[274]. بۆ شارەزایی لەبارەی نەریت و حوکمی سوێندخواردن لە مەزهەبە جیاوازەکانی ئیسلامدا، بڕوانە: عبدالرحمن الجزيري. *الفقه على المذاهب الأربعة، استانبول: حقيقه، 2000، ج3،* صص 56-95

[275]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل78

یان:

شاهم، سەوگەندم بە بەزم و بادەت

قەسەم بەو مەرگ بێ وەخت و وادەت

ئانێ دەقیقە نییەن قەرارم

پەی نەوجەوانیت هەر شینەن کارم[276]

"ئەی شاهی من، سوێندم بە بەزم و سفرەی مەینۆشیت، سوێندم بەو مەرگە لەناکاوەت، بۆ یەك خولەکیش ئارامم نییە و بۆ نەوجەوانی و لاوێتیت هەمیشە هەر شینمە."

***

ستایشکردنی خەسرەوخان لای مەستورە دەگاتە ڕادەیەك، کە زۆر جار خوێنەر هەست دەکات دەقێکی ستایشی بەر لە ئیسلام دەخوێنێتەوە، نەك شیعری ژنێکی موسڵمان، کە خاوەنی کتێبە لەبارەی شەرعیياتەوە! لێرەدا مەبەست لەو شانازیکردن و بەفیدابوون و ستایشکردنەی کۆڕی مەینۆشی و بەزم و سەفای ڕابواردنی هاوسەرەکەیەتی، کە مەستورە لە چەندین شوێندا باسی دەکات و بەمشێوەیەش پشتڕاستی هەموو ئەو بەڵگە مێژووییانە

[276]. هەمان سەرچاوە، ل34

دەکاتەوە وا باســـیان لە ڕابواردنە زۆرەکانی والی کردووە. دەتوانین بەشـــێکی ئەم وێنە ســـتایشـــیانە بەراورد بکەین بە زیادەڕەوییەکانی شـیعری خەنسـا بۆ براکەی[277] چونکە شـیعری سـتایش بۆ مردوو، واتە "تأبین"ی بەر لە ئیسـلام هەموو جۆرە سـتایشـێکی گرتووەتەوە، بەڵام لەســـەردەمی ئیســـلامدا بۆ نموونە شـــاعیر زیاتر باسی لە ســـیفەتەکانی وەك خوداپەرســـتی و پەیڕەوی لە دین و پەیامبەری ئیسلام و مەزهەبەکەی و ئەم جۆرە شتانە کردووە.

لاڵ بەخش، خۆم بەفدای لاڵ بەخشانت بام

فیدای بەزم عەیش مەینۆشانت بام[278]

"ئەی بەخشـــندەی لەعل و گەوهەر، خۆم بە قوربانی بەخشـــینی لەعل و گەوهەرت بم، هەر خـۆم بە فـیـدای بەزم و کـۆڕی ڕابـواردنی مەیخواردنەوەکانت بم."

یان:

قوربان خەڵوەت بێ خەسرەوت بام

[277]. بۆ زیادەڕەوی لە لاواندنەوە و ســـتایشـــی زۆر لە شـــیعری خەنســـادا بڕوانە: حنا الفاخوري. *الجامع في التاريخ الأدب العربي الأدب القديم*، بيروت: دار الجيب، 1986، صص291،292

[278].محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل33

فیدای بەزم و عەیش ڕۆژ و شەوت بام[279]

"بە قوربانی ژوور و گۆشەی تەنیاییت بم و خۆم بەفیدای بەزم و ڕابواردنی ڕۆژ و شەوت بم."

یان:

فیدای ساز و سۆز مەجلیس بەزمت

فیدای تەپڵ و کۆس مەیدان ڕەزمت[280]

"بەفیدای ئەو سازلێدان و کۆڕی گۆرانیبێژییانەت بم کە سازت دەکردن. بە قوربانی ئەو تەپڵ و دەهۆڵ لێدانەی گۆڕەپانی شەڕکردنت بم."

***

خواستی زاڵبوونی خەم و وێرانبوونی دونیا پاش مەرگی خۆشەویست تایبەتمەندییەکی تری شینگێڕییەکانی مەستورەیە، بە جۆرێ مەرگی خەسرەو بە کارەساتێکی وا گەورە دەزانێ، کە حەز دەکا پاش ئەو هەموو دنیا و گەردوون وێران بێ و کوردستان جارێکی تر خۆشی نەبینێت. ئەمەش لە ڕاستیدا تایبەتمەندییەکیکۆڕی

[279]. هەمان سەرچاوە، ل33

[280]. هەمان سەرچاوە، ل52

شـــینگێڕیی پرســـەی کوردییە و لە گۆشـــە و کەنـاری جیـاوازی کوردستانەوە بەرگوێمان کەوتووە.

بازاڕ زینەت بەهار بەتاڵ بۆ

عالەم بێ خەسرەو وەخەم چەپاڵ بۆ[281]

"بەهۆی مەرگی ئەوەوە یاخوا جوانی و ڕازاوەیی بەهار برەوی نەمێنێ و لەبازاڕ بکەوێت، یاخوا داوی خەسرەو خەم دونیا دابگرێتەوە و تـاڵانی بکات."

دمای ناکامی خەسرەو و لاڵ پۆش

کەس بادە جە جام عەیش نەکەرۆ نۆش[282]

"یاخوا لـەپاش نـاکامی خـەسرەوی گـەوهـەرپۆش، کەس تامی بادەی ژیان نەکات و خۆشی نەبینێ."

یا شا کوردستان یەکسەر دمای تۆ

ڕیشەش بەر بەیۆ چون خاك نەیکۆ

بوارۆش پێدا بەرقێ نەی وەهار

---

[281]. هەمان سەرچاوە، ل40

[282]. هەمان سەرچاوە،ل41

هەنی کەسێ لێش نەوینۆ ئاثار[283]

"یاخوا لە پاش مەرگی تۆیەکسەر کوردستان (کە لێرەدا ڕەنگە مەبەستی سنە بێت) وێران بێ و لەناو بچێت. بەم بەهارە بروسکەیەکی وەها لێی بدا کە کەس پاشماوەکەی لێ نەبینێتەوە."

***

مەستورە بڕوای بەوە هەبووە کە قەدەر و خوداوەند دەستیان لە گۆڕینی ڕەوتی مێژوودا هەیە[284]، کە مەرگی پاشا و میرەکانیش بەشێکە لەم ڕەوتە مێژووییە، چونکە لە تێڕوانینی ئیسلامەوە مەرگ ڕادەستبوونە بە قەدەری خودایی و نابێ ترست لێی هەبێ، کەچی مەستورە لە دەیان شوێنی شیننامەکەیدا پێچەوانەی ئەم بیروباوەڕی خۆی دەدوێ و پێی وایە، کە هێشتا وەختی مردنی خۆشەویستەکەی نەبووە و ئاسمان غەدری لێ کردووە و نەیهێشتووە مێردەکەی خۆشگوزەرانی خۆی تەواو بکات.

فەڵەك نە جەورت زار و سەرگەردان

---

[283]. هەمان سەرچاوە، ل49

[284]. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ئەمەوە بڕوانە: لەیلا ساڵحی. سەرچاوەی پێشوو. ل59

وەختەن چون دەیری بشوون وە هەردان

نەی زوڵم سەنگین، نەی بێداد تۆ

هەر مەواچوون داد، هەر مەکەروون ڕۆ[285]

"ئەی فەلەك، من لە داخی ستەم و جەوری تۆ وا سەرم لێشێواوە، خەریکە وەکو دێوانەکان بکەومە کەژ و کۆ. بەڵێن بێ لەم ستەمە سەنگینە و لەم بێدادییەی کە تۆ لە بەرامبەر مندا کردت، هەتا ماوم هەر داوای دادی خۆم بکەم و هەر شین و ڕۆڕۆ بکەم."

یان:

کۆربام پەرێ عومر بەسەر نەوەردەت

پەی عەیش دنیای تەمام نەکەردت[286]

"کوێر بم بۆ ئەو تەمەنە کەمەی کە نەتتوانی بیبەیتە سەر و بە هۆیەوە بەزم و ڕابواردنەکانی دونیاتی پێ تەواو بکەیت."

---

285. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو،ل32

286. هەمان سەرچاوە، ل35

## دوابەیت و داخستنی شیننامەکان:

هەرچی لەبارەی کۆتایی لاواندنەوەشـــەوەیە کۆمەڵێ یاســـا و ڕێسـا هەیە، کە دیسـانەوە مەسـتورە لەم یاسـایانە لایداوە و ئەمەش دەمـانخـاتـە بـەردەم ئـەوەی، کـە بڵێین مـەسـتورە خـاوەنی جۆرێکی تایبەت لە شـیننامەیە، کە سـەرچاوەکەی لە کولتوورێکی ترەوەیە و لە زۆر شـوێندا لە قاڵب و شـێوە باوەکەی شـینگێڕی لایداوە، کە لە عـەرەبیی پاش ئیســـلام و فارسی و تـەنـانـەت شـــیعری عـەروزی کوردیشـــدا هەیە، چونکە مەســتورە پەیڕەوی لە شـیعری گۆرانی دە بڕگەیی کردووە. لە پاش ئیســلام مەرج وایە شــینگێڕی بە ماناگەلێکی ســـەبوریبەخش و ئارامکەرەوە کۆتایی بێ، وەك بانگێشـــتکردن بۆ ئارامگرتن، دڵخۆشـکردن بە شـوێنی پڕئارامی مردوکە مەبەسـت لە بەهەشـــتە، نزا و پاڕانەوە بۆ مردووەکە[287]. کەچی مەســـتورە بە پێچەوانەی ئەمـانەوە، ڕێـك وەك ئەوەی لە پرســـەیەکی ژنـانـەی گوندێکی کوردستاندا دانیشتبێ، دەڵێ:

باقی تا ئەو ڕۆ عومر بەرجام بۆ

شەرت بۆ پەی خەسرەو هەر واوەیلام بۆ

تا خالیق گیرۆ دیوان مەحشەر

---

[287]. محمود آبدانـان مهـدی‌زاده ؛ مجتبی بهروزی. ســـەرچـاوەی پێشوو. ص21

شینی مەستورە، جە شیرین بەتەر[288]

"مەرج بێ هەتا ئەو ڕۆژەی کە ژیانم بەردەوامیی هەبێ، بۆ مەرگی خەسرەو لە گریان و شیندا بم و هەتا ئەو ڕۆژەی کە خودا لەپاش کۆتایی دونیا لێپرســـینەوە لە مرۆڤ دەکات، شـــینی من بۆ خەسرەو لە شینی "شیرین" بۆ فەرهاد زیاتر بێ."

سا فەڵەك چون من سیاچارە بۆ

سەرنگوون خوار پارەپارە بۆ[289]

---

[288]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل35

[289]. هەمان سەرچاوە،ل53

# شینگێڕی بۆ سوڵتان خانم خوشکی خوسرەوخان

عیزەت ئەلنیســـا یا ســـوڵتان خانم کچی ئەمانوڵاخانی گەورە (فەرمانڕەوایی: ١٧٩٩-١٨٢٤) و خوشـــکی خەسرەوخانی ناکام بووە. شـــاعیر بووە و نـاســـناوی "عیزەت"ی هەڵگرتووە.[290] لـە نـاو دەستنووسەکەی کتێبخانەی بەرلیندا، کە دیوانی مەستورەی لەسەر ساغ کراوەتەوە، شیننامەیەکی سوڵتان خانمی تێدایە، کە ئەویش لە شینی خەسرەوخانی برایدا گوتویەتی و دەکرێ بەجیا وەك بەشێك لە شـیننامە نافارسـییەکانی ژنانی قۆناغی یەکەمی قاجار دابنرێت. بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەســتی باســەکەی ئێمەیە ئەو شــیننامەیە[291]، کە

[290]. تەنیا زانیارییەکی بەردەستی ئێمە ئەو شیننامەیە، کە لە شینی خەســـرەوخانی برایدا کردوویەتی، کە بە کوردیی گۆرانییە، لەگەڵ بەیتێکی مەستورە کە دەڵێ:

فیـدات بـام عەزیـز، گـرامی نەسـەب

عیزەت نیسا گیان، وە سوڵتان لەقەب

"بـە قوربـانـت بم ئـەی خۆشـــــەویســـــتی بەڕەچەڵەک بەڕێز، ئەی "عیزەت نیســـا"ی بە "ســوڵتان" ناســراو. (محەمەد عەلی قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل71)

[291]. لە دیوانی مەستورەی سدیق بۆرەکەییدا، دوو شیننامەی جیاواز بۆ ســوڵتان خانم هاتووە، کە تێکڕا 95 بەیتە، بەڵام لە دەســتنووســە

مەســـتورە لە شـــینی ئەم خانمەدا گوتویەتی و بە هۆیەوە شـــینی خەسرەویشی تازە کردووەتەوە.

لەم شیننامەیەدا، جارێکی تر مەستورە بە پێشەکییەکی درێژی سەرکۆنەکردنی ڕۆژگار و فەلەك دەست پێ دەکات و باوەڕی وایە، کە فەلەك جارێکی تر ستەمی لێ کردووەتەوە. پاشتریش لەکۆی دەقەکەدا وەك شـاعیرێك شـین دەگێڕێ، کە بنەماکانی شـینگێڕی بەر لە ئیسـلام زاڵە بەسەریدا. لە شیننامەکانی بەر لە ئیسلام و سەردەمی ئیسلامیدا جیاوازییەك لەنێوان حیکمەتی لاواندنەوەکانداهەیە. شـاعیری بەر لە ئیســلام پاش بەیتە حیکمەتئامێزەکانی، بە زۆری ڕوو لە گریان و زاری دەکـات؛ بـەڵام شـــاعیری ئیســـلامی چونکـە ئـاگـاداری داوڕۆژی مردووەکەیە و دەزانێ خۆشـــبەختی بەشی ئەوە، ئەگەر پاش دانایی وێژییەکانیشی ـ گلەییەك بکات، هۆکارەکەی ئەوەیە کە ڕێگەیەکی وەك کـەسی مردووی نـەبڕیوە و ئێســـتاکـەیش بە ڕۆیشـــتنی ئـەو تـەنیـاوبێکـەس کـەوتووە[292]. کـەچی مـەســـتورە لـە تـەواوی ئـەم شیننامەیەدا پەیڕەوی لەم یاسایە نەکردووە.

---

ســــاغکراوەکەی کتێبخـانەی بەرلینـدا، لەلایەن محەمەد عەلی قەرەداغییەوە، هەردووکیان بە یەک شـــیننامە هاتوون کە تێکڕا لە 104 بەیت پێک هاتووە.

292. محمود آبدانـان مهدیزاده ؛ مجتبی بهروزی. ســـەرچاوەی پێشوو. ص176

لە ڕێوڕەسمی لاوانەوەی کوردیدا، زۆر جار لاوێنەر لەگەڵ لاواندنەوەی کەسێکدا، مردووی پێشینی خۆیشی ـ دەلاوێنیتەوە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو دوو کەسە برادەر یا کەسی یەکتر بن کە ئەمە بەتەواوی لە شینی سوڵتان خانمدا ڕەنگی داوەتەوە و مەستورە بەهۆی ئەم مەرگەیشەوە جارێکی تر باس لە خەسرەوی مێردی دەکاتەوە.

نمەك وە زامان وەرینم پاشای

زام خەسرەوم جە نەو خەراشای[293]

"بە مەرگی خۆت ئەی سوڵتان، جارێکی تر خوێت کرد بەسەر برینە کۆنەکانمدا و سەرلەنوێ برینی خەسرەوت کولاندمەوە."

***

یەکێك لە ڕەگەزەکانی لاواندنەوە بەسەرکردنەوەی یادگارەکانە لەگەڵ مردووەکەدا، کە لاوێنەر بەدەم شیوەن و گریانەوە بەسەریان دەکاتەوە، هەروەکو شوکریە ڕەسول دەڵێت "لێرەدا لاوێنەر، فرمێسك و بیرکردنەوەی تێکەڵاوی یەك دەبێ و یادگار و شێوە و ئاکامی جوانی مردووەکە دێنێتە بەرچاوی[294]."

[293]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل65

[294]. شوکریە ڕەسوڵ. سەرچاوەی پێشوو، ل16

فیدات بام قەسەم بە بەرزیی باڵات

بەو شێوەی شیرین بەو خاڵ ئاڵات

تا باقی عومر هەر بواچوون: ڕۆ

خاڵی نمەبۆ دڵ جە غوصەی تۆ[295]

"بە قوربانت بم و ســـوێندم بە باڵای بەرزت و بەو جوانییە "شـیرین" ئاسـایەت و بەو خاڵەی ســـەر گۆنـات، هـەتـا ژیانم مـابێ هـەر داخ و حـەسرەت بکێشـــم و دڵم لـە خـەمی تۆ بـەتـاڵ نەبێتەوە."

***

مەسـتورە لە زۆربەی بەیتەکانی لاوانەوەکەیدا هەمیشـە ئەوە وەبیری خوێنەر دێنێتەوە، کە ئەم شـــین بۆ کەســـێك دەکات لە بنەماڵەیەکی دەسـەڵاتدارە. ئەو وشـانەی بۆ وەسـفی مردووەکە هەڵی بژاردووە پڕن لە ئاماژە بۆ دەســـەڵات و نیشـــانەن بۆ ژیانێك، کە پڕ بووە لە خۆشی.

باش خانمان ئەردەڵان ماوا

هەمشیرەی دڵبەند شای خەسرەوئاوا

295. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل73

یادگارمەندەی والیان پێش

مەسروری دڵەی بێگانە و هەم خوێش

گوڵبون گوڵزار دودە مەعالی

خورشید سپێهر والی بن والی[296]

"سەردەستەی خاتونەکانی ئەردەڵان و خوشکی خۆشەویستی خەسرەوخان، یادگار و بۆماوەی والییەکان و مایەی دڵخۆشیی و خزم و بێگانە، گوڵی گوڵزاری خانەدانێکی بەرز و هەتاوی ئاسمانی والی کوڕی والی."

***

یان وەختێ سوێند بە جوانی و کەرەستەکانی مردوو دەخوات، سوێند بە شتێك دەخوات، کە جگە لەوەی وەك باسمان کرد لە شیننامەی ئیسلامیدا نابێ سوێندی پێ بخورێ، لە هەمانکاتدا شانازی بە ژیانێکی ئەرستۆکراتییانەوە دەکات لە سەردەمێکدا، کە بەشێکی زۆری خەڵکی هەژار بوون و ناچار بوون باج و سەرانە بەو میرنشینە بدەن.

بەو دورج مەملوی مرواریت قەسەم

[296]. هەمان سەرچاوە، ل67

بەی زام ناسۆر دیاریت قەسەم[297]

"سوێندم بە سندوقی پڕ لە گەوهەر و مرواریيەکانت، سوێندم بەو زامی ناسۆرە پڕ لە خەمەی پێشکەشت کردین."

***

وەك دەزانرێ لە بەشێکی زۆری شیننامە کوردییەکاندا زمانی لاواندنەوە پڕە لە خوازە[298]، بەڵام مەستورە لەم ڕێسایەش لایداوە و هەندێ واقیعییەتی تۆمار کردووە. وەك چۆن لە شینی مێردەکەیدا ئاماژە بەوە دەدا، کە مێردەکەی بەهۆی نەخۆشییەوە مردووە و جەرگی پارچە پارچە بووە :

فیدای ئەو ناڵەی سۆزی جەرگت بام

قوربان سەفەر موڵك مەرگت بام[299]

"بە قوربانی ئەو ناڵەیەت بم کە بەهۆی کزانەوە و ئازاری جگەرتەوە دەتکرد. بە قوربانی ساتی ئۆغرکردنت بەرەو جیهانی مەرگت بم."

---

297. هەمان سەرچاوە،ل68

298. شوکریە ڕەسوڵ. سەرچاوەی پێشوو، ل4

299. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل52

دیسانەوە لێرەشدا ئاماژەیەکی وەها دەدا، کە سوڵتان خانمیش بە هەمان نەخۆشی خەسرەوخان مردبێ[300].

---

[300]. مەستورە لە مێژووەکەیدا باسی ئەوەی کردووە، کە خەسرەوخان لە بڕانەوەی مانگی قوربانی 1249دا تووشی نەخۆشیی جەرگ بووە و پاش لێپیسکردنی نەخۆشییەکەی بە چەند مانگێکی کەم، لەکاتی شەپۆلی دووەمی تاعوندا مردووە. (مەستورەی کوردستانی. مێژووی ئەردەڵان، سەرچاوەی پێشوو، لل 210ـ211) بەڵام نووسەری *تاریخ مردوخ* ئاماژە بە نەخۆشیی جگەری خەسرەوخان نادات و دەڵێ لە2ی ڕەبیعی دووەمی 8/1250ی ئابی 1834 لە تەمەنی 29 ساڵیدا بە تاعون مردووە. (محمد مردوخ کردستانی. *تاریخ مردوخ*، تهران: نشر کارنگ، 1379، ص391). گوتراویشە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی مێردی مەستورە ئەوە بووە کە زۆر حەزی لە خواردنەوە دەکرد و بە مەستی ڕایدەگوزەراند. ئەمەش بووە نەخۆشی و ڕەنگی بەزەردا هەڵگەڕان و جەرگبڕی کرد. واتە ڕەنگە تووشی نەخۆشی هێپاتیت (hépatite) بووبێت. (بڕوانە: محەمەد ڕەئوف محەمەدی. "ناسینەوەی ژیانی مەستوورەی ئەردەڵان" لە بیرئانینی مەستوورە، ل 32). هەروەها دەگوترێت هەرسێ کوڕەکەی خەسرەوخانیش لە تەمەنێکی کەمی نێوان 43 بۆ 44 ساڵ لە ماوەی بیست مانگدا دەمرن، کە ئەمەش ئەو ئەگەرە زیاتر دەکات. بڕوانە: دیوان والیە و والی و بساط و نشاط، سەرچاوەی پێشوو، ص11.

پەرێ ناکامیت بێ قەراریم بۆ

وە جەرگ پارەت شین و زاریم بۆ[301]

"شـــەرت بێ تا ماوم بۆ ناکامی تۆ هەر نائارام و تازیەبار بم و سوێند بەو جەرگە پارچەپارچەیەت هەمیشە هەر لە شین و زاریدا بم."

***

هەروەها لە بەیتێکدا پشتڕاستی ئەوە دەکاتەوە، کە والییەکانی ئەردەڵان لەوکاتەدا شـیعەمەزهەب بوون و پاش مەرگیان لە شـاری نەجەف نێژراون. هەروەها بۆرەکەییش وای دادەنێ، کە خەسرەوخان و سـولتانی خوشـکیشی_ لە نەجەف نێژرابن[302]. هەرچەندە خودی مەسـتورە لە مێژووەکەیدا دەڵێ: "دوای ناژتنی، چەند ڕۆژێك پرسـە دانرا"[303]، بەبێ ئەوەی ئاماژە بەوە بدا لە کوێ نێژراوە.

وێت کەرد وە مونیس ناڵین و ئاهش

---

[301]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل52

[302].سدیق بۆرەکەیی، *دیوانی مەستوورەی کوردستانی*، سەرچاوەی پێشوو، ل70

[303]. مەسـتوورەی کوردسـتانی. *مێژووی ئەردەڵان*، سـەرچاوەی پێشوو، ل211

جە ڕاگەی نەجەف بیت وە هەمڕاهش[304]

"خۆت کرد بە هاودەمی ناڵە و ئاهی خەسرەوی
برات و تۆیش هەر بەو ڕێگەیەدا ڕۆیشـــتی، کە
ئەویان پێدا برد بۆ نەجەف"

***

لەکۆتاییدا پێویسـتە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکی تری شـیننامە کوردییەکانی مەســتورە بکەین، کە ئەویش پەیوەندی بە مۆســیقا و ئاوازە فۆلکلۆرییە شینگێڕییەکانی کوردەوە هەیە. ئەو مۆسیقا و کێشی شــیعر و دەســـتەواژانەی لە "چەمەری" و "کۆتەڵ" و "هۆرە"دا، شـــینگێڕی کورد بەکاریان دەهێنن و تا ئێســـتایش لە زۆرێك لە ناوچەکانی کوردسـتاندا ماون، وەك سـەرچاوەیەکی سـەرەکی لەلایەن مەستورەوە سوودی لێ وەرگیراوە و ئامادەییەکی زاڵی بە سەر تەواوی دەقە شـــیعرییەکانەوە هەیە. ئەمەش زیاتر حاڵەتێکە بەزۆری ئەو کەسانە هەستی پێ دەکەن، کە لەم جۆرە ڕێوڕەسمانەدا بەشدارییان هـەبووە، یـاخود وەك بـەشـــێـك لـە مۆســـیـقـای نەتەوەیی کورد ئامادەییەکی لە کۆنەســـتی نەتەوەییدا هەیە. ئەم تایبەتمەندییەش بەسەر کۆی شیننامەکاندا زاڵە و دەتوانرێ لەناو مۆسیقای بڕگەکان، ڕەدیفەکان و خەیاڵ و وێنە شیعرییەکاندا ببینرێت.

[304]. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل72

## شینگێڕیێ بۆ لەسەرکارلادانی ڕەزاقولیخان لە والیێتی ئەردەلان

ڕەزا قولیخان کوڕی خەسرەوخانی ناکام و حوسن جەهان خانم و هەنەزای مەستورە بووە. لە دوای مەرگی خەسرەوخان لە ساڵی ١٨٣٤دا، لە تەمەنێکی کەمدا کرایە جێنشینی باوکی. بۆ ماوەی دە ساڵ لەنێو ململانێیەکی زۆردا فەرمانڕەوایی ئەردەڵانی کرد. محەمەد شای قاجار، بەهۆی دووزمانی و پیلانگێڕییەکانی حوسن جەهان خانمەوە، لە ساڵی ١٨٤٥دا ڕەزا قولیخانی لە دەسەڵات خست و پاش ئەوەی ڕەفتاری زۆر ناشیرینیان لەبەرامبەر نواند، بردی لە تاران زیندانیی کرد[305]. مەستورە ئەم چەکامەیە لە کاتێکدا هۆنیوەتەوە کە ڕەزا قولیخانی ئەردەڵانی لە فەرمانڕەوایی کوردستان خراوەتە لاوە و مەستورەیشخوازیاری ئەوە بووە کە بنەماڵەی قاجاریش بەو چەشنە لەناوچن[306]. ئەم جۆرە لە شینکردن بۆ لەدەستدانی دەسەڵات یاخود لەکارلادانی فەرمانڕەوایان، نمونەی لەناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی هەیە و لە ڕاستیدا جۆرێکە لە ستایش. ستایشی- جوانی، سوارچاکی، دادپەروەری و پاشان لۆمە و سەرکۆنەکردنی ڕۆژگار بۆ بێبەختبوونی فەرمانڕەوای لەسەرکارلادراو.

---

[305]. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی ژیان و دەسەڵاتییەوە، بڕوانە : مەستوورەی کوردستانی. *مێژووی ئەردەڵان*، سەرچاوەی پێشوو، لل229-216

[306]. سدیق بۆرەکەیی، *دیوانی مەستوورەی کوردستانی*، سەرچاوەی پێشوو، ل79

لە دە بەیتی یەکەمی شیننامەکەدا، مەستورە ڕوو لە والی دەکات و پێی دەڵێ وا وەرزی بەهارە و وڵات خەملیوە، بەڵام گوڵ و گوڵزار خەمی دووری تۆیانە و هەریەکە و بەجۆرێ دڵتەنگی ئەو بارودۆخەن بە سەر تۆدا هاتووە.

هەریەك بە تەورێ خودسازیشانەن

ئەمما پەشێوی دووری تۆشانەن[307].

"گوڵان و دارودرەخت هەریەکە و بەجۆرێك خۆیان ڕازاندووەتەوە، بەڵام لەدووری تۆ پەشێوحاڵن و خەمبارن."

پاشان دێتە سەرباسی خۆی و دووری ئەو دەلاوێنێتەوە و وەك نەریتێکی شینگێڕی شادی و دڵخۆشی لەخۆی حەرام دەکات :

خولاسەی کەلام مایەی نیشاتم

ڕۆحئەفزای ڕۆحم، مایەی حەیاتم

قەسەم بەو لیقای یوسف ئاسای تۆ

هیچ یەك نەی گوڵان نەکەردەنم بۆ

تەماشای سەحرا و گوڵان وەشبۆ

شەرتەن نەی وەهار جە من حەرام بۆ[308]

---

307. محەمەد عەلی قەرەداغی. سەرچاوەی پێشوو، ل79

308. هەمان سەرچاوە، ل80

"بەکورتییەکەی ئەی مایەی هێزی ئەژنۆ و دڵخۆشـــی
من، ئەی گیانبەخش و شـادیبەخشی. من، مایەی ژیانم،
ســـوێنـدم بەو جوانییە ڕوخســـــارت، کە وەکو جوانی
ڕوخسـاری یوسـف وەهایە، من هیچ یەکێ لەو گوڵانەی
بەهاری پاش مەرگی تۆم بۆن نەکردووە.تازە مەرج بێ ئەم
بەهارە تەماشاکردنی سارا و دەشت و گوڵانی بۆنخۆشیش
لەخۆم حەرام بکەم."

***

لە کۆتایی لاواندنەوەکەیدا، مەستورە هەستی تۆڵەکردنەوە دایدەگرێتەوە و ڕوو لە ئاسمان و فەلەك دەکاتەوە تا وازییەکە پێچەوانە بکەنەوە و ئەوەی بەسەر ڕەزاقولیخانی والیدا هاتووە بەسەر سەبەبکارەکانیدا بێتەوە کە مەبەست لێی دارودەستەی دەرباری قاجارە.

ڕەزا، فیدەویت زویر و زارەن

پەرێو مەعزولیت جە گیان بێزارەن

گەردوون چەپگەرد چە نەردێ بازا

ئەساسەی عوزلەت نیمساعەت سازا

چێش مەبۆ فەڵەك نەردێ بشانۆ

دەردەکەی ئێمە بەوان بنمانۆ؟[309]

"ڕەزا قولیخان، ئەم بەقوربانبووەت بەهۆی لەسەرکار لابردنتەوە لە گیانی خۆی بێزارە. گەردونی خراوگەڕ وازییەکی وەهای لەگەڵ کردیت کە

---

[309]. هەمان سەرچاوە، ل80

لەکارخستنت هەر تەنیا نیو کاتژمێری بۆ خایاند. ئەی چی دەبێ ئەگەر فەڵەك گەمەیەکی تری وەها ڕێك بخاتەوە کە دەرد و ناخۆشییەکەی ئێمە بەوان بنوێنێتەوە؟"

# ئەنجام

تایبەتبوونی خوێندنی ژنانە، بە کچان و ژنانی ئەریستۆکرات لەو دەورەیەدا، کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا باسمان لێ کردووە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی شاعیرانی ژن تەنیا لە ناو دەربار و حەرەمی شا و میر و خانەدانەکاندا دەرکەون، ئەمەش لە ئاکامدا جۆرە شیعرێکی لێ بەرهەم هاتووە، کە تەنیا تایبەتە بە ژنانی ئەشرافی و هەر بەهۆی ئەمەشەوە تەنیا بەشێکی ئەو دیوان و نموونە شیعرییانە گەیشتوونەتە دەستی ئێمە، کە لەلایەن نووسەر و تەزکەرەنووسەکانی دەربارەکانەوە .کە تێکڕا پیاو بوون . نووسراون. ئەمەش خۆبەخۆ لێکۆڵینەوەکەمانی تایبەت کردووە بە شیعری "ژنانی خوێندەوار و ئەشرافی" لە سەردەمێکدا، کە بە سەردەمی "دەورەی بازگەشتی ئەدەبی" و "تایبەتمەندیی زاڵی هەستی پیاوانە" ناسراوە.

لەلایەکی ترەوە سەرقاڵکردن بە بابەتە مەزهەبییەکانەوە وەك دیاردەیەکی بەرچاوی ئەم دەورەیە، یەکێ بووە لە گرنگترین ڕێگەکانی سەرگەرمکردنی ژنان و دەتوانین بڵێین تەنیا ئازادیی ژنانی ئەم قۆناغە بەشداریکردن بووە لە کۆڕەکانی ماتەمینی و پرسە مەزهەبییەکاندا. بەهۆی کەشی زاڵی لاساییکردنەوەیشەوە، بەشێك لە شیننامەکانی ژنان تەنیا دەکەوێتە چوارچێوەی شینگێڕی مەزهەبییەوە و شیعرێکە، کە بەزۆری بەتاڵە لە هەست و سۆز ڕاستەقینە و زیاتر

لاسـاییکردنەوەیەکی کرچ و کاڵی شـیعری پیاوانی بەر لە خۆیانە. بەم هۆیەشـەوە شـیننامەکانیشـیان لەژێر سـێبەری شـینگێڕیی پیاواندایە و بەتاڵە لە هەستی لاواندنەوەی ژنانە.

خـاڵێکی گرنـگ و جێ سـەرنج لێرەدا، بـەپێی ئـەو سـەرچاوانەی، کە ئێمە دەسـتمان پێیان گەیشـتووە، جگە لە مەسـتورە و سـوڵتان خانمی خوشـکی خەسرەوخان، هیچ شاعیرێکی تری ژن، شیننامەی کەسیی ژنانەی لەبەردەست نییە، چونکە ئەوەی لە مێژووی ئەدەبیاتەکان و تەزکەرەکاندا بەرچاو دەکەوێ لە چەند بەیتێك تێناپەڕێ یاخود ئەوەی کە هەیە تەنیا لە جۆری شـیننامەی مەزهەبی و لە شـینی شـازادەکاندایە، لەکاتێکدا لە شیعری عەرەبیدا خەنسا و لە کوردیشدا مەستورە بە خاوەنی پڕهەسترین شیعری شیوەن بۆ پیاوان دەژمێردرێن.

مەسـتورە، وەك ژنە میر و شـاعیرێکی خاوەن تایبەتمەندی ئەشرافی، تەنیا ژنێکی ئەم قۆناغەیە، کە بەشـێك لە شـیعرە فارسـییەکانی تایبەتە بە شـینگێڕی خێزانی و تا ڕادەیەك تێکڕای شـیعرە کوردییەکانیشی ــ لەشـیوەنی مێردەکەی و خوشـکی مێردەکەی و هەنەزاکەیدایە و پڕە لە هەسـتی ناسـکی ژنانە بەرامبەر بە خۆشـەویسـت و کەسـە نزیکەکانی. کەشی شـینگێڕی کوردییانە، لە شـیننامەکانی مەسـتورەدا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە و سـوودێکی زۆری لە ڕیتم و مۆسـیقای لاوانەوەی خۆماڵی وەرگرتووە. شـین و لاوانەوەی کوردی هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە لە هەڵکەوتەی جوگرافی و باری کۆمەڵایەتی و بیروڕای ئایینییەوە سەرچاوەیان گرتووە، بۆ نموونە وەك وەسفکردنی سروشتی کوردستان و بێبەشیی مردووەکە لەم سروشتە، بەکارهێنانی مێتافۆر بە شێوەیەکی بەرفراوان، ناوهێنانی مردو لەگەڵ کەرەسـتەی ماڵدا، قسـەکردن بە زمانی مردووەکەوە لەگەڵ شینگێڕەکاندا، سەرکۆنەکردنی فەلەك و گەردون و گلەیی لە چارەنووس و بەخت، شـانازیکردن بە کەرەسـتە و ماڵ و پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسـەکەوە. ئەم

تایبەتمەندییانە ئامادەیەکی هەمیشـــەییان لەناو "مور" "چەمەری" و "هۆرە" و ئاوازەکانی لاواندنەوەی کوردیدا هەیە، کە دەتوانین بڵێین ئەم ئاوازە فۆلکلۆرییە خەمبارانە بەشـێوەیەکی زۆر بەرچاو لە شـیعری مەسـتورەدا ڕەنگیان داوەتەوە و یەکێك بوون لە سەرچاوەکانی خەیاڵی شیننامەکانی مەستورە.

لەلایەکی ترەوە تێڕوانینی نەرێنییانە بۆ ژن، یەکێکە لەو کاریگەرییانەی کە نەریتی عەرەب لە سـەر تەواوی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات بە گشـتی و خێڵی کورد بە تایبەتی هەیبووە. واتە ترادیسـیۆنی خێڵەکییانەی عەرەب کاریگەری لە سـەر کورد هەبووە و لەم ڕووەشـــەوە کردەی خۆڕنینەوە و شـــینی خێڵەکییانە و بەکاربردنی تایبەتمەندییەکی زۆری شـــیعری بەر لە ئیســـلام لەلای مەســـتورە، دەکرێ لە مێناتلیتێی خێڵی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتبێ.

# بیبلیۆگرافی

## لەبارەی مەستورەوە:

- ابوالقاسم رادفر. "مستوره کردستانی مهین بانوی شعر و هنر و عرفان"، نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی، دانشگاه شهید باهنر کرمان، دوره جدید، شماره 12، زمستان 1381
- ایوب گازرانی. *مستوره اردلان: زندگی و معرفی آثار*، اربیل: آراس، 2005
- پەرویز جیهانی. "تەلمیح ل دیوانا مەستوره ئەردەڵانیدە"، لە: بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان، هەولێر، ئاراس، 2005
- حکیم ملاصالح. "تولد یك روح"، ترجمه محمد رؤوف مرادی. لە 2011/1/16/1389/10/26 بڵاوکراوەتەوە لە سەر ماڵپەڕی: http://farsiadabiat.blogfa.com/post-8.aspx
- *دیوان اشعار مستوره کردستانی "ماه شرف خانم"* ، احمد کرمی، تهران: سلسله نشریات "ما"، 1362
- *دیوان ماه شرف خانم کردستانی متخلصه به مستوره*، به مساعی آقای حاجی شیخ یحیی معرفت رئیس معارف کردستان، تهران: مطبعه شوروی، 1304

- *دیوان مستوره*. مقابله و تصحیح ماجد مردوخ روحانی، اربیل: آراس، 2005
- *دیوان والیه و والی و بساط و نشاط*، مقدمه و تحشیه و مقابله یدالله روشن اردلان، تهران: توکلی، 1386
- *دیوانی مەستورە، ماهشەرەفاخانمی ئەردەڵانی، خەنسای کورد*، لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی، هەولێر: ئاراس، 2011
- *دیوانی مەستوورەی کوردستانی*، ویراسته صدیق صفی‌زاده (بورەکەیی)، بانه کردستان: انتشارات ناجی، 1374
- کامبیز کەریمی."لە غوربەتی ئەمارەتی ئەردەڵاندا مەستوورە بە تەنیا میلەتێ بوو"، لە:*بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد*، هەولێر: ئاراس، 2005
- کیومرث فلاحی. "بررسی تطبیقی غزلیات مستوره اردلان با حافظ شیرازی"، *رشد آموزش زبان و ادب فارسی*، شماره 87، 1387
- لەیلا ساڵحی. "مێژوونووسی و مێژووڕانی لای مەستوورە" لە: *بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد*، هەولێر: ئاراس، 2005.

– ماجدی مەردۆخ ڕۆحانی. "بنەماڵەی مەستوورە و چاوێك لە کەسایەتیی خۆی"، لە: *بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد*، ئاراس: هەولێر، 2006

– محەمەد ڕەئوف محەمەدی. "ناسینەوەی ژیانی مەستوورەی ئەردەڵان" لە: *بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد*، هەولێر، ئاراس، 2005

– محەمەد کەمانگەر. "چەند نوکتەیەك لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مەستوورەی کوردستانی" لە: *بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد*، هەولێر: ئاراس، 2005

– مستوره اردلان.*شرعیات*، ویرایش و تصحیح جمال احمدی آیین، مقدمە و حواشی نوید نقشبندی، اربیل: آراس، 2005[1]

– مستوره اردلان، تاریخ الاکراد، باموخره میرزا علی اکبر وقایع نگار، ویرایش جمال احمدی آیین، اربیل: آراس، 2005

– مەریەم قازی. "شیعری مەستورە"، لە: *بیرئانینی مەستوورەی ئەردەڵان شاعیر و مێژوونووسی ناوداری کورد*، کۆمەڵە وتار، هەولێر، ئاراس، 2005

– مەســـتورەی کوردســـتانی. مێژووی ئەردەڵان، هەژاری موکریانی لەگەڵ سەرچاوەگەلێکی تردا لەبەر یەکی گرتوون و کردوونی بە کوردی، هەولێر: ئاراس، 2002

## کوردی:

– بابە شـێخ مردۆخ ڕۆحانی. *مێژووی ناودارارنی کورد*، وەرگێڕانی ماجد مەردۆخ ڕۆحانی، هەولێر: ئەکادیمیای کوردی، 2011

– عەزیزگەردی. *کێشی شیعری کلاسیکی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەروزی عەرەبی و کێشی شیعری فارسیدا*، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشنبیری، 1999

– فەرهاد پیربال. *مێژووی گۆرانی و مۆسیقای کوردی*، هەولێر: ئاراس، 2010

– شوکریە ڕەسوڵ. *ڕێورەسمی شین و لاوانەوەی کوردی*،هەولێر. سۆران، 1997

– فاضل نظام الدین. *فەرهەنگی شیرین*، سلێمانی: سۆران، 2004

– ك. ف. چیتۆڤ. *لاوانەوە*. لینینگراد، 1960، ل10 (بە زمانی ڕوسی) لەڕێگەی: شوکریە ڕەسوڵ. *ڕێورەسمی شین و لاوانەوەی کوردی*،هەولێر. سۆران، 1997

– گیو موکریانی. *فەرهەنگی کوردستان*، هەولێر: ئاراس، 1999

– مارف خەزنەدار. *مێژووی ئەدەبی کوردی*، هەولێر: ئاراس، 2002، بەرگی2

– محەمەد فەریق حەسەن. مێنتەلێتیی خێڵ، هەولێر: ئاراس، 2008

– محەمەد حەمەباقی. محەمەد، *مێژووی مۆسیقای کوردی*، هەولێر: ئاراس، 2002

– موحەمەد مەردۆخ کوردستانی. *فەرهەنگی مەردۆخ*، کوردی، فارسی و عەربی، بەرگی یەکەم، سنندج: پرتوبیان، 1385

– هەژار، *هەنبانە بۆرینە*، فرهنگ کردی ـــ فارسی، تهران: سروش، 1381

– هێمن عومەر خۆشناو. "شیعری شیوەن لە ئەدەبی کوردیدا"، لە 2011/8/25 بڵاو کراوەتەوە لە ماڵپەڕی:http://www.dengekan.info

**فارسی:**

– ابو نصر. عضد قاجار. *بازنگری در تاریخ قاجاریه و روزگار آنان*، تهران: دنیای کتاب، 1376

- احمد صـدر حاج سـید جوادی و دیگران، دایره المعارف تشیع، ذیل مقاله "تعزیه"، تهران: 1369
- احمد کاظمی موسـوی. "مسـکوب در سـوگ سـیاوش"، *ایراننامه*، سال بیست و دوم، شماره 4-3، 1384، نسخه الـــــکـــــترونــــــیـــــکی: http://fis-iran.org/fa/irannameh/volxxii/meskoob-syavosh-elegy
- احمـد گلچین معـانی.*تـاریخ تـذکرەهـای فـارسی*، تهران: سنایی، 1363
- احمد گلچین معانی.*مکتب وقوع در شعر فارسی*، مشـهد: انتشارات دانشگاه فردوسی، 1374
- احمد میرزا عضـــد الدوله، *تاریخ عضـــدی*، کرج: سرو، 1354
- ادوارد براون، *تاریخ ادبیات ایران از آغاز عهد صـفویه تا زمان حاضر*، ترجمه رشـــید یاســـمی، تهران: ابن ســـینا، 1345، ج4
- اقبال قاســمی پویا. *مدارس جدید در دوره قاجاریه بانیان و پیشروان*، تهران: مرکز نشر دانشگاهی، 1377

- اکبر شاملو؛ کاظم دزفولیان. "بازگشت ادبی و مختصات زبانی شـــعر آن دوره"، *تاریخ ادبیات فارسی*، شــماره 3، 1359
- اوســتن هنری لایارد. *ســفرنامه لایارد یا نبرد محمد تقی خان بختیاری با حکومت قاجار*، ترجمه مهراب امیری، تهران: انزان، 1367
- ایزابلا بیشــوب. *از بیســتون تا زردکوه بختیاری*، ترجمه مهراب امیری، تهران: انزان، 1375
- بـدرالملوک بـامـداد. *زن ایرانی از انقلاب مشرــوطـه تـا انقلاب سفید*، تهران: ابن سینا، 1347
- بشرا دلریش. *زن در دوره‌ی قاجار*، تهران: دفتر مطالعات دینی سازمان تبلیغات اسلامی، 1375
- بنفشــه حجازی.*تذکره اندرونی*، تهران: قصــیده‌سرا، 1382
- بهزاد کشـــاورزی. *تشــیع و قـدرت در ایران*، پـاریس: انتشارات خاوران، 1379
- پوران فرخزاد. *نیمه‌های ناتمام: ســیری در شــعر زنان از رابعه تا فروغ*، تهران: تندیس، 1380
- پولاك. *ســفرنـامـه پولاك(ایران و ایرانیـان)*، ترجمـه کیکاووس جهانداری: تهران: انتشارات خوارزمی، 1361

- *تاج السلطنه. خاطرات تاج السلطنه*، به کوشش منصوره اتحادیه، تهران: نشر تاریخ ایران، 1371
- جهانگیر نصری اشرفی. *نمایش و موسیقی در ایران*، تهران: ارون، 1383
- حسن انوری. *فرهنگ بزرگ سخن*، تهران: سخن، 1381، دورەی 8 جلدی، جلد3
- حسن مشحون. *موسیقی مذهبی ایران*، تهران: سازمان جشن و هنر، 1350
- حسین احمدی. "کوشش مسیونرهایآمریکایی برای جذب نسطوریها (از محمد شاه تا اوایل سلطنت ناصرالدین شاه)"، *پژوهشنامەی تاریخ*، شماره 11، 1387
- خسرو معتضد؛ نیلوفر کسری. *سیاست و حرمسرا: زن در عصر قاجار*، تهران: علمی، 1379
- ذبیح الله صفا. *تاریخ ادبیات در ایران*، تهران: فردوس، 1369، جلد5، بخش2.
- رضا ایراندوست تبریزی."مقایسه مراثی خاقانی و هوگو در سوگ فرزندانشان"، *نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی*، شماره 135-136، 1389

- رضا رمضان نرگسی. "تأثیر مذهب تشیع بر هویت زن ایرانی"، *فصلنامه بانوان شیعه*، سال اول، شماره 1، پاییز 1383
- رضا رمضان نرگسی. "سیر تجددزدگی نظام آموزشی در ایران معاصر"، *معارف*، 1388، شماره 86
- رضا رمضان نرگسی. "عزاداری در عصر قاجار"، نشریه *تاریخ در آینه پژوهش*، شماره 9، بهار 1385 صص90.53
- رضا قلیخان بن محمد هادی هدایت. *مجمع الفصحاء*، به کوشش مصفا مظاهر، تهران: امیر کبیر، 1382، ج4
- زین العابدین مؤتمن. *شعر و ادب فارسی*، تهران: پژوهش، 1332
- ژوآنس فووریه. *سه سال در دربار ایران*، ترجمه عباس اقبال، تهران: دنیای کتاب، 1365
- سرجان ملکم. *تاریخ ایران*، ترجمه میرزا اسماعیل حیرت، تهران: یساولی (فرهنگ‌سرا)، 1362، ج7
- سهیلا فارسانی. *اسنادی از مدارس دختران از مشروطه تا پهلوی*، تهران: سازمان اسناد ملی ایران، 1378
- سوزن مك الرون. "زنان عصر قاجار در عرصه‌ی اجتماع: مروری بر پس زمینه‌های فعالیت‌های سیاسی و اجتماعی

زنان ایران"، *ایران‌نامه*، شماره 3ـ4، 1386، نسخەی اینترنتی، بەروز شده در تاریخ 2008/11/9، در سایت بنیاد مطالعات ایران: http://fis-iran.org/fa/irannameh/volxxiii/qajar-women

– سید احمد دیوانبیگی شیرازی. *حدیقة الشعراء*، تحقیق عبدالحسین نوایی، تهران: زرین، 3 جلد، 1364

– سید حسن امین. "بینش فلسفی ناصر خسرو قبادیانی"، *نگین*، شماره 133

– سید سیامك موسوی. *سوگ‌سرایی و سوگ‌خوانی در لرستان*، خرم آباد: افلاك، 1380

– سید مرتضی۔ سید خاوری لنگرودی."ارتباط مذهب و موسیقی سنتی در ایران"، *ادبستان*، شماره 41، 1372

– سیروس شمیسا. *انواع ادبی*، ویرایش چهارم، تهران: نشر میترا، 1383

– شاهرخ مسکوب. *سوگ سیاوش*، چاپ سوم تهران: انتشارات خوارزمی، 1354

– شیرزاد طایفی. "بررسی نمودهای مذهبی در شعر عهد قاجار"، *مجله ادیان و عرفان*، شماره دوم، 1389

– صادق هدایت. *نوشته‌های پراکنده*، به کوشش حسن قائمیان، تهران: امیرکبیر، 1334

- صادق همایونی و محمود صباحی، "تعزیه"، دانشنامه جهان اسلام، تهران: بنیاد دایرة المعارف اسلامی، 1375. ج7
- صادق همایونی. *تعزیه در ایران*، تهران: انتشارات نوید،1368
- صفیه مرادخانی؛ پرستو قبادی اصل. "ابیات مور در ایل کاکاوند"، *فصلنامه فرهنگ مردم ایران*، شماره 18 و 19، 1388
- عباس پرویز. تاریخ دیالمه و غزنویان، تهران: علمی، 1336
- عباس خدوم جمیلی. *تعزیه در عراق و چند کشور اسلامی*، ترجمه‌ی مجید سرسنگی، تهران: فرهنگ و هنر، 1385
- عبدالحسین زرین کوب. *شعر بی دروغ شعر بی نقاب*، تهران: سازمان انتشارات جاویدان، 1363
- عبدالله بن محمد رونق. *تذکره حدیقه امان اللهی*، مصحح عبدالرسول خیامپور، تبریز: دانشگاه ادبیات تبریز، 1344
- علی اکبر مشیر سلیمی، *زنان سخنور*، تهران: موسسه مطبوعاتی علی اکبر علمی، 1335، دفتر اول

- علی بلوکباشی. *تعزیه خوانی در دوره فتحعلی شـــاه: نگاه جیمز موریه به تعزیه‌داری*، در *کتاب تعزیه و تئاتر در ایران*، به کوشـــش لاله تقیان، تهران: انتشـــارات نشرـــ مرکز،1374

- علی حصوری. *سیاوشان*، تهران: نشر چشمه، 1384

- غلامحسین یوسفی. *چشمه روشن (دیداری با شاعران)*، تهران: نشر علمی، 1388

- فاطمه مدرسی؛ نقی زرین‌تره. "موســیقی ســوگنامه‌ها"، *فصلنامه علامه*، شماره 6،1384

- فرشـته پناهی. *زن ایرانی در سـفرنامه‌ها*، تهران: جاجرمی، 1381، ص49

- فریدون آدمیت. *اندیشـه‌های میرزا آقاخانکرمانی*، تهران: پیام، 1363

- قیصرـ امین پور."راه بی بازگشـت"، *فصـلنامه هنر*، دوره جدید، شماره٣٤، 1376

- کامیار عابدی. *به‌رغم پنجره‌های بســته (شــعر معاصر زنان)*، تهران: نشر کتاب نادر، 1380

- کریسـتی آلیسـون. "حضـور زن در فرهنگ شـفاهی کرد"، ترجمـه فریـده فتـاحی قـاضی، نوســخـه‌ی الکترونیکی،

بڵاوکراوەتەوە لە 6 سێپتامبری 2012، لە ماڵپەڕی : http://boldketab.blogfa.com/post/41

- لاطف یوسف. "بررسی مقایسەای مرثیه امام حسین در دیوان محتشم کاشانی و شریف رضی"، *ادبیات تطبیقی*، شماره 11، 1388
- لیلا جعفری. "شکوائیه در شعر فارسی (از آغاز تا پایان قرن ششم)"، پایاننامه کارشناسی ارشد دانشگاه آزاد واحد سنندج، به سرستی دکتر قدمعلی سرامی، 1385
- مجتبی دماوندی. "نگاهی به مرثیەهای بانو والیەی قاجار"، در : *امام حسین در آینەی شعر و ادب*، تهران: مجمع جهانی اهل بیت، 1381، جلد12.
- محمد الوانساز خویی. "حیران خانم دنبلی خویی، شاعر سده سیزدهم"، پیام زنان، شماره 163، 1384
- محمد امین ریاحی. *کسایي مروزی (زندگی، اندیشه و شعر او)*، تهران: علمی، 1389
- محمد تقی بهار. *بهار و ادب فارسی*، به کوشش محمد گلبن، تهران: امیر کبیر، 1351، جلد اول
- محمد جعفر محجوب. *سبك خراسانی در شعر فارسی*، تهران: انتشارات دانشسرای عالی، 1350

- محمد جعفر یاحقی. "بث الشـکوی"، *دانشـنامه زبان و ادب فارسی*، به سرپرسـتی اسـماعیل سـعادت، تهران: فرهنگستان زبان و ادب فارسی، 1384
- محمد جعفر یاحقی.*فرهنگ اسـاطیر و داسـتان‌واره‌ها* ، تهران: فرهنگ معاصر، 1386
- محمد حسـن خان اعتماد السـلطنه. *خیرات حسـان*، تهران: ب.ن، 1304ـــ1305، چاپ سـنگی دوره‌ی سـه جلدی
- محمد شـمس لنگرودی. مکتب *بازگشـت (بررسی شـعر دوره‌های افشـاریه، زندیه، قاجاریه)* ، تهران: مؤلف، 1372
- محمد غلامرضایی. *سبک‌شناسی شعر پارسی از رودکی تا شاملو*، تهران: انتشارات جامی، 1377
- محمد غلامرضـایی. *گزیده اشـعار ناصرخسرـو*، تهران: انتشارات جامی، چ اول، 1375
- محمد محمدی ری شـهری. *فرهنگ‌نامه مرثیه‌سرایی و عزاداری سـید الشـهداء علیه سـلام*، قم: دار الحدیث، 1387، ج 1
- محمد مردوخ کردسـتانی. *تاریخ مردوخ*، تهران: نشرـ کارنگ، 1379

- محمدرضا شفیعی کدکنی. *صور خیال در شعر فارسی*، تهران: انتشارات آگاه، چاپ نهم، 1383.
- محمدرضا نصیری ونادره جلالی."تذکره نقل مجلس"، *تاریخ*، دوره‌ی جدید سال سوم، ضمیمه پنجم، 1384.
- محمود آبدانان مهدیزاده ؛ مجتبی بهروزی. "شکلگیری مرثیه در عصر جاهلی و آغاز دوره اسلامی"، *نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تبریز*، شماره 201، 1386
- محمود آبدانان مهدیزاده ؛مجتبی بهروزی. "نگرش تطبیقی مرثیه‌سرایی عصر جاهلی و صدر اسلام"، *نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی* (باهنر کرمان)، شماره 22، 1386
- محمود طاهر احمدی."تشکل‌های مذهبی: مجالس روضه‌خوانی به روایت تاج واعظ"، *فصلنامه‌ی تاریخ اسلام*دانشگاه باقر العلوم، شماره 8، 1380
- محمود کاشغری، *دیوان لغات الترك*، به نقل از علی حصوری. *سیاوشان*. تهران: نشر چشمه، 1378
- مختار ابراهیمی. "تحقیقی در شعر بازگشت ادبی و مقایسه آن با شعر خاقانی و حافظ"، *نشریه دانشکده ادبیات و علوم انسانی*، شماره 15، بهار 1383

- مختار ابراهیمی."تحقیقی در صور خیال (شعر انجمن) دوره بازگشت ادبی"، *فصلنامه دانشکده علوم انسانی* دانشگاه سمنان، شماره 6، زمستان 1382
- مختار ابراهیمی. *شعر رندانه*، اصفهان: ناشر مولانا، 1378
- مرتضی راوندی.*تاریخ اجتماعی ایران*، تهران: امیر کبیر، 1357، ج3
- مستوفی عبدالله.*شرح زندگانی من، تاریخ اجتماعی و اداری دوره قاجار*، تهران: زوار، 1343، ج1
- مصطفی اجتهادی. *دایرةالمعارف زن ایرانی*، تهران: بنیاد دانشنامه بزرگ فارسی، 1382، ج2
- ملك كتاب شیرازی. تذكرة الخواتین، مومبای: ب.ن، 1306
- منصور رستگار فسایی. *انواع شعر فارسی*، تهران: انتشارات نوید، 1373
- منصوره اتحادیه.*زنانی که زیر مقنعه کلاهداری کردند*، تهران: نشر تاریخ ایران، 1388
- مهدی اخوان ثالث."نیما مردی بود مردستان"، *اندیشه و هنر*، دوره دوم، 1336، شماره 9، 1339

- مهدی ستایشگر. *واژه‌نامه موسیقی ایران زمین*، تهران: اطلاعات، 1381، ج1
- موسی پرنیان. *فرهنگ عامه کرد*، کرمانشاه: چشمه هنر و دانش، 1380
- مونس الدوله، *خاطرات مونس الدوله ندیمه حرامسرای ناصرالدین شاه*، به کوشش سیروس سعدوندیان، تهران: زرین، 1380
- میرزا شکرالله سنندجی، تحفه ناصری، مقابله و تصحیح و حواشی و تعلیقات دکتر حشمت الله طبیبی، تهران: امیر کبیر، 1366
- میرزا عبدالله سنندجی، *حدیقه امان اللهی*، تصحیح و تحشیه ع. خیامپور، تبریز: موسسه تاریخ و فرهنگ ایران، 1344
- میمنت میرصادقی. *واژه‌نامه هنر شاعری*، تهران: نشر مهناز، 1377
- مینوی خرد، ترجمه احمد تفضلی، توس، 1364، بند 7، پرسش 17-21
- ناصر محسنی نیا ؛ آرزو پوریزدان پناه کرمانی. "مرثیه‌سرایی در ادب فارسی و عربی با تکیه بر مقایسه

مرثیه ابوالحسن تهامی و مرثیه خاقانی شروانی"، *فصلنامه ادبیات تطبیقی*، 1387، شماره 8

- نصرالله امامی. *مرثیه‌سرایی در ادبیات فارسی ایران*، تهران: دفتر مرکز جهاد دانشگاهی، 1369
- هنری پاتینجر. *سفرنامه پاتینجر*، ترجمه شاهپور گودرزی، تهران: دهخدا، 1384
- هنری موزر. *سفرنامه ترکستان و ایران*، ترجمه‌ی علی مترجم، تهران: سحر، 1356
- هومن عباسپور. "بث الشکوی"، *فرهنگنامه ادب فارسی*، به سرپرستی حسن انوشه، ج2، تهران: سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، 1376
- یحیی آرین پور. *از صبا تا نیما*، تهران: شرکت سهامی کتابهای جیبی، 1355، ج1
- یراوند آبراهامیان. *تاریخ ایران مدرن*، ترجمه محمد ابراهیم فتاحی، تهران: نشر نی، 1389
- الیز ساناساریان. *جنبش حقوق زنان در ایران: طغیان، افول و سرکوب از 1280 تا انقلاب 1357*، تهران: نشر اختران، 1384، ج اول

**عەرەبی:**


- ابن رشـيق القيرواني. *العمدة في محاسـن الشـعر وآدابه*، تحقيق محمد محی الدين عبدالحميد، الطبعة الثانية، قاهرة: دار المعارف، 1967، جلدين
- ابن منظور.*لســـان العرب*، بيروت: دار احيـاء التراث العربي، 1996، ج5، مادة "رثی".
- اميل ناصـيف. *اروع ما قيل في الرثاء*، بيروت: دار الجيل، بدون سنة الطبع
- حنا الفاخوري. *الجامع في التاريخ الأدب العربيـــ الأدب القديم*، بيروت: دار الجيب، 1986
- ديوان الخنســاء، اعتنی به وشرحه حمدو طماس، لبنان: دار المعرفة، الطبعة الثانية، 2004
- ديوان حـاتم الطائي، شرح أبي صـــالح بن مدرك الطائي، قدم له ووضـع هوامشـــه وفهارســه حنا نصرـ الحتی، بيروت: دار الكتاب العربي، 1994
- شـــوقی ضــيف.*الرثاء*، القـاهرة:دار المعـارف، الطبعـة الرابعة، 1987
- عادل جاســم البياتی. "رثاء الأبطال فی الأدب العربي قبل الاســلام"، *مجلــة آداب المســتنصرــية*، جـامعـة المستنصرية، كلية الأداب، عدد 6، 1982

- عبدالرحمن اسماعيل السماعيل.*رثاء الزوجات في العصرين الأموي والعباسي*، مجلة جامعة الملك سعود، الآداب 2، مجلد12، 1420
- عبدالرحمن الجزيري. *الفقه على المذاهب الأربعة*، استانبول: حقيقه، 2000، ج3
- علي الزبيدى. "المسرحية العربية في العراق"، *الأقلام*، العدد 5، بغداد، 1965
- مظفر عبدالستار غانم.*الرثاء فى الشعر العربي العباسي الأول*، رسالة ماجستير، جامعة البصرة، كلية الآداب، 1984
- نورى حمودى القيسى. "الخنساء، ظاهرة فنية جديدة في الشعر"، *مجلة آداب المستنصرية*، العدد الأول، السنه الاولى، بغداد، 1976.

## ئینگلیزی:

– Afsaneh Najmabadi, *The Story of the Doughters of Quchan: Gender and National Memory in Iranian History* (Syracuse, NY: Syracuse University Press, 1998

– http://www.iranicaonline,org/articles/elegyOriginally Published: December 15, 1998. Last Updated: December 13, 2011.This article is available in print.Vol. VIII, Fasc. 4, pp. 255-357

– K. Amīrī Fīrūzkūhī, "ʿĀŠEQ EṢFAHĀNĪ," *Encyclopædia Iranica*, online edition, 2012, available at http://www.iranicaonline.org/articles/aseq-esfahani-aqa-mohammad-kayyat-or-in-one-account-mohammad-khan-a-persian-poet-of-the-12th-18th-century (accessed on 16 October 2012).

– Kamran Scot, Aghaie. *The Women of Karbala: Ritual Performance and Symbolic Discourses in Modern Shi'i Islam*, Austin: University of Texas Press, 2005

– Ta'ziye in Iraq and some islamic Countries (A Study on the Literary, Social and Political Values of Ta'ziye), Oxford Academy of Advanced Studies, 1999

## تورکی:

- شمس الدين سامی. قاموس ترکی. در سعادت استانبول: اقدام مطبعەسی، 1317
- محمد زهنی افندی. مشاهیر النساء، استانبول: دار الطباعه العامره، 1294-1295، ایکی جلددر.
- Ahmet Topal. « Klasik türk edebiyatinda muharrem ayi etrafinda yazilan şiirler », A. Ü. Türkiyat araştırmaları enstitüsü dergisi, sayi 35, erzurum 2007
- Bünyamin Çağlayan. *Kerbelâ Mersiyeleri*, Ankara: Güsbe (Yayımlanmamış Doktora Tezi), 1997